# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2016 - 2015

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد


2016

iDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# بێرتراند راسڵ

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێرانی: کۆمەڵێک نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (93)

# 100 کاتژمێر گفتوگۆ لەگەڵ راسڵ

**سازدانی: جیراڵد کالۆر (هەواڵنێری گۆڤاری «ریل» چاپی ئەمەریکا)**

**بۆ فارسی: م ئەفشین**

**لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن**

ئەو گفتوگۆیەی کە لێرەدا دەیخوێنیتەوە، بەرهەمی 100 کاتژمێر گفتوگۆی منە لەگەڵ بێرتراند راسڵ، فەیلەسوف و بیرمەندی گەورەی سەدەی ئێمە.

ئەو گفتوگۆیە چەند رۆژێک و بۆماوەی چەند کاتژمێرێک، بەوپەڕی گەرموگوڕی ئەنجامدراوە. لەم گفتوگۆیەدا نێکڕای مەسەلە جیهانیەکان بە تایبەتی ئەو مەسەلانە خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کە ئاشتی جیهانیان خستوەتە مەترسیەوە.

**جیراڵد کالۆر**

**یەکەم پرسیارم پەیوەندی بەدوا وتارتەوە هەیە، کە لە تایمزی لەندەنی دا بڵاوکراوەتەوە: تۆ لەو وتارەدا نوسیووتە: ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئێستای جیهان لەمەسەلە گرنگ و ژیاریەکاندا درێژە بە رێبازی خۆیان بدەن، درەنگ یان زوو دەبێت چاوەڕێ بین ،کە دێوی شەڕ بۆ سێیەمجار لە گۆشەیەکی جیهانەوە چ لە ئەفەریقیا، یان ئاسیا، یان ئەوروپا هەستێت، تەنانەت مێژووی خەملێندراو دیاریشیکردووە، واتە ساڵی 1970ی زایینی، پرسیارەکەم ئەوەیە ، بەبۆچوونی ئێوە لەئێستادا چ مەسەلەیەک ئاشتی جیهانی خستووەتە مەترسییەوە؟**

بەهەمانشێوە کە چەندینجار وتوومە، شەڕو ئاشتی لەچەمکدا بەتەواوی شیاوی گۆڕانن، واتە زوو شوێنی خۆیان دەدەنە ئەوی دی. تەنیا گەمژەیی

سیاسەتکارێکی گەورە بەسە کە، بڵێسەی شەڕ هەڵبگیرسێت، بەڵام مەسەلەی سیاسەتی ئەمەریکا لەڕۆژهەڵاتی دوور، ئەگەری زۆرە ئاشتی جیهان بخاتە مەترسییەوە. شەڕی ڤێتنام لە لوتکەی ئەو مەسەلەیەدایە.

**ئەگەر هاوڕابی، لەشەڕی ڤێتنامەوە دەستپێبکەین، چونکە لەهەموو بابەتێک زیاتر سەرنجی خەڵکی جیهانی ڕاکێشەوە؟**

زۆرباسی مەسەلەی ڤێتنام کراوە و هەرکەسێک کە بۆنی سیاسەتی لێبێت، لەوتنی ڕای خۆی لەبارەیەوە کەمتەرخەمی نەکردووە بەبێ ئەوەی کە حەقیقەتی مەسەلەی ڤێتنام و شەڕێک بەڕاستی ڕوونبکرێتەوە، کە ساڵانێکە لەم وڵاتەدا هەیە، هەربۆیە هەڵگیرسانی ئەو شەڕە و بەردەوامی بە نهێنی ماوەتەوە.

**مەبەستی منیش لەو پرسیارە، ئاڕاستەی واقیعی شەڕی ڤێتنام بوو؟**

ڤێتنام وڵاتێکی ئاسیای باشوری ڕۆژهەڵاتە. ساڵانێکە دنیای خۆرئاوا بێهودە هەوڵدەدات بە پێوەر و بنەماکانی شارستانیەتی خۆرئاوا دەسەڵات بەسەر خەڵکانێکدا بکات، کە خاوەنی ورەی خۆرهەڵاتی و نەریتی ئاییەتی خۆیانن. شەڕی ڤێتنام زیاتر لەوەی سیاسی بێت، ئایینیە. چوار ئاقمی ئایینی لە ڤێتنامدا هەیە: بودائیەکان، کاسۆلیکەکان، کایۆداکی، هواهایۆ. ناکۆکی ئایینی ئەو چوار گروپە لە ڕابردوویەکی دوور و کۆنی، مشتومڕی باکوری و باشوریەکانی هێناوەتەئارا. ئەو مشتومڕە ئەمڕۆ بەشێوازێکی دیکەیە.

لەبنچینەدا ئەو حکومەتانەی ڤێتنام، دەبنە سەرچاوەی کار، گروپێکی ناوبراو دەیپارێزن و گرووپەکانی دیکە لەسەر کار لادەبرێن.

**ئایا بەبۆچوونی ئێوە دژایەتی ئەو گروپانە، دەتوانێت ڕژێمی سایگۆن بڕوخێنێت؟**

پێموانیە بەتەنیایی سەرکەوێت، مەگەر بەشێک لە ژەنەراڵە ناڕازیەکان بچنە پاڵییان.

**بەڕای تۆ پاڵنەری سەرەکی خۆرئاوا لە دەستوەردانی لە ڤێتنام چی بووە کە کارەکەی گەیاندە ئێرە؟**

ئەواو ئاشکرایە، بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ئابوری پێی خۆرئاوای بۆ رۆژهەڵاتی دوور راکێشاوە، واتە شۆڕشی پیشەسازی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، ئاسیا و ئەفەریقیای کردە دوو بازاڕی سەرەکی بەکاربەر و ئامادەکەری مادەی خاوی پیشەسازی، ڤێتنامیش لەو شەڕ و کێشەیە، بووە پارویەکی گونجاو بۆ فەرەنسیەکان. فەرەنسیەکان بەبیانوی پاراستنی تاقمە ئایینیەکانی خۆی، چووە ناو خاکی ڤێتنامەوە و پاش ماوەیەکی کەم، ئەو وڵاتەیان کردە کۆڵۆنیال. بە کورتی دوای جەنگی جیهانی دووەم، شوێنەکەی خۆیان دایە ئەمەریکیەکان، چونکە ئەمەریکا بۆ چەوساندنەوەی خەڵکی ڤێتنام، خۆی لە فەرەنسیەکان بە شایستەتر دەزانی!

کەوایە پێتوایە ئەمەریکا هەر بۆ بەرژەوەندی ئابوری، خۆی تووشی ئەو سەرئێشە گەورەیە کردووە؟

بێگومان جگە لەوە پاڵنەرێکی دیکە نەبوو، بەڵام بەڕووکەش سەرپۆش و ماسکی شەڕ لەگەڵ کۆمۆنیزم، لەژێرەوەی بوو. بەتایبەت کە ئەمەریکیەکان بە بنیادەمی خۆپەرست و خۆخواز دەزانم.

ئەو خەڵکە کە زیاتر لەهەر شتێک پشت بە سامانی خۆیان دەبەستن، پێیانوایە هەرچی بیانەوێت دەبێت بەدەستیبێنن.

ئەو خۆخوازیە بەشێوازی جۆراوجۆر دەبینرێت. بۆ وێنە ئەگەر تۆ مێتۆدی سیاسی مۆنرۆیە لەزەین بگری، دەبینی ئەمەریکییەکان باوەڕیانوایە کە ئەمەریکا ماڵی ئەمەریکییەکانە، چونکە بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی پێویست دەکات، بەڵام ئاسیا و ئەفەریقیا ماڵی ئاسیایی و ئەفەریقی نییە! ئاسیاو ئەفەریقیا سەربە خۆرئاوایە و خەڵکەکەی مافی خۆیانە سوود لە ئازادی و دیموکراسی وەربگرن!

ئەمەریکییەکان بەپاڵنەری ئابوری چوونە ناو ڤێتنامەوە. هەوڵیاندەدا بەهەر ڕێگایەک بێت سەربکەون. بەپێی دۆکیۆمێنت و بەڵگەی هەبوو لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، لە 87%ی خەرجی شەڕی (دین بین فۆ)یان دەدات. تەنانەت دالس چووە لەندەن و چاوی بە ئایدن کەوت، تا سەرنجی یاریدەدەرەکەی بۆ بە کاربردنی بۆمبی ئەتۆمی لە شەڕی (دین بین فۆ) رابکێشێت، واتە هێرۆشیمای دووەم بێنەدی.

**ئایا بەریتانیا بەو پێشنیازە رازی بوو؟**

بەمسۆگەری نا. بەریتانیەکان میللەتێکی بازرگان و مامەڵەچین، بەڵام هەرگیز خوی موحافزکاری خۆیان لەدەستنادەن. ئایدن بەموحافزکارترین پیاوی سیاسی بەریتانیا دادەنرێت.

**پێتانوایە دەستوەردانی ئەمەریکا لە ڤێتنام، کاریگەری بەسەر باشبوونی دۆخی ئابوری خەڵکانی ئەو وڵاتەوە هەبووە؟**

دەبێت دانی پێدابنێم، کە دەستوەردانی ئەمەریکا، نەک بارودۆخی ئابوری خەڵکی باشتر نەکرد، بەڵکو خراپی خراپتر کرد. جیهانگەڕانێک کە لە ڤێتنامی باشورەوە هاتوون، باسی بارودۆخی نەداری و بەدبەختی و داخ و رووژێنەری خەڵک دەکەن. تەنیا خاوەندارانی ڤێتنامی، ژیانێکی خۆشگوزەرانیان هەیە، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک بەدەست هەژاریەوە دەناڵێنن.

**جەنابی راسڵ دەتوانی نمونەیەک بێنییەوە؟**

و: ژیانی کۆمەڵانی خەڵک لەئاستێکی زۆر نزم دایە. بێکاری، هەژاری، گەندەڵی گاڵە دەکات، چونکە شەڕ ژیانی خەڵکی پەکخستووە. تەنانەت لە ڤێتنام دکتۆرێک نییە، خەڵک چارەسەر بکات. زۆرینەی دکتۆرەکانیان بردووەتە بەرەکانی شەڕ.

جیهانگەڕێکی بێگانە کە لە ڤێتنام گەڕابوەوە بۆی باسدەکردم ،کە سایگۆن بە تێکڕا هەزار دکتۆری هەیە و هەشت لەو دکتۆرانەیان بۆ بەرەی

شەڕ بردووە، دکتۆرە تازەکانیش پارەیەکی سەرسام هێنیان دەوێت. بۆ سکپڕیەکی ئاسایی نزیکەی هەزار دۆلاریان دەوێت.

لەهەمووی خراپتر ئاڵودەبوونی ژنانی ڤێتنامە، بەکاری دژە ئەخلاقی و سێکس. دەردێکە هەستیارانە مرۆڤ خەمبار دەکات. تۆ کاتێک روخساری ڤێتنامیەک دەبینی، لەخۆڕا خەمبار دەبیت. خەڵکی کزو رەقەڵە، هەژاری روخسارییانی داگرتووە. دیتنی ئەو بنیادەمانە، هەستیارانە دڵی مرۆڤ رادەچڵەکێنێت.

**لەسەر بۆردومانکردنی ڤێتنامی باکور دەڵێی چی؟ ئایا ئەو بۆردوومانکردنە، دەتوانێت چارەنووسی شەڕ بگۆڕێت؟**

بەڕای من بۆردومانکردنی ڤێتنامی باکور، گەورەترین هەڵەی سیاسی جۆنسۆن بوو، چونکە ئەگەر ئەوکارە، تەنانەت سەدەیەک بەردەوام بێت، ناتوانێت تای تەرازوو لەبەرژەوەندی ئەمەریکا لار بکات، وروژاندنی رای گشتی خەڵکی جیهان دژی ئەمەریکا، تاکە دەرئەنجامی ئەو هەنگاوە بوو. لە دنیای گەورەی ئێمەدا هەمیشە رای گشتی لایەنی لاواز دەگرێت نەک بەهێز. تەنانەت ئەگەر هەنگاوی بەهێز، لە سەر هەق بێت.

زۆرجار لەخۆم پرسیووە، چۆن ئەمەریکیەکان میللەتێکی سڤیل دەکوژن، کە بانگەشەی مرۆڤ دۆستی و ئازادیخوازیان گوێی دنیای کەڕ کردووە، تەنانەت وێناکردنی ئەو بابەتە بۆ من سەختە، کە مرۆڤ مێروولەیەک لەبن لاقەکانی بپلیشێنێتەوە. چ بگات بەوەی مانگانە ملیۆنان تەن بۆمبی بەسەر ڤێتنامی باکوردا هەڵڕشتووە، کارگە، نەخۆشخانە، قوتابخانە، سەدان ناوەندی مەدەنیانی بۆردوومان دەکات، ئەوکارە بە جۆرێک تاوانی شەڕە. گەندەڵی لە دەزگاکانی حکومەت لەهەموو شتێک زیاتر بەرچاو دەکەوێت. ساڵانە ملیۆنان دۆلار هاوردەی ڤێتنام دەکرێت، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک پشکێکییان بەرناکەوێت. ئەو پارەیە لە باڕەکان و کافتریاکان خەرج دەکرێت.

ڕەنگە زۆر جێگای داخ بێت، کە خەڵک تەنیا بۆ خواردنی ڕۆژانە برنجییان هەیە، نرخی کوپێک چا تا سەد ریاڵ و بتڵێک خواردنەوەی خۆماڵی تا پەنجا ریاڵە. نرخی کرێ خانوش فڕیووە.

ڕەفتار لەگەڵ دیلەکانی شەڕ، بڕیارە راشکاوەکانی پەیمان نامەی جنێڤ (1949) پێشێلدەکات. ئەوان دیلەکانی ویت کنگ گوللەباران دەکەن، بەڵام کە لەهانۆی دەیانەوێت چەند فڕۆکەوانێکی ئەمەریکی دادگایی بکەن، سەنای ئەمەریکا هەڕەشە دەکات کە ڤێتنامی باکور لەگەڵ خاک تەختدەکات. ئایا ئەوە ئەوپەڕی خۆپەرستی نییە؟ بەم حاڵەش ڤێتنامی باکور بەباشی ڕەفتار لەگەڵ دیلە ئەمەریکیەکان دەکات، تەنانەت پێشینەی نییە یەکێکییانی گوللەباران کردبێت، ڕۆژنامەی «نیۆیۆرک تایمز» پێش ماوەیەک بە راشکاوی ئەو بابەتەی نوسی کە بۆ چەندین جار کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سور لە جنێڤ سکاڵای تۆمارکردووە، کە ئەمەریکیەکان، خراپ هەڵسوکەوت لەگەڵ دیلەکانی ویت کۆنگ دەکەن و بڕیارەکانی پەیماننامەی 1949یان پێشێلکردووە.

پێموایە بەرپرسیەتی شەڕی ڤێتنام لەسەرشانی ئەمەریکیەکانە، ئەوە دەزانن. تەنانەت پریزدنت جۆنسۆن بۆخۆی، کە ناوی ناوم «خەیاڵپلاوی گەورە».

**جەنابی راسڵ پێتوایە ئەمەریکا لە ڤێتنام بە ئامانجەکانی خۆی گەیشتووە؟**

ئەمەریکییەکان لە ڤێتنام ئامانجی جۆراوجۆریان هەیە. بەپلەی یەکەم بەگژداچوونەوەی کۆمۆنیزمە. بەگژداچوونەوەی کۆمۆنیزم دوای جەنگی دووەمی جیهانی شێوەیەکی دەسنیشان کراوی بەخۆوە گرتووە. بەتایبەت کە ئەمەریکا، چینیش دەستەوداوێنی روسیا بوو. پاش جەنگی دووەمی جیهان، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، زیاتر لەسەر ئەو مەسەلەیە دەخولایەوە و «درووستکردنی پشتێنەی بەرگر ی لە دەوری سنورەکانی چین» لەڕۆژهەڵاتی

دووربوو. هێنانە ئارای پەیمانی ئاسیای باشوری خۆرهەڵاتی هەربەو هۆیە بوو، ئەمەریکا هیوایەکی زۆری هەیە کە بە هاوکاری ئەندامانی ئەو پەیمانە لە شەڕی ڤێتنام سەرکەوێت. لەکاتێکدا هەموو ئەندامانی پەیمانەکە بەتەنیا بەجێیان هێشت.

**دەکرێت بفەرمووی بۆ؟**

زۆر ئاشکرایە. رەفتاری ئەمەریکا لەو شەڕەدا وڵاتانی ناوبراوی ناچارکرد، نەک هەر خۆ لە هاوکاری کردنی ئەمەریکا بەدووربگرن، بەڵکو بۆ ئەو دەوڵەتانە کۆسپ خستنە بەردەمی کاری دەنواند، تەنیا فلیپین و کۆریای باشور ژمارەیەکی کەمی هێزیان خستە بەردەست ئەمەریکا. بەم شێوەیە ئەمەریکا لە شەڕدا بەتەنێ مایەوە.

**ئایا ناکرێت هۆکاری دیکە هەبێت؟**

دیارە دەکرێت هۆکاری دیکە بژمێری، وەک نەیاری دەسەڵاتدارانی ئەوروپا، بەتایبەت دوگێڵ (ملبەملە) بە رەوشی سیاسی جۆنسۆن لە ڤێتنام: لاوازکردنی شەڕی سارد و پێشکەوتنی نێزی هاوژیانی ئاشتیانە، لە هەموی گرنگتر ئابوری شەڕی ڤێتنام، وای لە زۆرێک لە سیاسەتکارانی بەناوبانگی ئەمەریکا کـردووە، دژی جۆنسۆن بوەستنەوە، چونکە پێموایە بەڕاستی جێی داخە لە دنیایەک مانگانە بڕی (80) ملیۆن دۆلار بۆ شەڕی ڤێتنام خەرجدەکرێت، کە زۆربەی خەڵک لە هەژاریەکی رێژەیی بەهرەمەندن. ئەو پارەیە دەیتوانی کامەرانی کۆمەڵگە هەژارەکان بەتەواووی دابینبکات. لەهەمووی گرنگتر ژمـارەی کوژراوەکان و برینداراني شەڕەکە، دەگاتە ژمارەیەکی سەرسوڕهێن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا سەرکەوتنی بەنسیب نەبووە.

**لەڕاستیدا تۆ باوەڕت وایە کە ئەمەریکا ئاقیبەت لە شەڕی ڤێتنام شکستدەخوات و ناچارە رۆژێک هێزەکانی خۆی لە ڤێتنام بانگهێشت**

بکاتەوە؟

وەک مرۆڤێکی ئاشتیخواز، ئەو ئارەزووەم هەیە، بەڵام ئەوە تەنیا ئارەزویەک نییە. واقعیەتیش وای دەگێڕێتەوە. ئەمڕۆ تەنانەت بۆ خودی تۆ، ئەگەر باش بیربکەیەوە دەردەکەوێت، کە ئەمەریکا یارییەکەی لە ڤێتنام دۆڕاندووە و درەنگ یان زوو، دەبێت خاکی ئەو وڵاتە بەجێبێڵێت. لەکاتێکدا لەڕوانگەی هێزی سەربازییەوە بێکەموکوڕییە. ئەمڕۆ ئەمەریکیەکان نزیکەی پازدە هەزار سەربازیان بەهەموو کەلوپەلێکەوە لە ڤێتنامە و رۆژانە ژمارەیان زیاد دەکات، بەڵام گچکەترین پێشکەوتن بەدەستنایەت.

ساڵی 1954 کە رژێمی (نگۆدین دیم) دەسەڵاتی گرت بە دەستەوە، تا ئێستا ئەمەریکیەکان تەنیا توانیان ناوچەیەک داگیر بکەن ،کە لە رووی فراوانییەوە یەک بەرامبەر و نیوی نیۆیۆرک یان واشنتۆنە. بەشی گەورەی ڤێتنام بەدەست ویت کۆنگەکانەوەیە. لەکاتێکدا کە ژمارەیان لە سەد هەزار کەس تێ ناپەڕێت.

ئایا نابێت لەوبارەیەوە هاوکاریەکانی ڤێتنامی باکور و چین لەبەرچاو نەگری؟

چین تەنیا چەک و شارەزا دەدات نەک سەرباز. کۆی هێزەکانی ڤێتنامی باکور لە هێزەکانی ویت کۆنگەکان لە تیپێک زیاتر نییە. روسەکانیش لەو ناوەدا سیاسەتێکی دووفاقی یاریدەکەن.

**چۆن پاساو بۆ سەرنەکەوتنی ئەمەریکیەکان دەهێنییەوە؟**

هۆکاری رۆحی گەورەترین فاکتەری سەرنەکەوتنی ئەمەریکایە، کە کەمتر کەسێک سەرنجی لێداوە. بە وتەی ودتانت، سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، شەڕی ڤێتنام سەربەخۆخوازانەیە، نەک بەگژداچوونەوەی کۆمۆنیستی.

ڤێتنامی باشور وڵاتێک نییە خوازیاری کۆمۆنیست بوون بێت، بەڵام توانای بۆ بەگژداچونەوەی کۆمۆنیزم زۆرکەمە. لەوە گرنگتر ئەو خاڵەیە کە ویت کۆنگێک بە هەموو بوونیەوە شەڕدەکات، لە کاتێکدا کە سەربازێکی ئەمەریکی تەنیا ئەرک رادەپەڕێنێت. لەنێوان شەڕکردن بۆ سەربەخۆیی، لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەرکی سەربازی، جیاوازی ئاسمان و رێسمانە.

خەڵکی ڤێتنام جەنگاوەرانی بەناوبانگن، کە بەدرێژایی مێژووی خۆیان، هەمیشە داگیرکەرانیان وەدەرناوە. ئەوان لەڕوانگەی رۆحیەوە وریاو رام نەکراون، زۆر زوو فێری رێنماییە سەربازییەکان دەبن، تەنانەت تاکتیکی سەربازیان وەک بیستومە، چالاکی پەلاماردانی ئەمەریکا نەزۆک دەکات، ئەمریکیەکانیش بۆخۆیان دانیان بەو بابەتە داناوە، کە نەیانتوانیووە خەڵکی ڤێتنامی باشور وا لێ بکەن شێلگیرانە دژی باکور بجەنگن.

**لە بارەی تێکڕای هۆکارەکان دەڵێی چی؟**

ئەمڕۆ هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە خۆرئاوا هاوڕای ئەو شەڕە نین، تەنانەت لەناو ئەمەریکا هات و هاواری خەڵک بەرزبوەتەوە. زۆربوونی باجەکان و کێشەی سەربازگیری و هێرشی هەندێک لە رۆژنامەکان، بەباشی ئەو بابەتە پیشاندەدات. تەنانەت ژمارەیەک لە سیاسەتکاران گەشبینی ئەمەریکا وەک سیناتۆر مانسفێڵد، رۆبێرت کەنەدی و سیناتۆر فول برایت، ئەوکارە بەجۆرێک شێتی هەمیشەیی دەزانـن. تەنیا لە بەرامبەریاندا داروەدەستەی ئایزنهاوەر و نیکسۆن و گۆڵد واتەر و شەڕخوازەکانە، کە لایەنگری بەردەوامی شەڕن، لەکاتێکدا لە 35%ی خەڵکی ئەمەریکا لەگەڵ شەڕی ڤێتنامدان. نزیکەی دووسەد تا سێ سەد ئەنجومەنی بەگژداچوونەوەی شەڕی ڤێتنام لە ئەمەریکا چالاکی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا درێژە بە رێبازی خۆی دەدات.

**ئایا دەکرێت بـەردەوامـی ئەو ڕەوشـە جەنگی جیهانی سێیەمی لێبکەوێتەوە؟**

پێموایە وشەی «شەڕ» لەوجۆرە وشانەیە، کە دەبێت لە زیادەڕەویەکەی رابمێنیت. لەماوەی سەدەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەمیشە شەڕ هەبووە، بەڵام دووجار جەنگی جیهانی روویداوە.

ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لەوباوەڕەدان، کە شەڕی ڤێتنام بەرایی جەنگی سێیەمی جیهانە. بەڵگەی ئەو ژمارەیە تاسنورێک راستە. پێش هەڵگیرسانی شەڕێکی جیهانی قۆناغی جۆراوجۆر تێدەپەڕێنرێت و ئەو قۆناغانە مەیدانی شەڕ دەڕەخسێنێت. جەنگی یەکەمی جیهان، بەکوشتنی میراتگری پاشای نەمساو جەنگی دووەمـی جیهان بەپەلاماری ئەڵمانیا بۆسەر پۆڵەندا دەستیپێکرد، بەڵام ماوەیەک پێش کوشتنی جێنشینی پاشای نەمسا، بەرایی ئەو جەنگە (ئاشتی چەکدار )ی بەدیهێنابوو. قۆناغێک کە دەوڵەتان لە ناویدا هاوکات باسی ئاشتییان دەکرد، رۆژ بەڕۆژ خۆیان پڕچەکتر دەکرد، چونکە رووداني شەڕیان بە حەتمی دەزانی، پێش ساڵی 1939ش فەرەنساو بەریتانیا بەشیمانیەکی زۆر پێشبینی شەڕیان لەگەڵ ئەڵمانیای نازی دەکرد و پێشتر بڕیاری خۆیان دابوو.

**دوای کوشتنی جێگرەوەی پاشای نەمسا یان شاڵاوی ئەڵمانیا بۆسەر پۆڵەندا، بیانوویەک بوو بۆ دەسپێکی جەنگێکی جیهانی. ئێستا دەبێت بزانین مەسەلەی ڤێتنامیش قۆناغی جۆراوجۆری شەڕێکی بڕیووە یان نا ، کە جەنگێکی جیهانی لێبکەوێتەوە؟**

بەهەمانشێوە کە لە وتارەکەمدا لە تایمزی لەندەن نوسیوومە، شەڕی ڤێتنام جەنگێکی خۆماڵیەو نەگشتێندراوە، بەڵام ئەو ئەگەرە زۆر زۆرە کە بۆ جەنگێکی جیهانی بگۆڕێت، چونکە هەلومەرج بۆ ئەو کارە هاوکاردەبێت.

ئەمەریکاو چین بەکردەوە سەنگەریان لەیەکتری گرتووە. روسیا لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕ، بێگومان لایەنگیری ئەمەریکا ناکات. خۆرئاواش لەبەرامبەر مەترسی دەسەڵاتدارێتی چین بێدەنگ نابێت. تەنیا لەو ناوەدا دەوڵەتە بێلایەنەکان دەمێننەوە، کە بتەوێت و نەتەوێت دەچنە پاڵ یەکێک لەو دوو شەڕکەرانەوە.

**تۆ لەوباوەڕەدای ڤێتنام ئەوەندە بۆ چین گرنگە، کە پەنا بۆ شەڕ ببات؟**

هەمیشە چینیەکان ڤێتنامیان بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی گەورەی خۆیان داناوە، چونکە ڤێتنام چەندین سەدە لەژێر دەسەڵاتی چیندا بووە، پاشان توانی داگیرکەرانی چینی وەدەرنێت، بەڵام کاریگەری سیستەمی ئیداری و تێڕوانینی فەلسەفی چین لەڤێتنام ماوەتەوە و هێشتا هەیە.

ئەمڕۆ ڤێتنام لەڕوانگەی چینەوە دوو گرنگیەتی تێکڕایی هەیە. یەک دەستگەیشتن بەڤێتنام، واتە باڵادەستبوون بەسەر تەواوی ئاسیای باشوری خۆرهەڵات و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی یەکسان لەگەڵ روسیا لە کەمپی کۆمۆنیزم، دوو: ئابڕوبردنی ئەمەریکا لە ئاسیادا.

پێش ماوەیەک ماوتسی تۆنگ دەقـی بەڵگەنامەیەکی کۆنی بۆ بەناوبانگانی بێگانە خستەڕوو. ئەو بەڵگەنامەیە بەباشی پیشانیدەدات، کە چین بەنیازە ڤێتنام وەک حکومەتێکی بەرەو لاوازی بەر، درێژە بە دەوری خۆی بدات. لەو بەڵگەنامەیەدا نوسرابوو:

(ڤێتنام لە ساڵی 1882، بەبەشێک لە ئیمپراتۆریەتی چین ئەژمار دەکرێت... چونکە بوونی ڤێتنام بۆ پاراستنی دوو ویلایەتی (یۆن نان و کدانک) پێویست بەزەین دەگات... گەرچی ئەو وڵاتە کەوتوەتە دەرەوەی سنورەکەمانەوە، بەڵام ئێمە ئامادە نین بەهیچ نرخێک لەدەستی بدەین.)

ئەمڕۆ چین لەهەلومەرجێکدایە، کە ئاڕادەیەک ناچارە لەبەرامبەر ئەمەریکا پاشەکشە بکات، بەڵام بەیانی کە دەسەڵاتی چین لە روانگەی

ئەتۆمییەوە بگاتە ئاستی خۆرئاوا، ئەگەر لەو هەلومەرجەدا، شەڕی ڤێتنام بەردەوام بێت، بەمسۆگەری دەچێتە مەیدانی شەڕەوە.

لێرەدا بابەتێک بەمێشکمدا هات، کە ئایا شەڕی ڤێتنام درزێکی قوڵی نەخۆستوەتە نێوان روسیا و چینەوە، کە خۆرئاوا بتوانێت کەڵکی لێوەربگرێت؟

گومانێک لەو بابەتەدا نییە، کە شەڕی ڤێتنام جیاوازی بۆچوونی لەنێوان روسیاو چینی لێکەوتۆتەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی دوورکەوتنەوەی چین لە روسیا، لەمەسەلەیەکی دیکەدایە، کە تەنیا پەیوەندی بە ڤێتنامەوە نابێت.

**دەگونجێت روونی بکەیەوە کە ئەو مەسەلەیە چییە؟**

ئەو مەسەلەیە زیاتر لەسەر جیاوازی مەرام و ئایدۆلۆژی سەریهەڵداوە. ئەو جیاوازی مەرامیە بە هاتنەسەرکاری خرۆشۆف دەستی پێکرد و ئێستاش بەردەوامە. روسیای سەردەمی خرۆشۆف پێداچوونەوەی بە بنەما سەرەکیەکانی کۆمۆنیزمی بەچاوی خۆی دیتبوو. خرۆشۆف باوەڕیوابوو جگە لەشەڕ، دەتوانێت لەڕێگایەکی دیکەوە سەرکەوتنی کۆمۆنیزم بەسەر سەرمایەداریدا بەدەستبێنێت، واتە رێگای سازان و هاوژیانی لەگەڵ خۆرئاوا. لەکاتێکدا چینیەکان زیاتر لایەنگری بیردۆزەی ترۆتسکین لە شۆڕشی جیهانیدا. حەزدەکەن ئەو سەرکەوتنە بە شەڕو شۆڕش بەدەست بێت و ئامادەنین قۆناغە بەراییەکانی ببڕن. هەر بەو هۆیە بوو کە دەسەڵاتدارانی چین دوای رووخانی خرۆشۆف رایانگەیاند، کە تەنیا بە رادەسنکردنەوەی تەواوی پێداچوونەوەخوازان مەیسەرە.

**ئەو ناکۆکییە ئایدۆلۆژیە «مەرامی» لەکوێوە سەریهەڵدا؟**

دەبێت پاڵنەری سەرەکی ئەو ناکۆکییە، لەبارودۆخی ئابوری هەردوو وڵاتدا بدۆزیەوە. من جارێک چوومە روسیاو چین، تەنانەت کتێبێکیشم بەناوی

(مەسەلەی چین) نوسیووە، ژیانی خەڵکی هەردوو وڵات ڕێک خاڵی بەرامبەر یەکە. روسەکان کە بە تێپەڕاندنی دەورانی سەختی ئابوری حکومەت، بوونە خاوەنی ژیانێکی خۆش، وردە وردە حەزیان لێیە بەرەو سەرمایەداری بڕۆن، چونکە لەوباوەڕەدان کە تیۆری و بیروڕا ڕەنگی سەردەمی خۆی هەیە. لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی لەگەڵ خۆرئاوا وایکردووە، کە بازاڕی نوێ بەدەستبێنن، کە بۆخۆی هۆکاری نزیکی دوو سیستەمی سەرمایەداری و کۆمۆنیستییە.

دەشێت لەوبارەیەوە نمونەیەک بێنییەوە:

واژۆکردنی ڕێکەوتنێک لەگەڵ کۆمپانیای درووستکردنی ئوتومبێلی «فیات»ی ئیتالیا، دوا ئاستی نزیکی روسیابوو لە خۆرئاوا. بەپێی ئەو ڕێکەوتنە، کۆمپانیای ناوبراو لە روسیا ئوتومبێل درووست بکات. تا هەر تاکێکی روسیایی ببێتە خاوەنی سەیارەیەک.

بەپێچەوانەوە ڕۆژ بەڕۆژ چین زیاتر لە خۆرئاوا دووردەکەوێتەوە، چونکە لە قۆناغی بەرایی ئابوریە. هەروەک لەکتێبی (مەسەلەی چین) باسمکردووە، رۆژێک ئەو وڵاتەش مەیلی بەرە و سەرمایەداری دەچێت، کە ئابوری چین بگاتە دۆخی کامڵ.

لەگەڵ ئەوەشدا بیرهێنانەوەی ئەو خاڵە بەپێویست دەزانم، کە ناکۆکی ئایدۆلۆژی چین و روسیا تا ئەو ئاستە نییە، کە شەڕی نێوان دوو دەوڵەتی لێ بکەوێتەوە، چونکە هاوکات روسیا ترسی لە باڵادەستبوونی چین هەیە، بەهەمان رادە ئامادە نییە لەبەرامبەر خۆرئاوای سەرمایەداری تەماشای لاوازبوونی ئەوە بکات، بۆیە کە لەبەرامبەر پەلاماردانی توندی پەکین بێدەنگ دەبێت، هەروەها سەرۆکانی چینیش لەکاتی نەترسی ئامادە نییە شەڕ لەگەڵ هاوئایدۆلۆژیای بکات. بەتایبەت کە دەسەڵاتی سەربازی روسیا بە سەر چیندا زاڵە، تەنیا بەگردبوونەوەی پەلاماردانی باڵیۆزی روسیا

یان گردبوونەوەی سەرشەقام، هەوڵدەداتن پێگەی روسیا لە کەمپی کۆمۆنیزم دابەزێنێت.

ناکۆکی سنوری چین و روسیا، تاکە شتێکە کە دەشێت خۆرئاوا کەڵکی لێوەرگرێت. ئەو دوو وڵاتە لە قەراغ رووباری (ئامور) سەدان کیلۆمەتر سنوری هاوبەشیان هەیە، لەنەخشەی ئەم دواییە چین سیبریاو بەشێک لەتورکستانی روسیا بە بەشێک لە خاکی چین ئەژمارکراوە. روسەکانیش بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان، هێزی سەربازی زۆرتریان لە سنوری چین جێگیر کردووە.

ئەگەر قایل بی مەسەلەی چین وەک مەسەلەیەکی لاوەکی بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە، چونکە لەم دواییەدا وەرچەرخانی تازە لەوڵاتی بەرینی چین روویداوە. وەرچەرخانێک کە بە رادەیەکی زۆر بە رواڵەت بۆ خەڵکی جیهان بەچارەسەر نەکراوی ماوەتەوە.

**دیـارە مەبەستم گواستنەوەی دەسەڵاتە لە حزبەوە بۆ سووپاو سەرهەڵدانی گروپە ناسراوەکانە بە «گاردی سوور» کە رەفتاری سەیرو حەپەسێنەریان بەجۆرێک دنیای شێرزە کردووە؟**

چین وڵاتێکی کۆنی کیشوەری ئاسیایە. بە شارستانیەتێکی درەوشاوە و ناشایستە. پێتوایە ئەو رووداوە بەدرێژایی مێژوو رەنگی مەسەلەیەکی گەورەی نێونەتەوەیی داوەتە چین، کە لە سەدەی نۆزدە بە دواوە لەو وڵاتەدا روویدا. پاشماوەی ئەو رووداوە بە زیاتر گۆڕانی شێوازی گاردی سور دەرکەوت.

شۆڕشی تەکنەلۆژیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەی زایینی، خۆی لەخۆیدا ئیمپریالیزمی ئاشکرا کرد. بەهەمانشێوە کە سۆسیالیزمیش لە ناخی خۆیدا باریهێنا. دۆزینەوەی بازاڕی ئابوری و دەستکەوتنی مادەی خاوی بەرایی پیشەسازی، پێی ئەوروپای بۆ کیشوەری ئاسیا و ئەفەریقیا راکێشا.

چین بە ملیۆنان دانیشتوان پارووپەکی گونجاو بوو بۆ ئیپمریالیزمەکانی خۆرئاوا. بەگژداچوونەوەی بەناوبانگ بەناوی جەنگی تریاک، کە سەرئەنجام لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی چینی لێکەوتوەتەوە، دەستی خۆرئاوای لە وڵاتی پیرۆزی ئیمپراتۆران کردەوە.

بوونی دکتۆر سۆن یاتسن و دروستبوونی حزبی (کۆمین تانک)، خاڵی سۆزداری بوو لەمێژووی چین دا. کۆماری چین بەسەرۆکایەتی دکتۆر سۆن یاتسن دامەزرا، چیانکایچک جێنشینی مسۆگەری دکتۆر سۆن یاتسن بوو، چووە سەر کورسی دەسەڵات. رێبازی سیاسی چیانکایچک، کۆمۆنیستەکانی بەهێز کرد، کە راستەوخۆ بڕیاری لە مۆسکۆوە وەردەگرت. بەم شێوەیە زنجیرەیەک پێکدادان لەنێوان کۆمۆنیستەکان و هێزەکانی چیانکایچیک روویدا بوو، کە بەسەرکەوتنی ماوتسی تۆنگ کۆتایی هات.

**تۆ چۆن ئەو سەرکەوتنە ئاراستەدەکەیت؟**

هۆکاری سەرکەوتنی ماو بەسەر چیانکایچک جۆراوجۆر و زۆرە. هەندێک لەو هۆکارانە پەیوەندی بەهەژاری زۆرەوە هەبوو لەناو چین، هەروەها دوو بەرەیی کە لە حزبی کۆمین تانک سەریهەڵدا. لە هەموویان گرنگتر رەوشی روسیاو ئەمەریکا لەبەرامبەر چیانکایچک بوو. هاوکات ئەمریکیەکان بەڵێنی هاوکاری و یارمەتیدانیان بە چیانکایچک دەدا، بەدزییەوە گفتوگۆیان لەگەڵ ماو دەستپێکرد. لەم گفتوگۆیانەدا بەلاوەکی و داخراو، دانیان پێدانا، کە ئامادەن حکومەتی شۆڕشگێڕ بە سەرۆکایەتی چیانکایچک دابمەزرێنن، کە چەند وەزیری کۆمۆنیست تێیدا ئەندام بن.

**کەوایە بەڕای تۆ ئەمەریکیەکان کۆمۆنیزمیان کردە دیاری بۆ چین؟**

ئەگەر راستیت دەوێت بەهەمانشێوەیە. ئەگەر ئەمەریکیەکان رەوشێکی جێگیریان لەبەرامبەر ماوتسی تۆنگ دەگرتەبەر، ئەمڕۆ ژەنەراڵ چیانکایچک حکومەتی بەسەر حەوت سەد ملیۆن چینیدا دەکرد، نەک

ماوتسی تۆنگ. سیاسەتی دووفاقەی ئەمریکیەکان بووە هۆی دڵشکانی چیانکایچک. بە راشکاوی رایگەیاند، کە ئامادەنییە حکومەتی شۆڕشگێڕی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان دابمەزرێنێت، بۆیە ئەمریکیەکانیش لە پێدانی هاوکاری سەربازی خەمسارد بوون. موحافزکاران، حکومەتی ئەمەریکاییەکان لە زۆر دەستوەردان لە شەڕی ناوخۆیی چین دوورخستەوە. ئاکامەکەی وەک رۆژ روون بوو. ماو لەو قومارەدا بردییەوە و چیانکایچک پەنای بردەبەر (فرمز)، لەبەرئەوە بەبۆچوونی من ئەمەریکا کۆمۆنیزمی کردووەتە دیاری چین و ئەمڕۆ ئەم دیاریە وەک کابوسێکی ترسناکاوی، دەنوێنێت.

دوای جەنگی جیهان رەوشی چین لەبارەی وڵاتانی خۆرئاوا لەبەرامبەر چیندا چ بوو،

**چ سیاسەتێکییان گرتەبەر؟**

پاش جەنگی دووەمی جیهان، سەردەمێک دەستی پێکرد، کە لە مێژووی جیهاندا بەناوی (سەردەمی بەگژداچوونەوەی کۆمۆنیستی) ناسراوە. ئەوروپای دوای شەڕ لە هەژاریدا پەلەقاژەی بوو. ئەوروپای خۆرهەڵات بەش بەش دەکەوتە دەست روسەکان و دەخرانە سەر مانگە دەستکردەکانی وڵاتانی روسیا. رۆژ بەڕۆژ حزبە کۆمۆنیستەکانی رۆژئاوا بەهێزتر دەبوون. هەر ئەوبابەتە ئەمەریکیەکانی خستە بیری جێبەجێکردنی سیاسەتێکی دژە کۆمۆنیستی توندەوە، لەم قۆناغەدابوو، کە یەکیەتییە سەربازیەکانی وەک پەیمانی ئەتلانتیکی باکوری و پەیمانی ئاسیای باشوری خۆرهەڵاتی دامەزرا.

**ئامانج لەو پەیمانانە چی بوو؟**

زۆر ئاشکرایە. دروستکردنی پشتێنەیەکی بەرگری لەدەورووبەری سنورەکانی کۆمۆنیزم.

پەیمانی ئەتلانتیک لە باکوری ئەوروپا، گەمارۆی روسیای دەدا. پەیمانی ئاسیای باشوری خۆر هەڵات لە رۆژهەڵاتی دوور، دۆخێکی جیاوازی

هەبوو. دالس وەزیری دەرەوەی کۆچکردوی ئەمەریکا لەو سیاسەتکارانە بوو، کە زەندەقی لە کۆمۆنیزم چووبوو. تەنانەت زۆرلەوە زیاتربوو، کە لەپێش چاوی ئەوانی دی دیاربوو. دەوڵەتەکان کە بۆئەو پەیمانە هەڵبژێردرابوون، نێودەوڵەتی بوون، بەڕای دالس زیاتر لەبەردەم مەترسی دەسەڵاتی کۆمۆنیزم دابوون. وەک تایلاند و نیوزلاندا، پاشان دەوڵەتەکانی کامبۆج و لایۆس و ڤێتنامی باشور چوونەپاڵیان. دالس لەوباوەڕە دابوو بەم شێوەیە چینی لە قەفەسی کۆمۆنیزم و سنورەکانی خۆی بەرتەسک کردوەتەوە، لەکاتێکدا چین پاش جەنگی جیهانی دووەم، ئارەزوی لەدرێژەدان بەڕەوشێکی پەلاماردەرانە بوو. چین پێویستی بە ئاسودەیی بوو، پێویستی بە ئاشتی بوو.

**دەگونجێت زیاتر روونی بکەیتەوە؟**

دوای ساڵی 1949 ماو زیاتر لەهەرشتێک هەوڵیدەدا ژێرخانی ئابوری و سیاسی وڵاتەکەی بەهێز بکات، هەربەوهۆیە حەزیدەکرد رێبەرانی، خۆرئاوای ئەو وڵاتە راکێشنە جەرگەی خۆیانەوە و وەک دەوڵەتێک بیناسن. لەکاتێکدا خۆرئاوای زەندەق چوو لە کۆمۆنیزم، پەیڕەوی لە سیاسەتێکی وا سۆزانی دەکرد، کە چینیش ناچاربوو سیاسەتی پەلاماردەرانە بگرێتەبەر.

حەقیقەتی مەسەلەی چین لەم خاڵەدایە: ئەگەر وڵاتانی خۆرئاوا، بەفەرمی چینی کۆمۆنیستیان ناسی بوو، رەنگە ئەمڕۆ خۆرهەڵات نەبووایە بە مەیدانی دوو رووداوی وا گەورە، کە ئێمە بەچاوی خۆمان دەیبینین و لێرە و لەوێ دەیبیستین.

**لەوباوەڕەدای کە وەرچەرخانی ئەم دواییەی چین: بۆ وێنە سەرهەڵدانی شۆڕشی گاردی سور، دەرئەنجامی راستەوخۆی رەوشی خۆرئاوایە؟**

بێگومان وەهایە، بەڵام بەڵگەکانی ناوخۆش چووەتە سەر هۆکارەکەی. داوەری خۆرئاوا لەبارەی بارودۆخی چین هەمیشە جمک بووە بەهەڵەو هەر ئەو داوەرییە هەڵەیە، دامێنی خۆرئاوا دەگرێت. بۆ وێنە ئەگەر تۆ لە

دیپلۆماتێکی خۆرئاوا بپرسی: (بارودۆخی چین چۆنە؟ یەکسەر دەڵێت: چین میللەتێکی هەژار و برسی و زاڵمە).

لەساڵی 1949 کە ماو سەرکەوت و دەوڵەتی جەماوەری چینی دامەزراند، بارودۆخی ئابوری نەداری و بەدبەختی بوو. داهاتی باجی تاکێکی چینی، تەنانەت لەوڵاتێکی کۆلۆنیالی ئەفەریقی وەک کۆنگۆ، یان جەزائیر کەمتر بوو. ئابوری چین لەو ساڵانەدا پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە دی و روسەکان تا ساڵی 1960 یارمەتی داراییان دەدا بە چین، بەڵام لەم ماوەیەدا چین دەستی یارمەتی بۆ خۆرئاوا درێژ نەکرد. روسەکانیش ساڵی 1960، هاوکاریەکانی خۆیان بڕی. ئەمڕۆ داهاتی تاکێکی چینی پلە بەپلە لە هیندیەک زۆرترە، کە ساڵانە ملیۆنان دۆلار یارمەتی بێ بەرامبەر لە ئەمەریکا وەردەگرێت.

**بیروباوەڕت دەربارەی خوی شەڕانگێزانەی چینیەکان چۆنە؟**

لەوانەیە خۆرئاواییەکان پێیانخۆش نەبێت ئەو قسەیە بکەی، بەڵام دەبێت راستی بوترێت. هێشنا چین، وڵاتێکی میانڕەوی ئاساییە، بەڵام رەوتی رووداوەکان حەتمییە. هەر بەو هۆیە تاقمە سیاسیەکانی جیهان کە لەچینەوە دێن، زۆرینەیان باوەڕیانوایە، کە رەوشی خۆرئاوا، چینی ناچارکردووە خۆی بۆ شەڕێکی درێژخایەن ئامادە بکات و گاردی سور دابمەزرێنێت.

**پێش ئەوەی دوا قسەت بکەی، بەتەمام لەبارەی گاردی سورەوە پرسیار بکەم؟**

گاردی سوری چین، کە ساڵی رابردوو رووی شۆڕشگێڕی خۆی پیشاندا، یەکێ لەو مەسەلانە بوو کە هێشتا بنێشتە خۆشکەی سەر زمانانە، بێ ئەوەی حەقیقەتی سەرەکیەکەی ئاشکرا بێت و شرۆڤە بکرێت.

دەبوایە سەرهەڵدانی گاردی سور لەچین، بەپاشماوەی شۆڕشی ناتەواوی چین بزانرێت، هەڵگیرسانی شۆڕش لە کرۆکی کۆمەڵگەیەکی پەک

کەوتە نیازی گشتییە. ڕێک ئەو نیازە لە ساتگەلێکدا دەگاتە لوتکە، کە ئەو کۆمەڵگەیە قۆناغێکی کامڵبوون دەبڕێت و دەردەکەوێت. ئەوە تایبەتمەندیەتی هەر شۆڕشێکی ئاسایی و ئەوروپییە. شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، شۆڕشی ئۆکتۆبەری1917 لە روسیا، سەرەنجام شۆڕشی چین ناتوانێت لەو تایبەتمەندیە دوورکەوێتەوە.

زۆرێک لەوباوەڕەدان کە گاردی سور، ئاکامی راستەوخۆی شەڕی ڤێتنام بوو. ئەو بیردۆزە راست بە زەین ناگات. دەمەوێت بڵێم ئەگەر شەڕی ڤێتنام نەبوو، دیسانەوە گاردی سور دادەمەزرا. گاردی سور بەڵگەو نیشانەی نیازی چین بوو، کە قۆناغی لەباری شۆڕشی خۆی بەسەر دەبرد.

واتە بەدەستەواژەیەکی تر، گاردی سور بابەتێکی نوێ و تازە نییە؟

بێگومان هەروەهایە. پێش شەش ساڵ گاردی سورێکی دیکە دامەزرا. ئەوە کاتێک بوو کە (لین پیاۆ) بۆ وەزارەتی بەرگری چین دانرا، رەگ و ڕیشەی گاردی سور لەوکاتەوە گەشەیکرد، چونکە چین دەیویست بەهەر رێگایەک بووە، خۆی بخاتە جەرگەی دەوڵەتە گەورەکانی جیهانەوە.

**وتت گاردی سور قۆناغێکە لە شۆڕشی چین. تاڕادەیەک زەحمەتە منیش لەو دەستەواژەیە بگەم؟**

بێگومان زانیاریت هەیە کە کۆمۆنیستەکان باوەڕیان بەجۆرێک شۆڕشی نێودەوڵەتییە، بەڵام لەبارەی چۆنیەتی راپەڕاندنی ئەو شۆڕشە ناکۆکن. ماو باوەڕیوایە کە نابێت لەڕێگای فراوانکردنی کۆمۆنیزم قۆناغێک دابنرێت، بەڵکو دەبێت ئەو قۆناغانە بسڕنەوە. شۆڕش بۆ ماو ئامانجە نەک هۆ، سەرەنجام هەر شۆڕشێک سەرەتا لێوڕێژە لە وزە، بەڵام کە ماوەیەک تێپەڕی ئەو بزاوت و گوڕوتینەی نامێنێت، هەربۆیە ماو باوەڕیوایە، کە پێویستە کارێک بکرێت، بۆئەوەی شۆڕشگێڕی هەمیشە بمێنێنەوە و نەفەوتێت. رێک لە چین ئەو بارودۆخە هاتبووەئارا. شۆڕشی چین پێش گاردی سور قۆناغێکی

کیسەڵ ئاساو نیوە پشنگوێخراوی بەڕێدەکرد. بەڕای سەرۆکانی چینی لەو هەلومەرجەدا پێویستبوو لە نوێووە ورە ببوژێنرێنەوە و گاردی سور هۆکارێک بوو بۆ ئەو کارە.

ئەمەریکا ناڕاستەوخۆ کاڵای لەچین دەکڕی و پێیدەفرۆشت. لەناوچەیەکی دوور لەوڵاتی خۆی بە دزی یەکتردەبینن و گفتوگۆ دەکەن. ئەو بابەتە دەریدەخات، کە تەنانەت ئەمەریکاش بەلاوەکی چینی وەک دەوڵەتێک قبوڵە. بە کورتی بەهۆی تایبەتی بە مەرجی داناوە.

ئەمڕۆ چین نوێنەری لە کۆمسیۆنی دامالینی چەک هەیە، بەشداری کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکان دەکات، بەڵام نەک بەناوی ئەندامێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە ئەمەریکییەکان حەزناکەن چین وەک ئەندامێکی رێکخراوی نەتەوەکان بناسرێت.

**ئەمەریکییەکان چ جۆرە دژایەتیەک دەکەن؟**

دەبێت زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی گشتی کۆکبن، تا دەوڵەتێک ببێتە ئەندامی رێکخراوی نەتەوەکان. مەرجێکە کە بۆ هەموو دەوڵەتان راستە، لەم ساڵانەی دواییدا کە ژمارەی نەیارانی ئەندامیەتی چین لە رێکخراوی ناوبراو کەم بووەوە، ئەمەریکیەکان مەرجێکی دیکەیان دانا. کە بۆ ئەندامیەتی چین، زۆرینەی 2\3ی دەنگەکان مەرجە.

**لاتوایە چین تا چەند لە رێکخراوی نەتەوەکان بە دوورەپەرێزی دەمێنێتەوە؟**

لاموایە نزیکەی دەساڵ بخایەنێت. رۆژ بەڕۆژ ژمارەی رازیبووانی بوونە ئەندامی چین، یان لای کەم نێودەوڵەتی، کە دەنگی نەخێر دەدەن زیاد دەکات. پار چین 46 دەنگی هێنا. شازدە بە نەخێر دەنگیاندا. تەنها پەنجاو حەوت دەوڵەت دژی چین بوون.

**بەڵام جەنابی راسڵ، زۆرتر دەوڵەتە گچکەکانی ئاسیایی و ئەفەریقی لایەنگری چینن؟**

ئەوە راستە، بەڵام بەتەنیشتیانەوە دەوڵەتی گەورەی وەک بەریتانیاش هەبوو، تەنانەت من ئاخاوتنەکەی نوێنەری دەوڵەتی ئیتالیام خوێندووەتەوە. لەو ئاخاوتنەیدا وتبووی کە چارەسەری مەسەلەکانی جیهان بەبێ ئامادەیی چین ناکرێت. نوێنەری دەوڵەتی فەرەنسا پێشنیازیکرد، کە کورسی نوێنەرایەتی چینی میللی و مافی ڤیتۆی ئەو دەوڵەتە لە ئەنجومەنی ئاسایش بدرێتە چینی کۆمۆنیست. لەئێستادا دوو بڕیارنامە بۆ بەئەندام بوونی چین هەیە: تاقمێک پێشنیازدەکەن، کە هەردوو چین لە رێکخراوی نەتەوەکان نوێنەریان هەبێت. ژمارەیەک خوازیاری ئەندام بوونی چینی کۆمۆنیستن.

هەرچۆنێکبێت درەنـگ یان زوو رێکخراوی نەتەوەکان چین بەئەندام وەردەگرێت، تەنانەت ئەگەر بۆخۆی نەیەوێت، چونکە ناتوانێت حەوسەت ملیۆن مرۆڤ لەبەرخاتری دوازدە ملیۆن دانیشتوانی (فرمز)، پشتگوێبخات. تەنانەت لە خودی ئەمەریکا ژمارەیەکی زۆر لە سیناتۆر و سیاسەتکارانی گەشبین بەرژەوەندی کارەکە لە ناساندنی چین دەزانن، بەڵام ژمارەی نەیارانی زێدەڕۆ زۆر زۆرە.

**سەرچاوەی تووڕەیی ئەو نەیارانە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟**

بەهەمانشێوە کە وتم ئەوان وەهای بۆدەچن، ئەندامیەتی چین ئابڕووی سیاسی ئەمەریکا، لە خۆر هەڵاتی دوور دادەبەزێنێت. لەکاتێکدا بەبێ ئەندام بوونی چینیش ئەمڕۆ ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی دوور روبەڕووی کێشەی گەورە بووەتەوە.

بە باوەڕی من ئەگەر ئەمەریکا لە ساڵی 1941 یان ساڵەکانی پێشتر چینی بەفەرمی ناسیبا، دنیای سارد چەمکی خۆی لەدەستدەدات. رەنگە چین بەتەنیشت هاوڕێیانی خۆرئاوای، هاوکاری پاراستنی ئاسودەیی

و ئاشتی دەکرد.

**پێموایە لە باسی مەسەلەی چین ئاڵۆزی پەیوەندی قەیراناوی ئەو وڵاتە لەگەڵ روسیا زیاتر لە هەر بابەتێکی دیکە سەرنجڕابکێشێت. مەبەستم لەو پرسیارە ناکۆکی ئایدۆلۆژی دوو وڵات و سنورەکەی، ئایا دەشێت ئەو ناکۆکیانە سەرەنجام دوو جەمسەری ئۆردووگای کۆمۆنیزم بەگژ یەکدا بکات یان نا؟**

بەڕای من ناکۆکی چین و روسیا لەڕاستیدا بەوشێوەیە نییە، کە خەڵکی دنیا دەیبیستن و پێیانوایە، رەنگە ئەو تاوانە ئۆباڵی بەملی چاپەمەنییەکان و رۆژنامە شەڕانگێز و هاوکات بەرژەوەندخوازبن. دەکرێت قوڵی ناکۆکی چین و روسیا بەرامبەر بە ناکۆکی فەرەنساو ئەمەریکا لە دنیای خۆرئاوا بزانی. رواڵەت و ئاستی ئەو ناکۆکیانە رووکەشەو رەگوڕیشەیەکی راستەقینەی، بە کەمێک تێپەڕینی سیاسی بەئاسانی چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئاستی دەرەوەی وەک کێشەیەکی گەورە و بەڕواڵەت چارەسەر نەکراو دەنوێنێت.

**مەبەستیشم لەو پرسیارە تێگەیشتنە لە رای تۆ لەبارەی رەگی ئەخلاقی و راستەقینەی چین و روسیا؟**

ناکۆکی چین و روسیا زیاد لەوەی ئایدۆلۆژی بێت، سیاسی و ئابوریە. روسیا لە ساڵی1917 زادەی کۆمۆنیزم بوو لە دنیادا. چینەکان لە ساڵی 1949 سەربەخۆیی دەوڵەتی کۆمۆنیستی چینیان بۆ جیهان راگەیاند، بەڵام هەردووک وێڕای کۆمۆنیست بوون، تابڵێی ناکۆکن و لەسەرەتاوە هەبوە و هێشتاش بەتووندتر هەیە.

**دەلوێت لەوبارەیە زیاتر روونی بکەیتەوە؟**

دیارە. کۆمۆنیست لە چین زیاتر جوتیارییە. لەکاتێکدا کۆمۆنیزم لە روسیا لەسەر بنچینەی پیشەسازی و کرێکار پیشەیی دامەزراوە، هەمان بابەت خۆی لەخۆیدا جۆرێک ناکۆکی فکری بەدیدێنێت. لە سەردەمی حکومەتی

ستالینەوە ئەو ناکۆکیە هەبوو، ستالین چونکە لەگەڵ کۆمۆنیزمی پشت بەستوو بەبنەمای کشتوکاڵی و جوتیاری نێوانێکی باشی نەبوو، زۆرجار لەبەرامبەر ماو بەرگری لە چیانکایچک دەکرد. تەنانەت ماوی ناچارکرد هاوکاری حزبی کۆمین تانک بکات. سەرەنجام دوای ئەوەی چیانکایچک پێداگری لەبارەی کۆمۆنیزمەکان گرتەبەر و حزبی کۆمین تانکی لە توخمی کۆمۆنیزمی پاککردەوە. ڕەوشی روسەکان گۆڕاو لایەنی ماویان گرت.

**جەنابی راسڵ هەروەک کە ئاگاداری و دەنگۆیە، هاتنە سەرحوکمی خرۆشۆف لە روسیا قەیرانی پەیوەندی دوو وڵاتی لێکەوتەوە، پێتوایە دەکرێت ئەو بابەتە تا چەند راست بێت؟**

بەڕای من بوونی خرۆشۆف لە لوتکەی حکومەتی روسیا، تەنیا هۆکاری توندکردنی ئەو قەیرانە بوو. ڕەگوڕیشەی ناکۆکیەکانی دوو وڵات لەساڵی 1958 بەشێوازێک بوو، کە تەواووی بیرمەندانی جیهان بەریەک کەوتنی دوو وڵاتیان بە حەتمی دەزانی.

**مەبەستان مەسەلەی پڕچەک کردنی ئەتۆمی چینە؟**

تەواو و راستە. ئەوە هۆکار بوو، کە دوو وڵات لەیەکجیاببنەوە، هەمان مەسەلەی چەکدار کردنی ئەتۆمی چین بوو. روسەکان لەساڵی 1957 وادەیان بەچین دابوو، کە هاوکاری کاریگەریان بۆ دامەزراندنی ئەتۆمی چین هەبێت. لەو ساڵەدا بیرمەندانی چینی چوونە روسیا و لەبەشی ئەتۆمی خوێندیان.

**چۆن بوو کە روسەکان یەکسەر خۆیان لە پێدانی چەکی ئەتۆمی بە چین پاراست؟**

هۆکاری ئەو هەوڵدانە زیاتر بۆ نزیکی روسەکان لە خۆرئاواو ئەمەریکا دەگەڕێتەوە. روسیا لە سەردەمی خرۆشۆفی سەرۆک وەزیران تەواو و لە خۆرئاوا نزیک بوو. ئەوە بابەتێک بوو، کە لە ساڵەکانی پێشوو

پێشبینی دەکرا لەماوەی ئەو ساڵانەدا وردە وردە زانیان، کە بنەمای وشکی ئایدۆلۆژی ناتوانێت بۆ هەمیشە بەردەوام بێت. دەزانی بۆ؟ پێشکەوتنی زانست وتەکنەلۆژیا بنەوێت و نەتەوێت دوو جەمسەری سەرمایەداری و کۆمۆنیزمی لێکنزیک کردووەتەوە، چونکە لە زانست و تەکنیکدا زنجیرەیەک رێکخراو کاری دەستنیشانکراو هەیە. سەرئەنجام دەسەڵاتی تاکەکان لەو دوو ئایدۆلۆژیایەدا جیاوازە. لەکاتێکدا چینیەکان لەو ماوەیەدا رۆژ بەڕۆژ دەماگیرتر دەبوون و سەبارەت بەخۆرئاوا رەشبینتر.

**مەبەستتان ئەوەیە خۆرئاوا روسیای راسپاردووە، کە چەکی ئەتۆمی نەدات بەچین؟**

بێشک وەهایە، گریمان ئەگەر خۆرئاواش ئەو کارەی نەدەکرد، روسەکان بۆپاراستنی پێگەی خۆیان لەناو بلۆکی کۆمۆنیزم، ناچاربوون ئەو کارە بکەن، چونکە چینی ساڵی 1958، چینی لاوزای ساڵی 1949 نەبوو. چین لەو ساڵانەدا پیشانی دەدا، کە ئامادەیە لە کەمپی کۆمۆنیزم بە سەرەوە بوونی رێژەیی، یان لانیکەم یەکسانی خۆی لەگەڵ روسەکان پیشانبدات. دوای ساڵی 1956 رکابەرایەتی چین و روسیا دەستی پێکرد. هۆکارەکانی چین بەهاوتەریبی کەوتنە لێکۆڵینەوە لە هەنگاونانی روسەکان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی لە کیشوەری ئاسیاو ئەفەریقیا و ئەورووپای خۆرهەڵات و تەنانەت لە هەندێک شوێن پێشی رکابەری روسیان دایەوە. بەمەش نەدانی چەکی ناوکی بەچین تەنیا بیانوویەک بوو. بیانوویەک بۆ بەرگرتن لە دەسەڵاتی ناوکی شیمانەیی چین. روسەکان دەیانوت بەپێی ئەو رێکەوتنە، دەبوایە ئێمە لە روانگەی زانستی و تەکنیکەوە هاوکاری چین و لەکاتی هاتنەئارای دامەزراوە ئەتۆمیەکان چاودێری کارەکەیان بکەین. لەکاتێکدا چینیەکان لێکدانەوەیەکی دیکەیان بۆ ئەو وادەیە هەبوو. دەیانوت چین مافی خۆیەتی کڵاوەی ئەتۆمی و دەرزیلەی ئەتۆمی

وەرگرێت، کە کۆڵەکەی سەرەکی بۆمبە ئەتۆمیەکانە، ئەنانەت بانگەشەیان دەکرد کە روسیا مافی چاودێریکردنی کارەکانیشیان هەیە.

**دەرەنجامەکەی چ بوو؟**

دەرەنجامەکەی ئاشکرابوو. روسەکان شارەزایانی چینیان دەرکرد، بەڵام چینیەکان کە میللەتێکی زیرەکن، هەر لەوماوە کەمەدا فێری ئەوەبوون، کە دەبوو فێری بن، پاشان یەکەم بۆمبی ئەتۆمی خۆیان دروستکرد، تا ئەمڕۆ کە چین بووەتە دەسەڵاتێکی گەورەی ناوکی جیهان.

**بەڵام چینیەکان لەپەلامارەکانیان زیاتر باسی ناکۆکی ئایدۆلۆژی دەکەن. مەبەستم باسکردنی ئەو ناکۆکی ئایدۆلۆژیەیە؟**

تۆ پرسیارێکت کرد کە دەربڕینی زۆر زەحمەتە، هاوکات پەیوەندی بە کوتلەبەندییەکان و ریزکردنی وڵاتە کۆمۆنیستیەکانی جیهانەوە هەیە. بەسادەیی بابەتەکە دەڵێم. ئەمڕۆ بەگشتی سێجۆر کۆمۆنیزم لە جیهاندا هەیە: کۆمۆنیزمی روسی، کۆمۆنیزمی یوگسلاڤی، کۆمۆنیزمی چینی.

لە راستیدا کۆمۆنیزمی روسی هەمان دنیای روونی حزبی و سیاسی ستالین، بە کورتی لەگەڵ گۆڕانی ریشەییە، کە لەگەڵ کاتی هەبوودا دێتەوە. مارشاڵ تیتۆ سەرۆک کۆماری یوگسلاڤی لە هەمان بەراییەوە رێگای خۆی لە ستالین جیاکردەوە و جۆرێک رژێمی نیمچە کۆمۆنیزمی پەسند کرد. کۆمۆنیزمی چینی ئەمڕۆ هەمان قۆناغ دەبڕێت، کە روسەکان لە سەرەتای شۆڕش بڕییان.

**دەگونجێت زیاتر روونی بکەیتەوە؟**

بەمسۆگەری ئاگاداری کە لەوانەیە دەسەڵات دوای مردنی لینین دەکەوێتە دەستی دووکەس: ستالین یان ترۆتسکی. ئەو دوو خەنیمە لە روانگەی تێڕوانینی سیاسی بەیەکەوە زۆر ناکۆک بوون. ترۆتسکی باوەڕی وابوو، کە دەبێت شۆڕشی کرێکاری نێونەتەوەیی بێت و شەڕ لەگەڵ سەرمایەداری

کارێکی حەتمییە. لەکاتێکدا ستالین هەوڵیدەدا روویەکی ناوخۆیی بداتە کۆمۆنیزم و هەقی بەسەر کاری ئەوانی دیکەوە نەبێت. ستالین لەو قومارە بردیەوە و ترۆتسکی لەوڵاتێکی بێلایەن بەدەست لایەنگرێکی ستالین کوژرا.

ئەمڕۆ چینیەکان هەمان قسە دەکەن، کە سەردەمێک بەتێزی سیاسی ترۆتسکی دادەنرا. چینیەکان دەیانوت شەڕ لەگەڵ رژێمە سەرمایەدارەکانی خۆرئاوا کارێکی حەتمییە و دەبێت بە خوێن شۆڕشی کرێکاری بێنەئارا. هەمان بابەتە کە لە ساڵی 1960 روسەکان گرفتاری چینیەکان بوون و تەنانەت پاش روخانی خرۆشۆف لەسەر رێبازی خۆیان بەردەوام بوون.

**کەوایە لە راستیدا چینیەکان دەیانەوێت دژایەتی نێوان تیۆر و حەقیقەت چارەسەر بکەن؟**

هەروەهایە. چینیەکان باوەڕیانوایە، کە دەبێت ئەو دژایەتییە نەمێنێت. لەکاتێکدا روسەکان تازە تێگەیشتبوون کە دەبێت گۆڕانکاری لەتیۆری کۆمۆنیزمدا بکرێت، تا لەگەڵ حەقیقەت بێتەوە. ئەوە حەقیقەتی سروشت و داخوازیەکانی مرۆڤێکە، بێگومان مرۆڤێک چی لە ژیان دەوێت؟ ئـازادی، خۆراکی باش و پێویست و لەهەموویان گرنگتر ئـازادی بیر و دووربوون لە سیستەمی وشک و برینگی بنەماییە.

**بەڵام بەپێی بەڵگەکانی خۆت، دەبێت چینیەکیش هەر ئەوە داوا بکات؟**

بێگومان چینیەکیش بەهەمانشێوە بیردەکاتەوە. بەکورتی ئەو رەوشە جیاوازە، کە لەچین بۆ هاتنە دی ئەو راستییە بەکاردەهێنرێت. ئەو رەوشەش سەرچاوە لە بارودۆخی ئابوری کۆمەڵگەی چین دەگرێت. چین لەهەلومەرجی ئێستادا، قۆناغێکی بەرزەخ دەبڕێت. جڵەوبەدەستانی پەکین دەکۆشن چین بکەنە جوتیار، دەسەڵاتێکی پیشەسازی و ئەتۆمی. رەوشی چین ئەو پێویستییە پیشاندەدات.

**بەڵام چینیەکان دەیانتوانی بە رەوشی لەبارتر بەو ئامانجانەیان بگەن، بێ ئەوەی پێویستییان بە توندوتیژی بێت؟**

و: من، هەم چوومە روسیا و هەم چین. کەسێکی روسی لەشێوازی بیرکردنەوە، لە خاڵی روانگەی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەکان وەک چینیەک کاردانەوەی نابێت. چینیەکان ئاسیاییەکی تەواون، لە کاتێکدا روسەکان بەنیوە ئەورووپی دادەنرێن. چینیەکان رێک لەسەدەی 17ی زایینی، هەمیشە بەرگەی کارەساتی گەورەی دنیای دەرەوەیان گرتووە، بەتایبەت خۆرئاوا. هەرەشەو سوکایەتی پێکردنی بێگانەکان بە چین بێ ئەندازەیە.

بێگومان چینیەکان مرۆڤی بەرق و تۆڵەستێنەوەن. ئەوە شتێکە کە لەگیانی چینیەکدا هەیە. رەفتاری نادادپەروەرانەی خۆرئاوا، تەنانەت روسیا بـەردەوام سێبەری رەشبینی بەسەر مێژووی چیندا کردووە، هەر بۆیە شارستانیەتی خۆرئاوا لە روانگەی چینیەکەوە هۆکارێکە بۆ لەبەین بردنی نەتەوەی لاواز، بە تایبەت هەڵسوکەوتی ئینگلیزەکان لە شەنگەهای لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە. هەر ئەو بابەتە خۆی لە خۆیدا رەوشی چینیەکان توندوتیژتر دەکات. مرۆڤی وشک و ناسازگار و نەریت پەرستی، گرنگترین خەسڵەتی گیانی تاکی چینییە، تەنانەت ئەمڕۆ چینیەکان بە رێزەوە لە بنەماکانی دەورانی ئیمپراتۆریەکەیان دەڕوانن. گیانی ناتەباییان بەجۆرێکە، کە زۆر بەزەحمەت گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

بنەوێت و نەتەوێت ئەو سیفەتە لە رێبازی چیندا لەبارەی خۆرئاوا و روسیا جۆرێک توندوتیژیە و شەڕخوازی دێنێتەئارا. لەکاتێکدا روسەکان لە روانگەی رۆحیەوە خەڵکانێکن، کە لە روانگەی ئامانجەوە ناگەنە قولەپێی چینیەکان، بەڵام تەبا. هەر ئەو بابەتە پێشکەوتنەکەیانی کردووەتە سەرقافڵە. ئەگەر لەبیرت بێ روسیا پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر خەڵکی بەگیانی تەواوو خۆرئاوایی هەبوو. شۆڕشی ئۆکتۆبەر و خێرایی کارکردنی ستالین کردونیەتە

وڵاتێکی کۆمۆنیستی راستەقینە، بەڵام سەیر ئەوەیە پاش مردنی ستالین، دووبارە هەمان رۆحیەی خۆرئاوا و جوان پەرستی خۆیان بەدەستهێنایەوە. هیچ دوور نییە جارێکی تر بۆ بنەماکانی ستالینیزمی رابردوو بگەڕێنەوە.

**بەم شێوەیە پێتوایە، کە ئەمڕۆ روسەکان دەوڵەتێکی نیوە سەرمایەدارین؟**

هەموو ئەو راستییە دەزانن. روسەکان ئەمڕۆ ژیانێکی خۆشگوزەرانیان هەیە، کە رەنگە چین 20 بۆ 30 ساڵی دیکە بگاتە ئەو قۆناغە. روسەکان لەگەڵ خۆرئاوا تەواو گەرم و گوڕن، تا بازاڕێک بۆ کاڵا هەناردەکانیان بدۆزنەوە. هەمان بابەت خۆی لەخۆیدا نزیکی روسیا و خۆرئاوا و بەپێچەوانەوە جیابوونەوەی لە چینی زیاتر کردووە.

**دەکرێت نمونەیەک لەوبارەیەوە بهێنییەوە؟**

هەڵبەتە، لەئێستادا کۆمپانیای دروستکردنی ئوتومبێل فیاتی ئیتالی لە روسیا دەستبەکاربووە، بەپێی ئەو رێکەوتنە دەبێت هەر روسییەک ئۆتۆمبیلێکی هەبێت، لەبەرامبەردا روسەکان لە خۆرئاوا سەرمایەگوزاریان کردووە. داهاتی سەرانەی کەسێکی روسی رێک پازدە بەرامبەری چینیەکە.

**مەسەلەیەکم بیرکەوتەوە، کە سەرئەنجام روسەکان لەو ناکۆکی ئایدۆلۆژیەدا سەردەکەون یان چین؟**

بێگومان روسەکان سەردەکەون، چونکە حزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان زۆرتر لایەنگری روسن تا پەکین.

**دەکرێت ئەو بابەتە زیاتر روونبکەیەوە؟**

هەنوکە ملیۆنێک هەزار دانیشتوی جیهان، لە دەوڵەتە کۆمۆنیستەکاندا دەژین و حزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی جیهان بەگشتی نزیکەی پەنجا ملیۆن ئەندامییان هەیە.

دیارە زۆرتر لە ئەوروپای خۆرهەڵات.

بەڵێ، تەنیا لە10%ی حزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان لە ئەوروپای خۆرئاوا، واتە فەرەنسا، ئیتالیا، بەریتانیا چالاکی دەکەن.

**لایەنگرانی پەکین و مۆسکۆ لە نێوان حزبە کۆمۆنیستەکانی جیهاندا، لە روانگەی هێڵی فکری کامییان باشترە؟**

لایەنگرانی پەکین لەحزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی هیند، ژاپۆن، نیوزلاندی نوێ و ئەمەریکای لاتین و ئەلبانیا زۆرترە. لایەنگرانی رەوشی روسیا لە هەموو وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات و خۆرئاوا زیاترە.

**ئایا هەوڵە زێدەڕۆییەکانی گاردی سور لەکەمکردنەوەی ئابڕووی حزبی پەکین کاریگەرن؟**

دەبێت دانی پێدابنێم، کە گاردی سور ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی حزبی پەکینی لەدەرەوە لێدوورخستووەتەوە، هەر بۆیە ماو ناچاربوو بەر بەهەوڵە تووندو زێدەڕۆیانە بگرێت و ئۆباڵی ئەو بەگژداچوونەوە بخاتە ئەستۆی روسەکان.

**ئێستا کە گەیشتوونەتە ئێرە، ئەو بابەتە دێنمەگۆڕێ ،کە ئایا ناکۆکی مۆسکۆ و پەکین ئەگەری شەڕێکی فراوان، یان بەرتەسک لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەڵدەگیرسێنێت؟**

پێموانیە ئەو ئەگەرە هەبێت. دیارە هەردوو وڵات زنجیرەیەک ناکۆکی سنوریان هەیە، بەڵام سنوری ئەو ناکۆکی سنورییە بەشێوازێک نییە، کە کارەکە بەرەو شەڕ بەرێت، لەلایەکی تر ئەو مەسەلانەی کە لە پەیوەندی هەردوو وڵاتدا شەڕ هەڵدەگیرسێنێت، زۆرتر ئەو مەسەلەیەیە، کە لایەنی ژیاری و بنچینەیی بۆ هەردوولا هەیە، واتە ناتوانرێت چاوپۆشی لێ بکرێت. بۆ وێنە کەوتنە بەرامبەریەکی بەرژەوەندی ژیاری ئەمەریکاو ویت کینگەکان، هۆکاری هەڵگیرسان و بەردەوامی شەڕی ڤێتنامە، مەسەلەی ناوبراو لەمەڕ ناکۆکی چین و روسیا ناتوانێت پاڵنەری شەڕێکی ناوخۆ یان گشتی بێت. ئەو

ناکۆکییە زیاتر دۆخی گلەیی و سکاڵای هەیە. گلەیی لە هاوڕێی روسی لەگەڵ خۆرئاوا. گلەیی واژۆی ڕێکەوتننامەی ڕێگری تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکان. گلەیی بەرگریکردن لە رەوشی روسەکان لە شەڕی ڤێتنام، بەڵام تەنیا گلەیی بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێک، بەس نییە.

جەنابی راسڵ بێ ئەملاولا ئاگات لە گردبوونەوەکانی دژی روسیایە لە پەکین. خێرایی ئەو گردبوونەوانە بەئاستێکە، کە هەندێجار ئەو بیرە بەخەیاڵمدا دێت ،کە چوار یان پێنج ملیۆن کەس لە تاکەکانی گاردی سور، کە ئەندێشەی ماویان لەسەریاندا بارهێناوە، دەسەڵاتێکی وا تێکدەریان دەبێت، کە ئاشتی جیهان بخاتە مەترسییەوە. ئەو مەترسییە بە شەڕی شیمانەیی چین و روسیا دەست پێدەکات.

من باوەڕم بەمجۆرە گردبوونەوە رازاوە و پڕ هەراوزەنایە نییە، چونکە لەکرۆکدا پووچ و بێ ناوەڕۆکە، ئەو گردبوونەوەیە جۆرێک شڵەژانی گشتی توندو زوو تێپەڕە، کە لە تووڕەیی و بێزاری سەرچاوە دەگرێت، تەنانەت پێموایە چالاکوانانی ئەو گردبوونەوەیە پێشتر سنورەکەیان پێواوە. ئەو گردبوونەوەیە قەت هوتافکێشانی ئێستای باڵیۆز تێناپەڕێنێت و هەربەوڕادەیە رادەوەستێت، چونکە ماو و دەستوپێوەندەکەی خوازیاری شەڕی باشور نین. دەزانی بۆ؟ ماو بنیادەمێکی فاڵگرەوەیە. باش دەزانێت شەڕی سنورێکی گچکە لەگەڵ روسیا، واتە پێدانی گەورەترین ئیمتیازی سیاسی بە خۆرئاوا، روسەکانیش حەزناکەن ئەندامێکی کاریگەری ئۆردووگای کۆمۆنیزمیان لەدەست بچێت. بەتایبەت ئەگەر حەوت سەد ملیۆن دانیشتوان بێت. تەنانەت ئامادە نین لاوازبوونی لەبەرامبەر خۆرئاوادا ببینن.

**کەوایە بەبۆچوونی تۆ ماو بە بەلاش بەو گردبوونەوە سیاسییە خۆی هەڵدەکێشێت؟**

بەهەمانشێوەیە، ماو هەوڵدەدا بە نمایشی شڵەژێنەرانەی دەسەڵات و بێ پەنابردنەبەر شەڕ بە ئامانجەکانی خۆی بگات، چونکە هەم روسەکان و هەم چینیەکان دەزانن، کە بوونیان یەکتر تەواودەکەن.

**بەڵام هەندێک لە سیاسەتکارانی جیهان لەوباوەڕەدان، ماو بڕیاری شەڕی داوە، چونکە شەڕ تاکە ڕێگری بەردەم زۆربوونی دانیشتوانی چین دەبێت، چونکە چین هیچجۆرە ڕێگایەکی بۆ خۆراک و دابینکردنی ژیانی ملیۆنان مرۆڤی دانیشتوی وڵاتەکەی خۆی نییە؟**

و: لە راستیدا پرسیارەکەت دووبەشە. بۆ یەکەم دەبێت بڵێم، کە ماو تیۆری ماڵتۆسی قبوڵ نییە و دانیشتوان لەڕێگای شەڕەوە کەم بکەنەوە، چونکە ماو بۆخۆی لەوباوەڕەدایە، کە زۆربوونی دانیشتوان بۆ وڵاتانی لەگەشەداو پەرەپێدراوی وەک چین، چ لەڕوانگەی بەرهەمهێنان و چ لەڕووی هێزی مرۆڤایەتی پێویستە. تەواو و هەڵەیە، ئەگەر پێمانوابێت ماو دەیەوێت بەشەڕی بێ هۆو گەمژانە ڕێژەی دانیشتوان کەم بکاتەوە.

بەڵام بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت، پێشتریش وتم: ئەو برسی و هەژارییە لە چین نییە، کە خۆرئاوا پێیوایە، جۆرێک دەنگۆیە. پێش چەند ساڵێک پرۆفیسۆر (چاپن) و (سرادوارد فلاری) بۆ توێژینەوەی بارودۆخی گشتی چین لەلایەن دوو دەوڵەتی بەریتانیاو ئیتالیاوە چوونە پەکین. راپۆرتی ئەو دوو شارەزایە بەتەواوی نیشانیدا، کە چین خۆشگوزەرانیەکی ڕێژەیی هەیە. بەپێی ئەو راپۆرتە، بەچاوی خۆیان قاتوقڕی و برسێتیان لە شارەکان و گوندەکاندا نەدیووە. لەڕوانگەی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی و کیمیا، چینیەکان هەنگاوی کاریگەریان بۆپێشەوە ناوە. تەنیا لەپەکین سێ کارگەی بەرهەمهێنانی ئەنتی بایتیک و پەنسلین هەیە. لەکاتێکدا ساڵی 1955 چین لە روسیا ئەو مادانەی هاوردە دەکرد.

با بەڵگەی باشتر بخەمەڕوو. تۆ هەرگیز بیرت لەو مەسەلەیە کردووەتەوە، کە میللەتێکی برسی و هەژار ناتوانێت دامەزراوەی ئەتۆمی هەبێت؟ بۆ بنیاتنانی دامەزراوەی ئەتۆمی و لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە پڕ چەککردنیش هەنگاوێکی کاریگەری هەڵناوە. هەموو ئەوانە وادەگەیەنێت، کە هەژاری و برسێتی لە چین تەنیا دەنگۆیە. سەرەنجام دەبێت قبوڵی بکەین، ئەو خۆشگوزەرانییە خوازراوە لە خۆرئاوا هەیە لەچین نییە. خەڵکی چین لەڕوانگەی مەوادی خۆراکیەوە خەڵکانێکی رازی و قانعن. رەنگە چینیەک بەڕادەی 1\4ی فەرەنسی یان ئەمریکیەک بخوات، بەڵام بێگومان کارەکە دووهێندەی فەرەنسی و ئەمریکیەکە، ئەو تایبەتمەندییە لەسەدەکانی پێشوو، لە ویژدانی چینیەکاندا هەبووە و یان لەبنچینەدا نەژادی زەرد بەمشێوەیە.

**بەڕای تۆ ناکۆکی ئایدۆلۆژی چین و روسیا، چ کاریگەریەکی بەسەر بارودۆخی وڵاتانی کۆمۆنیزمی جیهانیدا هەبووە، یان دەبێت؟**

ئاکامی ئەو ناکۆکی و ململانێیە هەم زیانی لە چین داوە و هەم روسیا. هاوکات لێدانێکی گەورە بووە لە پەیکەری کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی. یەکەم ئەنجامی راستەوخۆی ئەو ناکۆکییە، کەڵک وەرگرتنی خۆرئاوا بوو. ئەمەریکیەکان بەم هۆیە توانیان پێگەی خۆیان لە ڤێتنام لە پێشوو سەقامگیرتر بکەن.

لەلاکەی دیکەوە کوتلەبەندی لە کەمپی کۆمۆنیزم، بووە هۆی لاوازبوونی سەرهەڵدانەکان لە ئاسیاو ئەفەریقیاو ئەمەریکای لاتین. پێش ئەو ناکۆکییە چین و روسیا پێکەوە ئەو سەرهەڵدانانەیان دەپاراست. لەکاتێکدا دوای سەرهەڵدانی ناکۆکی ناوبراو، دنیای سێ لاواز بوو. باشترین گەواهی ئەو بانگەشەیە روخانی رژێمی سۆکارنۆ و رەشەکوژی حزبی کۆمۆنیستی ئەندنۆزیا بوو، چونکە روسەکان حەزیان لە بەردەوامی دان نەبوو بە

دەسەڵاتی چین لە ئەندنۆزیا. لەهەمووان گرنگتر ئەو جیابوونەوەیە، بووە هۆی زیان بەرکەوتنی سنورەکانی هەردوو وڵاتی روسیا و چین لەلایەن دەسەڵاتی پێکهاتووی خۆرئاوا بووە.

سنورەکانی چین و روسیا پێش ئەو مێژووە زیانیان بەرنەکەوتبوو، بەڵام ئێستا وەک پاژنەی ئاشیل زیانی پێکەوتووە. لە هەمووی گرنگتر پێموایە بەردەوامی ناکۆکی چین و روسیا لە بەرژەوەندی دنیادا نییە. ئەگەر لەنێوان روسیاو چین شەڕ رووبدات، هاوسەنگی سیاسی جیهان تێکدەچێت، بێگومان ئەو تێکچوونە لەبەرژەوەندی ئیمپریالیزمە، چونکە دەتوانێت سەرلەنوێ دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی خۆی وەک سەدەی نۆزدە بەسەر میللەتانی لاوازدا بسەپێنێت.

بەڵام بە رەوشی لەبارو هێمنانەی روسەکان، ئەو رەوشە نەماوە و بەردەوامی ئەو رەوشە وردە وردە لەگوڕوتینی قەیرانەکە دادەبەزێنێت، چونکە روسەکان نایانەوێت خۆیان لەژێر داروپەردووی وێرانەکان بشارنەوە.

روسەکان زۆر لە رووداوە ناوخۆییەکانی چین تووڕەن کە سیمای دژە رووسی هەیە؟

توڕەیی روسەکان زیاتر دەرئەنجامی شەڕی ڤێتنام و دەوری چینە لەو شەڕە و بەس، چونکە ئەو شەڕە بەیەکجاری روسەکانی خستووەتە بارودۆخێکی ئاڵۆزەوە. تەنیا لەڕووی ترەوە سەرکەوتنی خۆی لە ناو وڵاتانی کۆمۆنیست تەواوو پتەو و سەقامگیر دەبینێت و چین لەم دۆخەدا ناچارە لەگەڵ روسەکان بگونجێت. چما گۆڕان و رووداوە گەورەکانی رەوتی مێژوو پەیوەندی روس و چینی نەگۆڕیووە.

پەیوەندی ئەمەریکا بەچینی کۆمۆنیستەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، کە بەڕای من لە باسەکەماندا شایانی سەرنج دەبێت. بەهەمانشێوە کە دەزانین ئەمەریکیەکان لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ماو، دامەزراندنی

دەوڵەتی جەماوەری چین، هەوڵیانداوە ئابۆیان دەکرێت لاوازی بکەن. ئەو هەنگاوانە جۆرێک بەریەک کەوتنی ناڕاستەوخۆی نێوان ئەمەریکاو چینی هێناوەتەکایەوە، هەڵبەتە مەسەلەی وەک شەڕی ڤێتنام بەکردەوە ئەو بەریەک کەوتنەی ڕاستەوخۆ کردووە.

بەشێوەیەک کە ئەمڕۆ زۆربەی خەڵکی جیهان لەوباوەڕەدان، کە شەڕی نێوان ئەمەریکاو چین درەنگ یان زوو ڕوودەدا. ئایا تا چەند باوەڕ بەو بیروڕایە بکەین؟

پرسیارەکەت یەکەم پێکدادانی ڕاستەوخۆی چین و ئەمەریکای وەبیرهێنامەوە لە شەڕی کۆریادا. هێزەکانی چین لەو شەڕەدا بۆ پاراستنی سیئۆل چوونە مەیدانی شەڕەوە و سەربازەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکان و چینیەکان سەنگەریان لێکگرت. دوورنییە لەهەمان پێکدادانی یەکەم بوو بێت، کە ئەمەریکیەکان زانیان لە هەڵسەنگاندنی سوپای چین و دەسەڵاتەکەی کەوتوونەتە هەڵەوە.

مەبەستتان ئەوەیە، کە ئەمریکیەکان حیسابیان بۆ سووپای چینی نەکردبوو؟

بەڵێ، ژەنەڕاڵ ماک ئارتۆر، هەرگیز پێیوانەبوو چین هێزەکانی بخاتە مەیدانی شەڕەوە. هێزەکانی چین لەو بەگژداچوونەوەیەدا پاشەکشەیان بەهێزەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکان کرد. بە شێوەیەک کەماک ئارتۆر ناچاربوو مەنچوری تۆپ باران بکات.

**هەر ئەو بابەتە بووە هۆی لەسەرکار لابردنی؟**

بەهەمانشێوەیە، چونکە ئەمەریکیەکان حەزیان لێنەبوو شەڕ لەگەڵ چین بکەن، بەهەمانشێوە کە ئێستاش حەزیان لێنییە، خۆیان تووشی شەڕێکی پڕ خەرج و بێ بەرهەم لە سنورەکانی چین بکەن.

**ئەو رەوتی رووداوانەی خۆرهەڵاتی دوور بەجۆرێکە، کە پێکدادانی نێوان ئەمەریکاو چین، بەکارێکی حەتمی دەزانێت؟**

پێموایە وەهابێت. پێشتریش پێم وتی کاتێک دوو دەوڵەت شەڕیان دەبێت، کە بەرژەوەندی ژیاریان کەوتبێتە مەترسییەوە. دەربارەی دژایەتی بەرژەوەندی چین و ئەمەریکا دەبێت دانی پێدابنێم، کە بەرژەوەندی ژیاری هیچکام لەم دووانە هەڕەشەی لێنەکراوە.

**جیراڵد کالۆر**

**کەوایە تۆ ناکۆکی ئایدۆلۆژی دوو دەوڵەت و مەسەلەی بانگەشەی چین بەسەر جەزائیری کموی و ماستۆرا بەهیچ نازانیت؟**

هەرگیز! بەڵام ئەمانە ناتوانن هۆکاری شەڕێک بن. شەڕ، گشتێتر لە ناوخۆیی، یان گشتی تەنیا کاتێک روودەدات، کە کۆمەڵانی خەڵکی ئەو کۆمەلگەیە بیانەوێت و ناکۆکی هەردووکیان ئەوەندە رەگی داکوتابێت، کە لەڕێگای ئاشتییەوە چارەسەر نەکرێت.

دەبێت لەبارەی درزی یەکەم بڵێم، کە نە خەڵکی چین خوازیاری شەڕن نە ئەمەریکا. هەردوو دەوڵەت ئازارێکی زۆری کارەساتەکانی شەڕیان چەشتووە. ئەمڕۆ ئەمریکییەکان لەگۆشەو کەناری جیهان بەهۆی بەڵێنی سەربازییەوە لەشەڕدان. هەمان بابەت خۆی لەخۆیدا ئەندێشەی خەڵکی ئەو وڵاتەی لەشەڕ سوڕاندووە. گوشارێک هۆی بەس و گونجاوی بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیە دەبێت، کە بۆهاتنەدی ئاشتی لە ڤێتنام دەکرێت.

ئێستا چینیەکان قۆناغێکی بەرزەخی گەشەی ئابوری دەبڕن. بۆ بڕینی ئەو قۆناغە پێویستیان بە ئارامیە نەک شەڕ، بەتایبەت کە لایەنگرانی نزیک لەخۆرئاوا لەچین، لە پۆلیت بۆرۆ (مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی چین) دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە.

گریمانە بکەین وابێت، بەڵام ناکۆکی دوو وڵات ئەندێشەی شەڕ بەدیدێنێت.

ئۆ زێدەڕۆییەکی زۆر لەبارەی ئەو ناکۆکیانە دەکەی. ناکۆکی ئایدۆلۆژی چین و ئەمەریکا، ئەمڕۆ هەرگیز بەتووندی ساڵی 1949 – 1950 نییە. لەو ساڵانەدا کە ماو شانبەشانی ستالین بوو، هەرجۆرە تووڕەییەک بۆپاراستنی پێگەی ئەمەریکا لەخۆرهەڵاتی دوور بەجێ بوو، بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخێکی دیکە بەرچاودەکەوێت.

چین لەڕوسیا جیابووەتەوە و گرفتاری ناکۆکی ناوخۆیە. لەئەمەریکاش لایەنگرانی بەگژداچوونەوەی پەکین بەرەو کزبوون چووە.

ئەو هۆکارەی کە گۆڵد واتەر لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمار بەتەواوی شکستی خواردووە، یەکێکیان ئەوەبوو لەوکاتەدا بە ئاخاوتنی گەرموگوڕ باسی شەڕی دەکرد، خەڵکی ئەمەریکا لەمێشکیاندا وێنەی شێتێکی دەسەڵاتخوازیان لێکێشابوو. لەوانەیە ئەمڕۆ ژمارەی ئەو سیاسەتکارانە لە کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەقەد ژمارەی پەنجەکانی دەستبێت، بەپێچەوانەوە لایەنگرانی سیاسەتی سازش زۆرتر بووە.

**بۆ وێنە سیناتۆر فۆڵبرایت؟**

نمونەیەکی باشت هێنایەوە. فۆڵبرایت لە سیاسەتکارە گەشبینەکانی ئەمەریکایە. هەمیشە دەسەڵاتدارانی کۆکشی سپی راسپاردووە لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ چین زیاتر میانڕەو بن. تەنانەت پێش ماوەیەک کە تۆپ بارانی ڤێتنامی باکور گەیشتبووە سنوری چین، فۆڵبرایت هۆشداریدا شیمانە دەکرێت بەردەوامی ئەو تۆپ بارانە دۆخی ستراتیژی چینی خستووەتە مەترسیەوە و ئەو دەوڵەتە بۆ شەڕ لەگەڵ ئەمەریکا رابکێشێت. فۆڵبرایت بەردەوامی ئەو تۆپ بارانەی بەکارێکی بێهودە زانی، کە ئەنجامەکەی لە هەموان زیاتر دامێنی ئەمەریکا دەگرێت.

**دەربارەی کموی و ماتسۆ و بانگەشەی چین لەسەر ئەو دوو دوورگەیە دەڵێی چی؟**

کموی و ماتسۆ دوو دوورگەی کەنارن، بەدەست چینی میللیەوەن، بەڵام چینی کۆمۆنیست لە ساڵی (1949)ەوە بانگەشەی خاوەنداریەتیانی کردووە. ئەمەریکیەکان تاپێش هاتنە سەرحوکمی کەنەدی هەوڵێکی زۆریان بۆ پاراستنی ئەو دوو دوورگەیە داو هەمان بابەت پێکدادانی دوو وڵاتی بەشێوەیەکی پەرتوبڵاو زۆرتر دەکرد. لەکاتی هاتنە سەرحوکمی کەنەدی، کە لە سیاسەتی دەرەوە نەرمی تایبەتی لەبارەی روسیاو مایالا دەربارەی چین هانەئارا، ئەمەریکا پارێزگاری خۆی لە کموی و ماتسۆ کەمکردەوە. کەنەدی باوەڕی وابوو، کە هەرچەند ئەو دوو دوورگەیە بەدەست چینی میللیەوەیە، بەڵام پێگە جوگرافیەکەی بەجۆرێک دەبێت، کە لەبەرژەوەندی چین بیسوڕێنن. ئەمڕۆش تەنیا هێزەکانی چینی میللی ئەو دوو دوورگەیە دەپارێزن.

**بەڵام بەڕواڵەت ئەو دوو دوورگەیە بێ بایەخن، دەکرێت لە پاراستنی ستراتیژیەتی ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی دوور کاریگەربن و هەمان بابەت ئەمەریکییەکانی تووڕە کردووە؟**

توڕەیی ئەمەریکییەکان لەبەرخاتری کموی و ماتسۆ نییە. ئەمەریکا لە بابەتێکی گەورەتر توڕەیە، کە گەشەپێدانی چینی کۆمۆنیست لەخۆرهەڵاتی دوور، دەوڵەتانی ئەندامی ئەو ناوچەیە بخاتە ژێر هەژمونی خۆیەوە. بۆ نموونە هندستان، کامبۆج، کۆریا پێش هەر وڵاتێکی دی لەبەردەم ئەو مەترسیەدان. وشەی کۆمۆنیست بوونی ئەو دەوڵەتانە بۆ ئەمەریکا گرنگ نییە. ئەوەی گرنگە لە دەسندانی ناوچەی دەسەڵاتی ئابوریە لەو وڵاتانەدا، لەئێستادا ژمارەی زۆرتری هەناردەی ئەمەریکا، بۆ خۆرهەڵاتی دوورە. ئەو نیگەرانییە بەنزیکی ئەمەریکا و روسیاو دۆزینەوەی بازاڕگەلێک لە ئەوروپای

خۆرهەڵات کەمتر بووە، هەر بەو هۆیە پێموایە کە شەڕی نێوان چین و ئەمەریکا هەڵناگیرسێت.

**بەڵام بەڕواڵەت سەرۆکانی پەکین لایەنگری ئەو ڕێبازە توونده دەکەن، کە بەباشی دەریدەخات ماو نیازی شەڕی هەیە؟**

پێشتریش وتم تووندوتیژی ئەو رەوشە، بەهۆی ورەی چینیەکان و کاردانەوەیانە لەبەرامبەر ئەو مەسەلەو رووداوانە، کە لەودیوی سنوورەکەیان دەگوزەرێت. بێ ئەوەی کە ئەگەری شەڕێک بێنێتەئارا، چونکە ماو بۆخۆی نایەوێت گیرۆدەی ئەمەریکا بێت. ئەگەر لەبیرت بێت (ئێدگار ئاسنۆ) چین ناسی بەناوبانگی ئەمەریکی لەپەکین گفتوگۆی لەگەڵ ماوتسی تۆنگ کردو ئەو گفتوگۆیە لە هەموو رۆژنامەکانی جیهاندا بڵاوبووەوە، بێگومان تۆش خوێندوتەوە. ماو لەم گفتوگۆیەدا رەوشی خۆی لەبارەی ئەمەریکا شیکارکردۆتەوە. وتی تا ئەمەریکا دەستپێشخەری نەکات بۆ شەڕ لەگەڵ چین، دەوڵەتەکەی هەرگیز پەنا ناباتە بەر شەڕ، بەڵام ئەگەر ئەمەریکا هاتە ناو خاکی چینەوە، دەبێت چاوەڕێی روبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ بێت لەگەڵ چین. بەتایبەت کە لەهەلومەرجی ئێستادا، تەنانەت ژەنەڕاڵەکانی چین کە دەستیان بەسەر حزبدا گرتووە، حەزناکەن شەڕ لەگەل ئەمەریکا بکەن.

**گریمان قسەکەت راستە، دەبێت بزانین سوپای چین لەکاتی پێویست توانای بەرگریکردنی لە خاکی خۆی هەیە؟**

من بەوردی ئاگام لەدۆخی ئەو ئامارانە نییە، کە پەیوەندیان بەدۆخی سەربازی چینەوە هەیە، بەڵام لانیکەم دەزانم کە چین لەڕوانگەی ژمارەی سەربازەکانی ژێر ئاڵای، دوای ئەمەریکاو روسیایە . ژمارەی ئەوکەسانە بەرایی دەگاتە ملیۆن و حەوسەد هەزار کەس، لەڕوانگەی دەسەڵاتەوە یەکەی تانک و هێزی ئاسمانی و دەریاییش لەجیهان پلەی چوارەم، یان

پێنجەمی هەیە. بەتایبەت کە دەسەڵاتی ئەتۆمی چین بە شێوەیەکی ترسناک بەرەو زیادبوونە. چین مانگانە دووبۆمبی ئەتۆمی درووست دەکات. ڕۆژ بە ڕۆژ سارۆخە کیشوەربڕەکانی زیاتر پەرەیان پێدەدرێت.

**بەڕێکەوت خەریکین دەسەڵاتی ساروخی چین بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە، چونکە هەر وەک ئاگاداری وەزراتی بەرگری نیگەرانی خۆی لەبارەی دۆخی ساروخی جیهان دەربڕی؟**

تا ئەوجێیەی ئاگام لێیە، چین تا ساڵی 1970 دەتوانێت خۆی لەڕوانگەی چەکەکانی ناوکییەوە شان لە شانی ئەمەریکا بدات، بەڵام لەجێدا ئەمریکیەکانیش ئەو دۆخە خۆی لەخۆیدا جۆرێک هاوسەنگی دێنێنە کایەوە، کە بەر بە هەڵگیرسانی شەڕ دەگرێت. بەتایبەت کە روسەکانیش لەڕوانگەی توانای سەربازی و ناوکی ،بەردەوام دەتوانن لەنێوان چین و ئەمەریکادا دابن.

**پێتوایە لەکاتی شیمانەی شەڕی چین و ئەمەریکا، روسیا لەبەرژەوەندی چین دەچێتە شەڕەکەوە؟**

روسیا ئەمڕۆ لەژێر هەژمونی حزبی کۆمۆنیست دایە، تەنانەت حزب لەڕوسیا سوپاشی ڕکێف کردووە. لەبنەڕەتدا ژەنەراڵە روسەکان بەهۆی خوی بەنیزامیکردنیان، بەخراپی نازان لە بەرژەوەندی چین بچنە شەڕەکەوە. بەهەمانشێوە کە ژەنەڕاڵە ئەمریکیەکانیش داوای بەهێزکردنی شەڕی ڤێتنام دەکەن، بەڵام حزبی کۆمۆنیستی روسیا بەو خووە موحافزکارانەی کە بەم ساڵانەی دوایی پەیدای کردووە، بەزەین ناگات لەبەرژەوەندی چین بچێتە شەڕەکەوە.

بـەڵام بەڕێز راسـڵ، روسیا بەپێی رێکەوتنی (1950)ی خۆی، رێکەوتننامەی لەگەڵ چین هەیە ئەگەر چین لەلایەن ژاپۆن، یان دەوڵەتی هاوپەیمانی (مەبەست ئەمەریکایە) هەڕەشەلێ بکرێت، دەبێت روسیا ئەوکارە بکات؟

خاڵێکت بیر نەچێت، کە رێکەوتن هاوکاری سەربازی نێوان دوو وڵاتی سەربەکاتە. ئەو هەلومەرجەی ئەمڕۆ لەجیهاندا هەیە، زۆر لە ساڵی(1950) جیاوازە. هەر بەو شێوەیە چەمکی ئەم رێکەوتنەش بۆ روسەکان گۆڕاوە، هەر بۆیە زۆرجار کاسکین وتوویەتی، کە روسیا ئامادە نییە لەبەرژەوەندی ئەوانی دیکە خۆی تووشی گۆنگەڵی شەڕ بکات.

**بەڵام گریمانەیەکی دیکە دێتەپێش، کە شەڕی چین و ئەمەریکا راکێشرێتە ناوچە ژیاریەکانی روسیاوە. لەم کاتەدا ئایا دیسانەوە روسیا هەروا دەستەو ئەژنۆ دادەنیشێت؟**

پێموایە ئەمەریکیەکان قەت رێگا نادەن شەڕ راکێشرێتە ناوچە ژیاریەکانی روسیاوە، بەگریمانەش کە روسیا بە داوای چین بچێتە شەڕەوە، یان هەست بکات رژێمی کۆمۆنیزم لە پەکین بەرەو رووخانە، مەسەلەکە بەڕێگەی جگە لە شەڕ چارەسەردەکات.

**دەگونجێت چ هۆیەک بۆ ئەو کارەی رووسەکان دابنرێت؟**

چونکە لەوکاتەدا شەڕی ناوکی نێوان ئەمەریکاو روسیا هەڵدەگیرسێت. شەڕێک کە هیچکامیان خوازیاری نین. پێموایە لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان چین و ئەمەریکا، روسیا بە پێدانی فڕۆکە و هاوکاری سەربازی رازی دەبێت و بەس. هاوکات لەڕێگەی دیبلۆماسیەوە بەر بە شەڕەکە بگرێت، چونکە روسەکان باش دەزانن، کە ئاکامی ئەوجۆرە شەڕانە بۆ هەردوولا چی سەرکەوتوو چی دۆڕاو وەک یەکە. ئەو زیانانەی کاریگەری زۆر خراپیان لەسەر ورەی کۆمەڵانی خەڵکی روسیا داناوە، کە لەجەنگی جیهانی دووەم بەریان کەوتووە، هەربەوهۆیە زەینی گشتی بۆ شکان لەشەڕێکی بەرفراوان و گشتی ئامادە نییە، چونکە بەزەحمەتێکی زۆر بناغەی ئاسایش و خۆشگوزەرانی خۆیان لەسەر داروپەردووی شەڕداناوە. هیچ مرۆڤێکی عاقڵ دوای ئاوەدانی وێران ناکات.

**ئایا دەکرێت ئەوروپارۆڵی لەو شەڕەدا هەبێت؟**

بێگومان کاریگەری زۆرە. کۆمەڵگەی خۆرئاوا هەرگیز رێگە بە ئەمەریکا نادات، لە سنورەکانی چینیشەوە پەلامار بدات، چونکە لەم کاتەدا ناچار دەبێت تەنها شەڕ بکات. ئەمڕۆ فەرەنسا، بەریتانیا و زۆر وڵاتی تر بەرژەوەندی خۆیان لە بەردەوامی دان بە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ چین دەزانن، تەنانەت چەندین جار رەخنەیان لەڕەوشی ئەمەریکا گرتووە دەرهەق بەچین. لەم هەلومەرجەدا ئەمەریکا بۆ ئەملاولا ئامادە نییە تەنیا لەشەڕێکدا بەشداری بکات، کە کۆتاییەکەی دیار نییە، چونکە ئەمەریکا بەبێ هاوکاری سەربازی خۆرئاوا لەبەرامبەر چین و روسیا ناتوانێت جوڵەیەکی زۆر پیشان بدات.

ئایا دەکرێت شیمانە نەکردنی شەڕی چین و ئەمەریکا لەسەر رای گشتی خەڵکی جیهان ئەژمار بکرێت؟ بەدەربڕینێکی دیکە، دەکرێت رای گشتی خەڵکی جیهان بەر بەهەڵگیرسانی ئەو شەڕە بگرێت؟

خاڵێکی زۆر سەرنجڕاکێشت کردە پرسیار. بەڕای من رای گشتی دنیا پێش هەر هۆکارێک، دەتوانێت بەر بەهەڵگیرسانی شەڕ بگرێت. بەتایبەت ئەگەر ئەو شەڕە لە نێوان دوو دەسەڵاتی گەورەی دنیا دابێت.

روودانی دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، خەڵکی دنیای لەئاکامە ناخۆشەکانی شەڕ ئاگادار کردووەتەوە. ئەوان باش دەزانن، کە شەڕی چین و ئەمەریکا تەشەنە دەکات بۆ سێیەم شەڕی نێودەوڵەتی. ئەو مەسەلەیە لە دوو شەڕی ڕابردوو تەواو سەلمێندرا. رای گشتی خەڵکی جیهان، زیاتر خوازیاری ئاشتی و ئاسودەییە نەک شەڕ و خوێنڕشتن، چونکە دنیای دوای شەڕی دووەم لەهەموو شتێک زیاتر پێویستی بە ئاشتییە. لەکاتێکدا سەدەی بیست، بەخوێناویترین سەدە دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەو سەدەیە لەیەکەم رۆژەوە تائێستا رمبەی گوللە تۆپ و

ویزەی تفەنگ و هاواری برینداره‌کانی شه‌ڕی له‌گه‌ڵه.

دیاره ته‌مه‌نت ڕێت پێ ناداتت ئه‌و ڕۆژانه وه‌بیرخۆت بێنیه‌وه، به‌ڵام من نزیکه‌ی سه‌ده‌یه‌ک ژیـاوم، هه‌موو ئه‌و ڕووداوانــه‌م به‌چاوی خۆم دیتووه، که له‌جه‌نگی جیهانی یه‌که‌م و دووه‌م ڕوویانداوه. خه‌ڵکی وڵاتانی شه‌ڕکه‌ر پاش ئه‌و دوو شه‌ڕه له‌ناخه‌وه به‌تووندی ڕاچڵه‌کین، گوایه بیرهێنانه‌وه‌ی وه‌شاندنی تاڵ و ترسناکی شه‌ڕ ئه‌مانی له‌سێره‌گرتن له‌یه‌ک بێزار کردووه.

من به‌رده‌وام ڕۆژه‌کانی دوای جه‌نگی دووه‌م وه‌بیرخۆم دێنمه‌وه. ئه‌وروپا که‌وتبووه بن داروپه‌ردووی وێرانه‌کانه‌وه. هه‌موو شوێنێک، له‌هه‌ر کون و قوژبنێکی له‌نده‌ن، پاریس، برۆکسل، به‌تایبه‌ت له به‌رلینی ناوه‌ندی نازیه‌کان، شوێنه‌واری شومی شه‌ڕ به‌رچاو ده‌که‌وێت. له پایته‌خته گه‌وره‌کانی جیهان تۆ له‌جیاتی مرۆڤی ساغ، له‌جیاتی سه‌ربازی ئازا، که چووبوونه شه‌ڕ مشتێک بوونه‌وه‌ری ئیفلیج، کوێر و که‌م ئه‌ندامت ده‌دی. له‌وکاته‌دا ڕه‌نگی ڕه‌شی داماوی و چاره ڕه‌شی هه‌موو شتێکی داگرتبوو. هه‌ژاری و برسێتی له ئه‌وروپا زوڵم و سته‌می ده‌کرد، ته‌نانه‌ت له‌بیرمه ژماره‌یه‌کی زۆر له له‌نده‌ن له‌برسان مردن و که‌سێک نه‌بوو، که لاشه‌کانیان هه‌ڵگرێت و به‌خاکییان بسپێرێت. ئه‌مانه هه‌موو به‌ڵگه‌ی باشن، که پێم ده‌سه‌لمێنێت ویژدانی گشتی خه‌ڵکی جیهان له شه‌ڕ بێزاره. ڕوسیه‌ک، چینیه‌ک، ئه‌مه‌ریکیه‌ک خوازیاری شه‌ڕ نییه.

**که‌وایه بۆچی له کون و قوژبنی جیهان کێشه‌ی وه‌ک شه‌ڕی ڤێتنام به‌رده‌وامه؟**

بوونی ئابوری چه‌کدار کردن له‌وڵاتانی گه‌وره، باشترین به‌ڵگه‌یه، که ده‌توانم بۆ تۆی بخه‌مه ڕوو. ئه‌و ئابوریه واده‌کات، که شه‌ڕ به‌سنورداری له‌هه‌ندێک له‌به‌شه‌کانی جیهان بــه‌رده‌وام بێت، چونکه ئه‌مڕۆ ئابوری

چەکدارکردن لە زۆربەی وڵاتانی گەورەی دنیا، بەناوی بنەمایەکی مسۆگەری پەرەپێدانی ئابوری قبوڵکراوە. هیچ کارێک لە دنیادا هێندەی چەک قازانجی زۆر نییە.

**دەکرێت پێشبینی بکەیت، کە ئەمەریکاو چین لە چ ساڵێکدا شەڕ دەکەن؟**

بەبۆچوونی من لانیکەم تا دە ساڵی دیکە، ئەگەری شەڕ لەنێوان چین و ئەمەریکا نییە، چونکە هەر دوو دەوڵەت وەک پێویست توانای سەربازی و هێزی مرۆیی یەکتریان هەڵنەسەنگاندووە. ڕەنگبێت لەماوەی ئەو ساڵانەدا ژینگەیەکی نوێ بڕەخسێت، کە شەڕ لەناویدا شێوازی توندبوونی خۆی لە دەستبدات و من هیوادارم بەیانی بێت کە پاش ئەمڕۆ دێت.

بەڕێز راسڵ، تا ئەو جێیەی مێشکم ڕێدەدات، تۆ لانیکەم لەم ساڵانەی دوایی لەسەر مەسەلە جیا جیاکانی دنیا گفتوگۆت لەگەڵ سەدان هەواڵنێر و ڕۆژنامەنوسی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهانت کردووە. جەنابی لۆرد وانییە؟

بەڵێ وەهایە. لەوکاتەوە کە یەکەم کتێبی فەلسەفەم بڵاوبووەتەوە، هاوکات خاڵی سیاسیشی لە خۆیدا شاردۆتەوە، هەفتانە قسەم بۆ چەند هەواڵنێر و ڕۆژنامەنوس کردووە، یان بەوتەی خۆیان گفتوگۆ ئەنجامدراوە.

پ: پێموایە لەزۆربەی ئەو گفتوگۆیانەدا کە بە گوڕووتینەوە لەچاپەمەنییەکانی جیهاندا بڵاوبووەتەوە، کەمتر مەسەلەیەک خراوەتە مێشکی ئەو هەواڵنێرانەوە. ئەو بابەتە بیروڕای کەسێنی خۆت لەمەڕ سیاسەتکاران و دەسەڵاتدارانی هاوچەرخی جیهانە. قەت ئەو مەسەلەیە بەجیا لەلایەن تۆوە وەڵامی نەدراوەتەوە. هەر بەو هۆیە بڕیارم داوە باسی دەسەڵاتدارانی جیهان بکەین؟

پرسیارێکی سەرنجڕاکێشت کرد، بەڵام تێنەگەیشتم مەبەستتان چ لایەنێک لەکەسایەتی دەسەڵاتدارانی هاوچەرخی دنیایە؟ فەلسەفەی ژیانیان،

یان سەردەمێک، کە لەڕوانگەی سیاسی و فەلسەفی لە پێگەی ئێستا لە دنیادا هێشتویانەتەوە؟

**مەبەستم هەردوو لایەنی کەسایەتییانە؟**

(لۆرد بێرتر راسڵ کەمێک راما. لە گفتوگۆکانی زۆر کەمتر بێدەنگ دەبێت. بەردەوام خێرا بیردەکاتەوە و ڕێکوپێک قسە دەکات. ئەوە تایبەتمەندیەکی بەرچاوی راسڵە، بەڵام ئەم جارەیان دوای چەند ساتێک بێدەنگی، لەکاتێکدا پایپەکەی لەسەر لێو لادەبرد، وتی: کاتێک پرسیارەکەتان تەواوکرد لەخۆڕا بیرم کەوتەوە، کە منیش وردە وردە خەریکە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنم دەبڕم، ڕێک وەک دەسەڵاتدارانی گەورە و بەساڵداچوو بەڕواڵەت نەناسراوی دنیای هاوچەرخی ئێمە. ئەمانیش درەنگ یان زوو دەبێت پێ بخەنە سەرپلیکانەکانی مردنەوە. ئەوە چارەنوسی هەموومانە. لەیەک کاتدا، بەهەمانشێوە کە خانەیەک دەمرێت و خانەیەکی نوێ جێیدەگرێتەوە، مرۆڤی نوێ دەبێتە جێگرەوەی مرۆڤی لەدنیا دەرچوو.

**هەرچۆنێکبێت بۆ پرسیارەکەت بگەڕێینەوە. من نزیکەی سەدەیەک ژیاوم. لەو ماوەیەدا بەدرێژایی ئەو ساڵانە، ژیان، شارستانیەت و سەرەنجام سیاسەت گۆڕا. بەشێوەیەک کە هەندێکات لەخۆم دەپرسم چۆن دەگونجێت زەمەنی سیاسەتکاران و فەرمانڕەوایانی گەورە بەم چەشنە لێکبداتەوە؟ جڵەو بەدەستان و سیاسەتکاران لەدنیاکەماندا بەردەوام بۆ مەبەستێک دەسەڵاتیان گرتووە بەدەستەوە: حکومەت بکەن. دەسەڵات بسەپێنن و چارەنوسی بنیادەمەکانی ژێر دەسەڵاتیان بەدەستەوە بگرن، پاشان جێی خۆیان بدەنە ئەوی دیکە. ئەوە بنەمایەکی تێکڕایی ژیانە. هەموو بنیادەمێک حەزی لەدەسەڵاتە. هەموو بنیادەمێک حەزدەکات، باڵاترین پۆستی سیاسی و ئابوری بەدەستەوە بگرێت. لەوانەیە لەبەرخاتری ئەوە بێت، کە سروشت ئەو غەریزەی لە بوونی مرۆڤدا بەئەمانەت سپاردووە. پێش بیست ساڵ**

**ڕۆژێک لە سامرست مۆم، نوسەری کۆچکردی هاونیشتمانم پرسی: هەموو خەڵک بەکەسێکی دەروێش و ئەهلی فەلسەفەی تەنیایی و گۆشەگیرخوازت دەزانن، ئەگەر داوات لێ بکەن کە لەجیاتی وینستۆن چەرچڵ پۆستی سەرۆک وەزیران وەرگری قبوڵی دەکەیت؟**

هێشتا ئەو وەڵامە لەگوێمدا دەزرنگێتەوە کە مۆم وەڵامی دامەوە. وتی: لۆرد راسڵ! هەربنیادەمی گەمژە هیوای بوونە سەرۆک وەزیران، دەسەڵات گرتنەدەستی نییە!

بەڕای تۆ جیاوازی سیاسەتکارانی ئەمڕۆی جیهان لە روانگەی فکری، رۆحی، ئەخلاقییەوە لەگەڵ سیاسەتکارانی سەدەکانی رابردوو چییە؟

بەگشتی ئامانج لەسیاسەتکار بوون، چی وا نەگۆڕاوە و دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی گەورەترین بەڵگەی دەبێت، بەڵام لەڕوانگەی شێوازی ژیان و تەرزی هەڵسوکەوتکردن، جیاوازیەکی ئاشکرا بەرچاودەکەوێت. بەمسۆگەری مێژوت خوێندووەتەوە. بەتایبەت ئاگات لە مێژووی ئەوروپایە. لەسەدەی هەژدە و نۆزدەی زایینی، بەکەسێک دەوترێت سیاسەتکار و جڵەوبەدەستی چاک کە مورید و شاگردی راستەقینەی قوتابخانەی ماکیاڤیللی بێت. وا درۆ بکە هەموو بەڕاستی بزانن. تەفرەت بدات بێ ئەوەی هەست بکەی تەفرەت خواردووە. لەژێر روخسارێکی پێکەنیناوی و هاوڕێیانە رقوکینەی قوڵ لەتۆ، لەدڵی بار بێنێت. سیاسەتکارە بەناوبانگەکانی سەدەی نۆزدە وابوون. بەپێکەنینەوە دەستی یەکیان دەگوشی، بێ ئەوەی کە هەرگیز یەکتریان خۆش بووێت. رەنگە لێکدی بێزاریش بووبن! لەتەنیشت یەکتر دادەنیشتن و باسی ئاشتی و هاوڕێ بوونیان دەکرد، بەڵام بەدزی دژی یەکدی پیلانیان دادەڕشت. دیزرائیلی، گلادستۆن، تالیران و زۆربەی دیکە لە سیاسەتکارانی جیهانی رابردو بەم چەشنە بوون. ئەوان جگە لەناوبژیوانی وڵاتانی تری دنیا، درێژەیان بەکاری خۆیان دەداو هەوڵیاندەدا تەنیا بەرژەوەندی خۆیان

و وڵاتەکەیان دابین بکەن. دیزرائیلی بـەردەوام بەهاوڕێکانی دەوت: (سیاسەتکاری چاک ئەوکەسەیە وا درۆ بکات، کە ئێوە بەڕاستی بزانن)، بەڵام ئەمڕۆ سیاسەتکاران و دەسەڵات بەدەستەکانمان رووبەکی دیکەیان هەیە. رەنگە لەبەرئەوە بێت کە خەڵکی دنیا بەئاگابوونەوە و پەیتا پەیتا خەریکن لە راستی مەسەلەکان دەگەن. سیاسەتکارانی هاوچەرخمان لەدوو کۆمەڵ بەدەرنین. کۆمەڵێک کە پەیوەندی بە سەدەی نۆزدەوە هەیە و ساڵەکانی پڕ پشێویان بڕیووە، بەڵام هاوکات وەرچەرخانی هزری سەدەی بیستەمیان بەچاوی خۆیان دیووە. ستالین، چەرچڵ، ئێدنایر، ماو، هۆشی مینەو ژەنەڕاڵ دۆگۆل لەو کۆمەڵەیەن. کۆمەڵەی دیکە جیا لەسەدەی نۆزدە بەئاماژەکانی ئەندێشەی سەدەیەک پـەروەردە کراون، کە تێیدا دەژین. خرۆشۆف، هارۆلد ویلسۆن، جۆن کەنەدی کۆچکردو کیزینگەرو زۆرێک لەسیاسەتکارانی هاوچەرخ لەو کۆمەڵەیەن.

**ئەو دوو کۆمەڵەیە، کە بەقسەی ئێوە هەریەکەو تایبەتن بەسەدەیەک، تاچەند لەڕووی فکرییەوە ناکۆکن؟**

ناتوانین بەوردی ئاستی ئەو ناکۆکییە فکریە روونبکەینەوە. هەندێکیان وەک دۆگۆل و هۆشی مینە، هەرچەند سەربە سەدەی نـۆزدەن، کەچی تاڕادەیەک لە راستیەکانی سەردەم دەگەن و شان بەشانی هەنگاودەنێن، بەڵام زۆربەیان بەهەمان رەوشی کۆنی سیاسەت دەیانەوێت بەرەی خۆیان لەئاوێ دەربێنن. سیاسەتکارانی گەنجی سەدەی بیست، زۆرتر لەقەیرانی گەورەی سیاسی و ئابوریدا کەسایەتییان پیشاندەدەن، زۆر زوو لەناو میللەتێکدا جێی خۆیان دەکەنەوەو ئەو دەسەڵاتە دەگرنە دەست، کە ئارەزویان لێیە، سەرئەنجام هەندێکیان دەبنە سەرۆکێکی دیموکراسی و ڕەوشی هیتلەر دەگرنەبەر.

**پێموایە لەدەسەڵات بەدەستانی هاوچەرخی جیهان چەندکەسێک زیاتر بەناوبانگن. ئەگەر هاوڕابیت کەمێک باسی دووگۆل، بە وتەی ئێوەی ئینگلیز «ناپلیۆنی سەدەی بیست» بکەین؟**

من لەدەورانی ژیانمدا چەندجارێک دووگۆلم بینیوە. یەکەم بینینمان کاتێکبوو، کە لەجەنگی جیهانی دووەم لــەدەرەوەی وڵاتەکەی خۆی سەرۆکایەتی فەرەنسای ئازادی دەکرد. جارەکانی داهاتوو کاتێک بوو، کە وەک سەرۆک کۆماری فەرەنسا باڵاترین دەسەڵاتی سیاسی بوو، هەرچەند بینینەکەمان زۆرکەم بوو، کەچی دەتوانم بانگەشە بکەم، کە تاڕادەیەک لەشارل دووگۆل و فەلسەفەی حکومەتەکەی گەیشتوم. لە کاتێکدا ئەو ڕۆژانە رەفتاری دووگۆل بۆ سیاسەتکارانی بەریتانیا و ئەمەریکا بووەتە کڵافەیەکی سەر ونبوو.

**تۆ پێتوایە دووگۆل لە پێگەی بەراورد بە سیاسەتکارانی ئێستای جیهان باش و خراپی چییە؟**

پێموایە شارل دووگۆل نمونەیەکی تەواوی فەرەنسیەکی نیشتمانپەروەر، سەربەخۆیی خوازو تابڵێی خۆهەڵکێشە. فەرەنسیەکان تاقمێک نەژادی لاتینن، کە سیفاتی تایبەتی خۆیان هەیە. تاک و تاک پەرستی بۆ فەرەنسیەکان لەهەمووشتێک گرنگترە. باوەڕیانوایە تاکێک بۆخۆی دەژی، بۆیە سەربەخۆیی ئەندێشەو ئەقڵی تاک بۆیان بەپلەی یەک گرنگە. بــەردەوام فەیلەسوفە فەرەنسیەکان بانگەشەیان کردووە، کە فەرەنسیەکان بەمەیل و بیری خۆیان ناوبژیوانی دەکات و سەر بۆهیچ فەرمانێک دانانەوێنێت. سەدە گەلێکە ئەو فەلسەفەیە لە فەرەنسا لەهەموو رواڵەتەکانی ژیان، سیاسەت و ئابوری، رووی خۆی پیشانداوە. دووگۆلیش ئەمڕۆ باسی هەمان فەلسەفەی کۆنی حکومەت دەکات ... لەفەرەنسا سەربڵندو ئازاد، لە فەرەنسا باڵادەست و بێ نیاز و سەرئەنجام لە فەرەنسایەک، کە شۆڕشی گەورە رەگیانی داکوتا.

لەخۆڕا کارەکانی دەمخاتە سەڵتەنەتی گەورە، بەڵام بە کورتی ناپلیۆنەوە.

لەڕاستیدا باوەڕت بەوە هەیە کە دەڵێن (دووگڵ ناپلیۆنی سەدەی ئێمەیە؟)

تاڕادەیەک لەگەڵی کۆکم، بەڵام نەک بەگشتی. دووگڵ لەکاتی خۆنوێنی پیاوێکی واقیع بینە. ناپلیۆن پۆناپارت واقیع بین نەبوو. لەکۆشکەکانی خەیاڵی بەدوای دنیایەکی زێڕیندا دەگەڕا کە هەرگیز نەدەهاتە دی؛ بەپێچەوانەوە دووگڵ بەواقیع بینیەوە بەگژ سیاسەتکارانی جیهاندا چووەوە و بۆ شەڕ بانگهێشتی کردوون. بۆ من بەڵگە نەویستە کە دووگڵ لەنیشتمانپەروەری نمونەی تەواوی سیاسەتکارانی سەردەمی ئێمەیە، کە ژیانی خۆی فیدای فەرەنسا کردووە، بەڵام کێشەی کارەکە لێرەدایە، کە هەوڵدەدا خۆی بکاتە کەسایەتیەکی ئەفسانەیی. هەمیشە بیر لەسەرەتای گەلێک دەکاتەوە، کە دوای سەدەیەک دنیا داوەری لە بارەیەوە دەکات، نیشتمان پەرست ... زۆربلێ .. سەرەڕۆ و هاوکات واقیع بین و هەر ئەو مەسەلەیەیە، کە لەکەسایەتی رۆحی و سیاسیدا جۆرێک دژایەتی و وەرگۆڕانی بەدیهێناوە. بەشێوەیەک کە لە روانگەی بیرتیژیەوە زۆرێک لە رۆشنبیرانی جیهان، کەسایەتی دووگڵ وردە وردە سیمای پۆناپارت لەخۆیدا بەرجەستەدەکات. سەدەی ئێمە سەدەیەکە، جێگایەکی بۆ موریدانی پۆناپارت ناکاتەوە. رەنگە ئەگەر دووگڵ لەسەدەی نۆزدە دەبووە سەرۆک کۆماری فەرەنسا، دەیتوانی خۆی بکاتە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی، بەڵام ئێستا زەمەن ئەوە بەپێویست نازانێت. تەنانەت دووگڵ بۆخۆشی ئاگای لەو مەسەلەیە.

**ئێستا مەسەلەیەک بەمێشکمدا هات، کە لەسەرەتای دەسەڵات گرتنەدەستی دووگڵ، لێڵیەک لە پەیوەندی فەرەنساو ئەمەریکادا دیارە، کە رۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێت. لەم بارەیەوە بیرواڕت چییە؟**

و: لەڕاستیدا ناکۆکی بۆچوونی دووگڵ لەگەڵ ئەمەریکیەکان، دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد. بەمسۆگەری ئاگاداری کە ئەوروپای دوای جەنگی دووەم، زیاتر لەهەموو کاتێکی خۆی بەچاو لە دەستی هاوکاریەکانی ئەمەریکا دەدی. سەرمایەدارە ئەمەریکیەکانیش هەلەکەیان قۆستەوە و ملیۆنان دۆلاریان لە بازاڕەکانی ئەوروپا بەگەڕ خست. سەرەتا ئەوروپای دوای شەڕ، بەهۆی هەژاریەکی زۆرەوە پێویستی بەچوونەناوەوەی ئەو سەرمایە بوو، شەڕ هەموو شتێکی لەبەین بردبوو، بەڵام وردە وردە کاتێک دەچووە پێش و خۆشگوزەرانی ڕێژەیی سەریهەڵدەدا، دەوڵەتەکانی ئەوروپا کەمتر هەستییان بەپێویستی ئەمەریکا دەکرد.

فەرەنسا لەسەردەمانی جەنگی دووەم، زیانێکی زۆری بەرکەوت و لەهەموو وڵاتەکانی دیکە، زیاتر سودی لەهاوکاریەکانی ئەمەریکا وەرگرت. ڕێک دە ساڵ دوای جەنگی دووەم، زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەوروپا، چوونەوە سەردۆخی ئاسایی جارانیان، لەکاتێکدا ئەمەریکا حەزیدەکرد دەسەڵاتی ئابوری خۆی لەئەوروپا بێنێتەئارا. وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئەو کیشوەرە لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتە ئابوریە کاردانەوەیان پیشاندا. کاردانەوەی فەرەنسا بەسەرۆکایەتی دووگڵ لەهەمووان تووندتر بوو. دووگڵ لە ژێر دەسەڵاتی ورەی نەتەوەیی فەرەنسی خۆی نەیدەویست دنیا وڵاتەکەی بە دەستی ئاماژەکەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بزانێت. لەوکاتەوە خاڵی بەرایی ناکۆکیەکان دەستی پێکرد.

**بەڵام فاکتەری تریش هەبوون، کە متمانەی فەرەنسای لە ئەمەریکا زەوتکرد؟**

هاوڕاتم لەوبارەیەوە. زۆر مەسەلە بووە و هەیە، کە متمانەی فەرەنسای لە ئەمەریکا زەوتکردووە. فەرەنسیەکان میللەتێکی هەستیارو زوو ڕەنجاون. کاتێک متمانەیان بەکەسێک زەوتکرا، بەزەحمەت واز لەبیروڕای

خۆیان دێنن. ڕەنگە تێپەڕینی ساڵەکان بەدوای یەکدا بتوانێت ئەو بیروڕایە بگۆڕێت. بەڕای من مەسەلەی بۆمبی ئەتۆمی و چەکە ناوکیەکانی ئەمەریکا، گرنگترین مەسەلە بوون، بوونە هۆی متمانە نەبوونی فەرەنسا بە ئەمەریکا.

**پ: دەگونجێت زیاتر ڕوونی بکەیتەوە؟**

و: بۆمبی ئەتۆمی پەیوەندی کلاسیکی نێوان دەوڵەتەکانی تێکداو هەڵیگێڕایەوە. دوای جەنگی دووەم دوو بلۆکی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، واتە ئەمەریکا و روسیا بە بوونی چەکی ناوکی سەنگەریان لەیەکدی گرت. لەوناوەدا ئەوروپا تاڕادەیەک پشتگوێخرابوو، چونکە چەکی ئەتۆمی نەبوو، دووگۆل لەوانە یەکەم دەسەڵات بەدەستانی خۆرئاوابوو، کە داوای لە ئەمەریکا کرد، چەکی ئەتۆمی و دامەزراوەکانی بخاتە بەردەست دەوڵەتێک و دەوڵەتی ئەمەریکا پەسندی نەکرد.

**بۆچی؟**

زۆر ئاشکرایە، چونکە لەوکاتەدا دەبوو ئەمەریکا چاوپۆشی لە دەسەڵاتی خۆی بکات بەسەر ئەوروپادا. فەرەنسییەکان بۆخۆیان دەستبەکار بوون و دامەزراوە ئەتۆمیەکانی خۆیان دامەزراند. بە دوایدا فەرەنساو هەمووەدەوڵەتانی ئەوروپا وەک ئەڵمانیای خۆرهەڵاتیش خەریکی توانای ناوکی خۆیانبوون.

**پێموایە هەندێکجار هۆکارێکی رەشبینی فەرەنسییەکان لە ئەمەریکییەکان لەو بابەتەدا کورتدەبێتەوە، کە هاوپەیمانە سەربازیەکان جێی متمانە نین؟**

لەکاتێکدا بیروڕاکەتم قبوڵە، کە قبوڵی بکەین هێڵی پەلاماری روسیا بۆ ئەوروپا و روخانی فەلسەفەکانی دیموکراسی لەبەین چووبێت، ئەگەر سەرنج لەئاخاوتنەکانی دووگۆل بدەی، خاڵێک لە هەموو خاڵەکان زیاتر لە ئاخاوتنەکانی دووبارە دەکاتەوە: (میللەت ناتوانێت لەمەسەلە گرنگەکان پشت بە بێگانەکان ببەستێت). وای بۆدەچم هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەی

فەرەنسیەکانیش لە ئەمەریکییەکان لەوخاڵەدا پەنهان بێت. فەرەنسیەکان لەڕوانگەی رۆحی نەتەوەییەوە، هەرگیز ئامادەنین لەمەسەلە دەرەکییەکانیاندا پشت بە بێگانەکان ببەستن. بەڕای من دووگل دەربارەی بەرگری لە کیشوەری ئەوروپا رایەکی جیاوازی هەیە. لەو باوەڕەدایە ئەگەر رۆژێک ئەوروپا پەلاماری بدرێت، ئەگەری هاوکاری ئەمەریکا زۆر کەمە، بەتایبەت کە لەم سالانەی دوایی دا، ئەمەریکاو روسیا پێشتر ناوچەی دەسەڵاتی ئابوری خۆیان دیاریکردووە و دووگل نایەوێت ببێتە قوربانی سازانێکی پەنهانی دوو دەسەڵاتی زلهێز.

لە هەمووی گرنگتر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و بەشێک لە هەڵەکانی ئەو دەوڵەتە لە کون و قووژبنی جیهان رۆژ بەڕۆژ هۆکاری جیابوونەوەی فەرەنسا بووە لە ئەمەریکا. فەرەنسییەکان کە بەردەوام خۆیان بە ئاڵا هەڵگری ئازادی و دیموکراسی زانیووە، ئامادەنین هاوڕای سیاسەتی نائەقڵانەی ئەمەریکا بن، پێشهاتەکان کە لە ئەمەریکای لاتین و ئاسیای باشوری خۆرهەڵات و بەتایبەت ڤێتنام دەگوزەرێت، فەرەنسای لە ئەمەریکا جیاکردۆتەوە.

**ئایا ئەو مشتومڕە پاڵنەری بنەڕەتی بەدیهێنەری ئەندێشەی یەکیەتی ئەوروپا، یان دەسەڵاتی سێیەم بووە لە جیهاندا؟**

بیری یەکیەتی ئەوروپا شتێکی تازە نییە و چەندین سەدەیە پاپاکانی کڵێسای کاسۆلیک هەوڵدەدەن لەژێر ئاڵای ئایینی نێوان وڵاتانی ئەوروپا، جۆرێک یەکگرتن و هاوڕایی سیاسی و ئابوری بێننەئارا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. دووگل لەبەرایی جڵەوگرتنە دەستی، هەمیشە کۆشاوە لە نێوان دوو دەسەڵاتی گەورەی خۆرئاوا و خۆرهەڵات هێزی سێیەم بێنەدی. بەدیهێنانی ئەو هێزە تەنیا لە رێگەی یەکگرتنی ئەوروپا و سەربەخۆیی لە بەرامبەر ئەمەریکا شیاو بەزەین دەگات، دووگل باوەڕیوایە کە ئەوروپا

دەبێت وەک هێزێکی سەربەخۆ داوەری نێوان ئەمەریکاو روسیا بکات، لە کاتێکدا ئەمەریکیەکان دژایەتی دەکەن.

**بە رای تۆ ئامانجی دووگل لە هێنانەئارای دنیای سێ دا چیە؟**

مەسەلەی کێشەیەکت خستۆتەڕوو، کە ناتوانم بە وردی وەڵامبدەمەوە. تەنیا دەتوانم بڵێم، کە فەرەنسا هەوڵدەدات دەوری گرنگ لە تەلاری ئەوروپادا ببینێت.

**ئایا ئامانجی دووگل سەپاندنی سەروەری بوونی خۆی نییە بەسەر ئەوروپادا؟**

سیاسەتکارانی فەرەنسی لەوباوەڕەدان، کە ئامانج لەهێنانەکایەی دنیای سێ، دانانی رێگایەکە لە بەردەم وڵاتانی ئەوروپا، بێ ئەوەی مەسەلەی سەپاندنی بەرزەتری پێشنیاز کرابێت ، بەڵام ئەمەریکییەکان و ئینگلیزەکان بیروڕای هاوڕێکی ئـەوە دەردەبـڕن. ئەمان دەڵێن دووگل هەوڵدەدات بەکردنە دەرەوەی ئەمەریکا لە ئەوروپا، بۆخۆی جێیانبگرێتەوە.

**بە رای تۆ لەوکارەدا سەرکەوتوو دەبێت؟**

ناتونیت لەوبارەیەوە بەیەقینی رای خۆت بڵێی. داوەری لەبارەی بەشێک لەمەسەلەکان، پێویستی بەتێپەڕینی کاتێکی زۆرتـرە. ئەگەر بەوچەشنە کە فەرەنسییەکان بانگەشە دەکەن، ئامانج لە بەدیهێنانی دنیای سێ دانانی رێگایەک بێت لەبەرپێی ئەوروپییەکان و نەسەپاندنی سەروەری فەرەنسا بێت، ئەگەری سەرکەوتنی زۆرە. بەتایبەت کە فەرەنسا لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا پێگەیەکی نایابی هەیە، هەر ئەو پێگەیە زنجیرەیەک ئیمتیازاتی سیاسی لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە هێناوەتەئاراوە.

وڵاتانی ئەوروپی کە سەدە گەلێکە خوویان بە سیستمی دیموکراسیەوە گرتووە، هەر بەو رادەیە، کە لە دەسەڵاتی ئەمەریکا

دەترسن، سـەروەری فەرەنساش قبووڵناکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو، بێگومان پێشوازی لە چارەسەرەکانی ئەو دەوڵەتە دەکرێت.

**مەسەلەی پەیوەندی فەرەنساو روسیا لەساڵەکانی ئەم دواییە بابەتێکی دیکەیە، کە لە بارەی خودی جەنەراڵ دووگڵ دەخرێتەڕوو و رۆژ بەڕۆژ بەرەو باشی رۆیشتووە. دەمویست بیروڕای تۆ لەوبارەیەشەوە بزانم؟**

پێموایە فەرەنسا و روسیا لە ساڵی 1917 بـەدواوە، هەردووکیان لەبەردەم مەترسیەکی گەورە و هاوبەش دابوون، بوونی ئەڵمانیای بەهێز، واتە دراوسێی دوو دەوڵەتی فەرەنساو روسیا، هەمیشە هۆکارێک بووە، کە جۆرێک ئاڵۆزی و هاوکاری ناوەوەیی لەنێوان ئەو دووانە سەرهەڵبدات. فەرەنسیەکان لە روسیاکان چاوەڕێدەکەن و روسەکانیش لەبەرامبەردا داواگەلێکیان لە فەرەنسا کردووە. روسەکان داوا لەدووگڵ دەکەن، بە فەرمی ناسینی ئەڵمانیای خۆرهەڵات رەزامەندی لەسەر نەخشەی هەر دوو ئەڵمانیا پیشانبدات. ئەوکارە بەقسەی سیاسەتکارانی کرملین لایکەم ئەو سودەی هەیە، کە بەر بەگەشەکردنی خێرای دەسەڵاتی «تۆڵەستاندنەوەی» ئەڵمانیا دەگرێت، لەکاتێکدا دووگڵ لەگەڵ بوونی هەستی مەترسی نازیزم دیسانەوە داوا لە روسەکان دەکات، تا بە هەڵبژاردنی ئازاد، یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا مسۆگەر بکەن.

ئەو ڕۆژانە روسەکان بەدوای هاوپەیمانیەکدا دەگەڕێن، کە لە ئامانجەکەیان گەیشتووە و هەڵسەنگاندنی وردو راست لە بارەی هزرییان بەکارببات. ژەنەڕاڵ دووگڵ یەکێ لەو هاوپەیمانانەیە.

**دەکرێت زیاتر روونی بکەیتەوە؟**

دەسەڵات بەدەستانی کرملین وەک دووگڵ باوەڕیان بەیەکگرتنی ئەوروپا هەیە. کرملینیش وەک فەرەنسا حەزدەکات پەیمانەکانی ناتۆو وارشۆ

هەڵبوەشێنەوە و لەبری ئەو پەیمانە، بە بەشداریکردنی دەوڵەتانی ئەوروپی بێنەئارا. سەرباری ئەوەی لەمەسەلەی ڤێتنام هەردوو دەوڵەت باوەڕیانوایە، کە نابێت ڤێتنام بکەوێتە ژێردەسەڵاتی ئەمەریکاو چینەوە و دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا خاکی ئەو وڵاتە بەجێبێڵن. لەوە گرنگتر ئامانجی هەردوو دەوڵەت رێ بە دەسەڵاتی ئەمەریکا دەگرێت لە کیشوەرە جۆراوجۆرەکانی دنیادا.

**ناساندنی چینی کۆمۆنیست لەلایەن فەرەنساوە، ئایا پاڵنەری نزیکبوونەوەی زیاتری فەرەنسا و روسیا نەبوو؟**

بێگومان ئەوکارە کاریگەری زۆری لەسەر پەیوەندی باشی هەردوو دەوڵەت هەبوو، چونکە چین بە چاوپۆشی لەناکۆکیەکانی لەگەڵ روسیا، بە ئەندامێکی کەمپی کۆمۆنیزم هەژماردەکرێت، بەم حاڵە دەبێت بڵێین، کە ناساندنی رژێمی پەکین لەلایەن فەرەنساوە تەنیا لەبەرخاتری رازیکردنی روسەکان نەبوو. زۆر پێشتر فەرەنسییەکان هەستیاندەکرد، ئاقڵانە نییە فەرەنسا پەیوەندی خۆی لەگەڵ میللەتێکی حەوسەد ملیۆن کەسی ببڕێت، کە لەمەیدانی سیاسەتی جیهان بەقورساییەکی زۆر دادەنرێت و رۆژانە رۆڵی گرنگتر لەپەیوەندی نێودەوڵەتی دەبینێت. بەبۆچوونی من بازرگانانی فەرەنسی و کرۆکی ئابوری فەرەنسا، ئەو ئەندێشەیان هێناوەتە ئاراو رویەکی سیاسیان پێداوە، چونکە ئەگەر بڕیاربێت فەرەنسا بڕیاری پەرەپێدانی پەیوەندی بازرگانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی کۆمۆنیستی بدات، چین لە ئەوانی دیکە بە باشتر دەزانێت.

ئێستا کە بە قۆناغی کۆتایی باسەکەمان لە بارەی فەرەنسا و دووگڵ گەیشتووین، دەمویست بۆ چوونی خودی خۆت دەربارەی کەسایەتی دووگڵ بزانم.

بە رای من دووگڵ سیاسەتکارێکی بەناوبانگ، بەڵام خۆنوێنی سەدەکەمانە. هەمیشە پشت بەو تیۆرە دەبەستێت، کە ئەگەر شتێکت بۆ

وتن نییە، نابێت هیچ بڵێی. ئەو شێوازەی فکرە ڕێک خاڵی بەرامبەری ڕەوشی ئەمریکیەکان و هەندێکات خودی ئێمەی ئینگلیزەکانە. دووگڵ لەو سیاسەتکارانەیە، کە خۆی و ناخی ناسراو، ئەوە گەورەترین ئیمتیازیەتی. دووگڵ کەمتر خۆ هەڵدەکێشێت و هەرچی بیەوێت بەکردەوە بەدی دێنێت.

بە رای تۆ ئەگەر تا هەڵبژاردنی داهاتووی فەرەنسا دووگڵ نەمرێت، ئایا هەڵبژاردن دەکرێتەوە؟

من چەندان ساڵ لەفەرەنسا بووم و کەم و زۆر فەرەنسیەکان دەناسم. پێش ماوەیەک دامەزراوەیەکی ئاماری فەرەنسا لە بارەی خۆشەویستی دووگڵ دەرەنجامێکی جوانی بەدەستهێنا. بەمەش ئامار لەهەر سێ کەسی فەرەنسی، دووکەس لایەنگری دووگڵییان دەکرد.

ئەو بابەتە بۆ ئەمەریکیەکان سەرسامهێنە، کە پیاوێکی وەک دووگـڵ چۆن دەتوانێت هەم سەرئێشە و هەم هاوکات خۆشەویستی میللەتەکەی خۆی بێت، بەڵام حەقیقەتە کە دووگڵ ئاشتی بۆ فەرەنسیەکان، بە دیاریهێناوە، هەربۆیە باوەڕموایە لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا دیسانەوە سەردەکەوێت. دیارە فاکتەری تریش کاریگەرن لە پتەوکردنی پێگەکەی، چونکە لەناو دەوڵەتانی خۆرئاوا، تەنیا ئەو بەئاشکرا دژی شەڕی ڤێتنام بووە، لەلایەکی دیکە لەناو فەرەنسا حزبی کۆمۆنیست گەورەترین حزبی فەرەنسا پێکدەهێنێت. لەفەرەنسا هاوڕێیەتیکردنی کۆمۆنیستەکان تاوان نییە. لەو ڕووەوە کۆمۆنیستەکانیش بە جڵەوگرتنە دەستی ئەو، وەک سەرۆک کۆمار بە ڕواڵەت نابێت نەیاری هەبێت.

**دوا پرسیارم لەبارەی دووگڵ ئەوەیە ،کە دوای مردنی، چارەنووسی فەرەنسا چییە؟**

پێش ئەوەی ئەو پرسیارە بکەی بیرم لەو دەکـردەوە. دووگڵ لە فەرەنسای لاواز و وێرانە زەبەلاحێک و دەسەڵاتێکی گەورەی درووستکردووە،

بەڵام دوای ئەو فەرەنسا چی بەسەر دێت؟ ڕێگای دووگۆڵ، دوورودرێژە، بەڵام پڕمەترسییە، بۆیە زۆربەی خاوەنڕایان و بیرمەندانی جیهان لەوباوەڕەدان چارەنوسی فەرەنسا دوای دووگۆڵ شتێکی دیکە دەبێت، شتێک کە ئێستا ناتوانی لە ئاوێنەی زەمەندا بەرجەستەی بکەی. ئەو بابەتە قسەکەی سزاری ئیمپراتۆری گەورەی ڕۆمام لەکاتی مردنیدا بیردێنێتەوە. لەکاتێکدا خەنجەری برۆتۆس، تا مشتوی لەسینگی ڕۆچوبوو وتی:

(من گەورەیی و شکۆییم بەڕۆمادا، کە هەرگیز مێژووەکەی هاوشێوەی لەبیر نابێت، بەڵام ئەو شکۆییە دوای من چی بەسەر دێت؟ ڕەنگە بگاتە لوتکەی خۆی، یان لە دەرگای مێژوو بچێتە دەرێ و تەنیا بەشێوەی ئەفسانەیەک بدرەوشێتەوە.)

جەنابی ڕاسڵ تۆ لەسەرەتای باسە نوێکەماندا سیاسەتکارانت بۆ دوو کۆمەڵ دابەشکرد. کۆمەڵێک کە تەنیا سەر بەسەدەی بیستن و کۆمەڵێک کە وەرچەرخانی سەدەی نۆزدەشیان بەچاوی خۆیان بینیووە، بێهۆ نییە دوای دووگۆڵ باسی سیاسەتکارێکی کۆمەڵی یەکەم، واتە جۆن کەنەدی کۆچکردو بکەین. کەنەدی دوای مردنی زۆر کتێبی لەبارەیەوە نوسرا. زۆربەی خاوەنڕایان ئارتۆر شلزینگەر لەبارەی ئەو، بیروڕای خۆیان دەربڕیووە. تەنیا تۆ بێدەنگ بووی و لە وتنی بیروڕا خۆت دزییەوە. من بەم پرسیارە لەڕاستیدا دەمەوێت بێدەنگیت بشکێنم و بیروڕاتان لەبارەی گەنجترین سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بپرسم. دیارە ئەگەر ڕەزامەندیت لەسەر بێت؟

پشتگیری وتەکەت دەکەم، کە کەمتر باسی کەنەدیم کردووە. بەردەوام بیرم دەکردەوە، کتێبی قەبە و تیراژ زۆری ئارتۆر شلزینگەر ڕووی ڕاستەقینەی کەنەدی پیشانی دنیا دابێت، بەتایبەتی کە سیلزینگەری نوسەر، دەروونناس و ڕەخنەگرێکی باشە.

مەبەستان کتێبی (هەزار ڕۆژ دەسەڵاتی بەدەستەوەگرتنی کەنەدی)یە؟

بەڵێ، بەڕای من ئەو کتێبە بە ویژدانترین کتێبە، کە لەبارەی ژیانی کەنەدی نوسراوە. ئەگەر ئەو کتێبەت بەدیقەتەوە خوێندبێتەوە، دەتوانی روخساری کەنەدی لە ساڵی 1960، واتە کاتێک بە تەواوی تێیبگەی، کە بووە سەرۆک کۆماری ئەمەریکا.

جەنابی راسڵ پێتوایە تایبەتمەندیەتی رۆحی و فەردی کەنەدی کۆچکردو چۆن بووە؟

پێموایە کەنەدی لە سەردەمێکی کەمی چالاکی سیاسی خۆی، دوو رووی هەبووبێت. روخساری خۆی وەک سیناتۆر، تا روخساری سەرۆک کۆمارێکی گەنج تەواو جیاواز بەزەین دەگەیشت.

بێگومان دەزانی بنەماڵەی کەنەدی بە رەگەز ئیرلەندی بوون، کە پاشان کۆچییان بۆ ئەمەریکا کردووە. ئەو بابەتە بۆخۆی زنجیرەیەک تایبەتمەندی ئیرلەندی بەمیراتی بۆ بەجێهێشتبوو، کە کاتێک جمک دەبوو بە سیفاتی ئەمەریکیەکەی، دەیکردە مرۆڤێکی نائاسایی و لەوانەیە لەڕادەبەدەر.

**دەگونجێت زیاتر روونی بکەیتەوە؟**

ئەمەریکیەکان خەڵکانێکی خەسڵەت سەیروسەمەرەی رۆحی، لەو وڵاتە بەرینەدا، کە مرۆڤ تەواو بە سەر سروشتدا زاڵە، دوو کۆمەڵ خەڵک هەن: کۆمەڵێک کە دەوری سەرۆکایەتی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و سیاسییان لە ئەستۆیە. کۆمەڵەکەی دیکە جەماوەری شوێنکەوتوو دەبێت. هەردوو کۆمەڵەکە سیفاتێکی هاوبەشییان هەیە، کە هەموو شتێک لەکلاوڕۆژنەی دۆلار و پارەدا دەبینین. تەنانەت ئەگەر رای منیان قبوڵبوو، دووژمنانی پلە یەکی وڵاتەکەیان لە دەرەوەی وڵات وەک هۆشی مینە و کاسترۆیان دەکرێ. جۆن کەنەدی کۆچکرد و تاڕادەیەک لەوسیفەتە هاوبەشەی ئەمەریکیەکان دووربـوو. پیاوێکی توێژەرەوەی نائاسایی و رووناکبیرانە چەندین جار

دەمبیست زۆربەی پێشنیازەکان دێننە لای، کە چەندان مانگ کاریان لەسەر کرابوو. کەچی بە توێژەرەوەیی گەشبینانە خۆی و بە پرسیارکردنی ورد نەبوونی دەسەلماند.

**پێتوایە کام سیفەتی رۆحی کەنەدی وایکرد، کە بە پۆستی سەرۆک کۆماری بگات؟**

بوونە سەرۆک کۆمار لەئەمەریکا بەپێچەوانەی فەرەنسا، پێویستە سامانی پێویستت هەبێت. کەنەدی ئەو پارەی هەبوو. لە ئەمەریکا ئەوکەسانە زیاتر چانسی بوونە سەرۆک کۆماریان هەیە، کە سامانێکی زۆر یان هەبێت، بەڵام تەنیا پارە بەس نییە، زۆر شتی تریش پێویستە، وەک دەسەڵاتی سیاسی و ناوخۆیی کاندیدێک و لەهەمووی گرنگتر تێگەیشتن لە زمانی خەڵک، یان بەو زمانە قسە لەگەڵ خەڵک کردن. ئەوە کاری هەمووکەس نییە. لەهەمووی گرنگتر کاتێک، کە کەنەدی بووە سەرۆک کۆمار تەواو لەگەڵ رۆژگارەکانی رابردووی جیاواز بوو.

**لە مەبەستی رستەی کۆتاییتان نەگەیشتم؟**

کەنەدی لە ساڵی 1960 جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست. وانییە؟ ساڵێک سیاسەتی ساردو وشکی ئایزنهاوەر، تەنانەت ئەمەریکییەکانی بێزارکردبوو. پێش ساڵی1960ئەمەریکیەکان بەردەوام روبەڕووی مەسەلە و کێشەی تێکەڵوپێکەڵ ببوونەوە. روداوی فڕۆکەی (یو2-) و شکستی کۆنفرانسی ژنۆ، هەموویان دەستیان خستەناو دەستی یەک و مەیدانیان بۆ هاتنەسەرکاری جڵەوبەدەستانی گونجاوتر و میانڕەوتر دەڕەخساند. ساڵی 1960 لەبەرامبەر نیکسۆن، کە خوازیاری درێژەدان بە سیاسەتی توندی سەربازی ئایزنهاوەر بوو، کەنەدی باسی ئاشتی و ئارامی دەکرد. من لەنزیکەوە تەماشای زۆربەی گوتارە تەلەفزیۆنەکانیم کردووە. کەنەدی وتاربێژێکی باش بوو، رەنگە ئەو بابەتە هۆکارێکی سەرکەوتنی بێت. باش دەیتوانی خەڵک بەوشەکانی

بشڵەژێنێت و کاریان لێ بکات. لەکۆتایی وتارەکانیدا بەهیوای خۆی دەگەیشت، دەیتوانی باشترین شتێک، کە خەڵکی ئەمەریکا خەریکن لێیان وەرگرنەوە و بەمەیلی واقیعبینانەی خۆی شرۆڤەی بکات.

**ئەو باشترین شتە چی بوو جەنابی لۆرد؟**

تۆ بۆخۆت ئەمەریکی و لەمن باشتر دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە پرسیارتکرد، وەڵامت دەدەمەوە، سەدەگەلێکە ئەمریکیەکان لە بوونیاندا جۆرێک هەستی گەشبینی میراتییان لەخۆیاندا گۆشکردووە. ئەو هەستە وێڕای کارەسات و شکستی سیاسی زۆر، دیسانەوە لەبوونیاندا ماوەتەوە، بەچاوی گەشبینیەوە تەماشای هەموو شتێکی تازە دەکەن. کەنەدیش شتێکی نوێ؛ کەسایەتیەکی نوێی سیاسی بوو.

**کەوایە تۆ بەم شێوەیە هیچ دەورێک بۆ دەسەڵاتی حزبەکان و فەلسەفەی ئەندێشەیان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمار دانانێیت؟**

بەپێچەوانەوە، گرنگی تایبەتی بەو بابەتە دەدەم. کەنەدی نوێنەری حزبی بوو، کە کەسانی وەک دوورو، ویلسۆنی پێغەمبەری ئاشتی و فرانکلین رۆزفلێتی رۆح، خۆیان لەودا قاڵکردبووەوە. حزبی دیموکرات، کە کەنەدی بەنوێنەری دادەنـدرا، لەبنچینەدا لە روانگەی فەلسەفەی سیاسی و حکومەتەوە سـەروەری بەسەر کۆماریخوازانەوە هەبوو. دیموکراتەکان لایەنگری ئازادیخوازێکی بزۆزیان دەکرد. بەم حاڵە تابۆیان دەکرا هەمیشە لەوەرگرتنی رێبازی سیاسی خوی موحافزکاری و لاپارێزی خۆیان دەپاراست.

سەرانی جەماوەری حزبی کۆماریخواز، بە رەوشی سیاسی زێدەڕۆ، وڵاتیان تالێواری هەڵدێری شەڕ دەبرد. تەنیا لەم خاڵەدابوو، کە هەستییان بە ئاکامی کارەکە کردووە و پاشەکشەیان دەکرد.

**بە رای تۆ فەلسەفەی سیاسی حکومەتی سێ ساڵەی کەنەدی، چ**

**بەسەرەوەبوونێکی بەسەر هەموو سەرانی کۆماری ئەمەریکاوە هەبوو؟**

پێشتریش وتم کە ئەمەریکیەکان بەشێوەی سروشتی موحافزکار نین و بێهۆ گەشبینن. کەنەدی هەوڵێکی زۆری دا تابیسەلمێنێت، ئەوجۆرە گەشبینیە سەرئەنجام بەکەمتەرخەمیەک و خەمساردیەکی ترسناک کۆتایی دێت، کەنەدی هەوڵیدەدا ئەمەریکیەکان لەو خەوە قوورسە خەبەربکاتەوە، کە تێیدا دەتلانەوە. پێش ساڵی 1960، خەڵکی ئەمەریکا بەجۆرێک گەشەکردنی تایبەت، چاویان لەدوارۆژ بڕیبوو. گوایە تا دنیا ماوە ئاشتی و ئارامی و سامانیان بەردەوام دەبێت، بەڵام کەنەدی بەتووندی دژی ئەو شێوازە تێفکرینە بوو. دەیوست خەڵک راچڵەکێنێت و لەو ئاڵودەبوونە بە خەوە بیانهێنێتەدەر. لەوسەردەمەدا کۆمەڵێک لەوباوەڕە دابوون، کە نیگەرانی بۆ داهاتووی ئەمەریکا بێ مانایە، چونکە هێشتا جەنگی سێیەمی جیهان هەڵنەگیرساوە ... بۆمبایەک نەکەوتۆتە خوارەوە... سەرئەنجام ئەمەریکای لاتین بەدەست ئەمەریکیەکانەوەیە، کەوایە بۆ دەبێت لەخۆڕا نیگەران بن، بەڵام کەنەدی لەبەرامبەر خۆی، ئەمەریکایەکی دەدی، کە روبەڕووی کێوێک کێشە بووەتەوە. چارەسەری ئەو کێشانە تەنیا بە بێدارکردنەوەی خەڵک و بەوەلانانی سیاسەتکارانی دەمارگیر لە مەیدانی سیاسەت، ئاسان دەبێت.

**دەگونجێت وشەی سیاسەتکارانی دەمارگیر روونتربکەیتەوە؟**

هەڵبەتە، مەبەستم لە سیاسەتکارانی دەمارگیر ئەو کەسانەیە، کە لەبەرامبەر ئازادیخوازان و چاکەکاران بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکان، سود لە رێبازی کۆنەپەرست، تووندوتیژانە، بەدگومانی و تیرۆریزم و ترسنانەوە وەردەگرن، ئەو سەرۆکانە بەلەباری وەڵامی هەستی گەورەیی خوازی خەڵکیان دەدایەوە و لەزگەی نەتەوەییان لە هەنگاوی نائەقڵانەی خۆیان دەدا. ئەم رێبازە هەم لەناوخۆ و هەم لە دەرەوەی ئەمەریکا

بەکاردەهێنرا. ئەگەر لەبیرت بێت! ئاڵۆزی پەیوەندی ئەمەریکا و روسیای ساڵەکانی (1956) و (1960)، سەریهەڵدا. بیروڕای ئەو سیاسەتکارانە بوو، کە گەورەترین قەیرانی جیهانیان هێنایەئارا.

**جەنابی لۆرد، مەبەستان چۆن فاستەر دالسە؟**

تەنیا ئەو نییە. کەسانی وەک ئەو زۆرن، بەڵام هیچیان تۆزی پێی ناشکێنن. دالس بەردەوام باوەڕی وابوو، دەبێت تا لێواری هەڵدێر هەنگاوبنێی و ئەوکاتە ئەگەر پێویست بوو بکشێیەوە، لەکاتێکدا کەنەدی لە سیاسەتی دەرەوە رێک وەک خاڵی بەرامبەری خۆی رەفتاری دەکرد.

**چۆن ئەو جیاوازیە ئاڕاستەدەکەیت؟**

کەنەدی لەسیاسەتی دەرەوەی خۆیدا، بیروڕای تایبەتی هەبوو: سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پێش کەنەدی، بەڕای من نەخشە و ستراتیژی و ئامانجی راستی تێدا نەبوو، لەڕێگایەکی سەخت و هەڵەموت و ئاڵۆزدا هەنگاوی نابوو. گەورەترین هەنگاوی کەنەدی، نزیکبوونەوە بوو لە روسەکان. لەوانەیە ئەو هەنگاوە لە مێژووی ئەمەریکادا خاڵی سۆزداری بێت. کەنەدی هەر لەسەردەمی سیناتۆری خۆی باوەڕی وابوو، ئەو چاڵە ئەوەندە قوڵ و دوورودرێژ نییە، کە لەنێوان ئەمەریکاو روسیا دایە. تەنیا دەبێت کەمێک بەسەربچێت، تا ئەو چاڵە پڕبێتەوە. لەکاتێکدا لەوسەردەمەدا لە ئەمەریکا کۆمەڵێک لەسیاسەتکاران هەرجۆرە نزیکبوونەوەیەک لەگەڵ روسیا بۆ بەرژەوەندی ژیاری ئەمەریکیەکان بەترسناک دەزانی. ئەوان (سەرمایەداری) و (کۆمۆنیزم)یان بەدوو جەمسەری دژ دەزانی، کە قەت رەنگی سازان قبوڵ ناکەن. ئەوجۆرە بنیادەمانە لە روسیاش هەبوون و هەمان کۆمەڵ بوون، کە بەتووندی دژایەتی نزیکبوونەوەی روسیایان دەکرد لە ئەمەریکا. ئەو دژایەتیانە بۆخۆیان مەیدانیان بۆ قەیران خۆش دەکرد.

**بەڵام قەیرانی کوبا تارادەیەک پیشانیدا، کەنەدیش لەکاتی پێویست ئامادەیە پەیڕەوی لە رەوشی سیاسەتکارانی نەیار بکات؟**

قەیرانی کوبا بە بابەتێکی ریزپەڕ دادەنرا. هەرگیز ریزپەڕ لەدنیای سیاسەتدا ناتوانێت رێسایەکی تێکڕایی لەبەینبەرێت، تەنانەت کەنەدی لە قەیرانی کوبا، چەندینجار لە ئاخاوتنەکانی بیریهێنایەوە، کە ئەمەریکا لەشەڕی ئەتۆمی دەستپێشخەر نابێت، چونکە حەز ناکە پول - هاربۆر دووبارە بێتەوە. قەیرانی کوبا وەک هەموو قەیرانە گەورەکانی جیهان، ئاستێکی لاوەکی و لایەنێکی ناوەوەیی هەبوو. ئەوەی بە رواڵەت دەبینرێت هەڕەشە و خۆهەڵکێشانی دوولایەن و شیمانەی شەڕ، یا ئاستی لاوەکی ئەو قەیرانە بوو، بەڵام ئەوەی کە لەڕاستیدا روودەدات ئێستا دەرنەکەوتووە، لەوانەیە پاش چەندین ساڵ، ئاشکرا بێت، کە چ روسەکان و چ ئەمەریکیەکان بە رەزامەندی هەردوولا ئەو رووداوەیان خوڵقاندبێت، کێ چووزانێت! منیش کە سیاسەتکار نیم، بەڵام هەرهێندە تێیدەگەم، کە لەوکاتەدا نە کەنەدی و نەخرۆشۆف هیچ کامیان، حەزیان لەشەڕ نەبووە، هەردوو وڵات بوونەتە قوربانی زنجیرەیەک مەسەلەی ناوخۆی خۆیان، کە چارەسەری بەپلەی یەک گرنگە. کەنەدی بەمەسەلەی پێدانی مافە مەدەنییەکان بەپێست رەشەکان رۆژ بەڕۆژ دووژمنەکانی زۆر دەکات، لەکاتێکدا خرۆشۆف دەستەویەخەی دارودەستەی ستالین، بـووە. هەنگاوی سەربازی لەهەلومەرجێکی لەم چەشنەدا لەلایەن کەنەدی، یان خرۆشۆف، تەواو نالۆژیکی بەزەین دەگات.

**لە راستیدا کەنەدی خوازیاری چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی ناکۆکی ئەمەریکا و روسیا بوو؟**

بەهەمانشێوەیە، کەنەدی هەوڵیدەدا هاوکات کە دەسەڵاتی سەربازی ئەمەریکا زیاددەکات، بە روسیەکان بسەلمێنێت کات و هاوسەنگی دەسەڵاتی جیهانی بەقازانجیان ناگۆڕێت، بۆیە چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکیەکان

پێویستی مانەوەی هەردوو وڵات دەبێت، هەر بەو هۆیە بوو، کە بەبڕیاری کەنەدی فڕینی ئاشکراکردن (اکتشافی)، بەسەر خاکی روسیادا قەدەغە کرا، رووسەکانیش کە بەباشی لەو خاڵە گەیشتبوون، رەزامەندییان پیشانداو لەسەردەمی سێ ساڵەی جڵەوگرتنەدەستی کەنەدی بوو، کە خۆرئاوا و خۆرهەڵات ئاسوودەییەکی رێژەییان هەبوو.

**حزبی کۆماریخوازی ئەمەریکا، کەنەدی تاوانبار دەکرد، کە بە سیاسەتی سازانی خۆی ناوچەیەکی نوێی دەسەڵاتی داوەتە روسەکان، تۆ دەڵێی چی؟**

پێشتریش وەڵاممدانەوە. کەنەدی باوەڕی وابوو، چاڵی نێوان ئەمەریکاو روسیا، هێندە قوڵ نییە. لە سەروی ئەوەوە کەنەدی، هەروەها خرۆشۆف هیچکام بڕیاریان نەدابوو، خۆیان گرفتاری شەڕی ئەتۆمی گەمژانە بکەن. قوڵترکردنی ئەو چاڵە تۆزێک قوڵە جگە لەشەڕی ناوکی براوە و دۆڕاو هیچ مانایەکی دیکەی نییە.

لەساڵی 1953وە تا ئێستا، شەڕی ڤێتنام بەردەوامە. بە رای تۆ ئەو شەڕە لەسەردەمی جڵەوبەدەستەوەگرتنی کەنەدی، بزاوتێکی هەڵکشانی هەبوو، یان داکشان؟

تەنیا قۆناغێک لەشەڕی ڤێتنام، کە بەئاسوودەیی رێژەیی جمک بوو لە سەردەمی جڵەوگرتنەدەستی سێ ساڵەی کەنەدی کورتدەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەنەدی ناچاربوو لەژێر گوشاری رای گشتی، حزبەکان، سەرمایەدارە گەورەکان، درێژە بەو شەڕە بدات.

**بۆچی؟**

– چونکە ئەو گرووپانە وای بۆدەچوون، ڤێتنام ناوەندێکی بەرژەوەندی ژیاری ئەمەریکا پێکدەهێنێت، بۆیە بەردەوام داوایان لە سەرانی کۆماری وڵاتەکەی خۆیان دەکرد، تا لە روانگەی دەسەڵاتی سەربازییەوە، خۆی بەهێزتر و تاقەتتر بکات، بێ ئەوەی ئاوڕ لەمەسەلەی بەهێزکردنی

هێزی ئەندێشە و ئەقڵانی بدانەوە، بێگومان تۆ ناوی (دایناسۆرت) لەمێژووی سروشتیدا، بەرچاوکەوتووە، ئەو ئاژەڵەی پێش مێژوو لەهەر ئاژەڵێکی دیکە بەتاقەتتر و هاوکات خۆپارێزتر بووە. زەین کوێری گەورەترین ناتەواوی ئەو ئاژەڵە بووە، بۆیە زۆر زوو رەگەزی لەناوچوو. کۆمەڵەکانی ناوبراو داوایان لەکەنەدی دەکرد، تا ئەمەریکا بکاتە (دایناسۆر)ێکی بەهێز، خۆپارێز، بەڵام دەبەنگ. کەنەدی باوەڕ وابوو، ئەمریکیەکان پێش هەرشتێک پێویستیان بە هێزی ئەندێشەیە.

پێویستی ئەمەریکییەکان بەهێزی فکری پلە بەپلە لە پێویستیان بەهێزی سەربازی و ناوکی زۆرتر بوو. لۆژیکی کەنەدی تەواو راستبوو. تۆ ئەگەر مێژوت خوێندبێتەوە، روبەڕووی قەیرانی گەورە بووینەوە، کە دنیای تا لێواری شەڕ تاوداوە، بەڵام دەزانی چۆن چارەسەریان کردووە؟ نە دەسەڵاتی گەورەی هێزی زەوی و نە سارۆخی کیشوەربڕ بەشداری چارەسەرکردنیان کردووە. تەنیا جڵەوبەدەستان بە ئەندێشەی لۆژیکی تر، ئەقڵانیتر دایانمرکاندوەتەوە و سەرکەوتوون. دورو ویلسۆن سەرۆک کۆماری ئاشتی دۆستی ئەمەریکا وتەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، کە پێموایە روونکردنەوەکەم دەوڵەمەند بکات. دەڵێت: (نابێت جڵەوبەدەستان لەگەڵ خەڵک و جەماوەر رابکەن و هاوکات ناشبێت سوکایەتی و گاڵتەیان پێ بکەن. باشترین کار ئەوەیە، تەکبیری دروست و ئەقڵانە بکەن، کە لەبەرژەوەندی خەڵک دابێت).

ئەگەر بڕیاربێت لە رابردو و ئێستادا، کەنەدی بەسەرۆک کۆمارەکانی ئەمەریکا بەراورد بکەی، کامیان لە روانگەی شێوازی فکری زۆرتر لە کەنەدی نزیک دەبنەوە!

بە رای من تەنیا دەکرێت کەنەدی لەگەڵ ئەبراهام لینکۆڵن بخەینە دوو تای تەرازووەوە. لینکۆڵن، ساڵی 1860 بووە سەرۆک کۆمار و کەنەدی

دوای سەدەیەک لە ساڵی 1960، هەردووکیان هەوڵیاندا هاوکاری کۆمەڵگەی پێست ڕەشی ئەمەریکا بکەن و گیانی خۆشیان لە دەستدا. تەنیا جیاوازیان تێپەڕینی سەدەیەک بوو، کە لەگەڵ خۆیان دیاری تاڵ و شیرینی تازەیان بۆ مرۆڤایەتی هێنابوو.

# ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ

**پۆل ستراتێرن**

**لە فارسییەوە: مەجید مارابی**

## پێشەکی

بێرتراند راسڵ نزیکەی نەوەد و هەشت ساڵ لە ژیاندا مایەوە. ئەوەش بۆ فەیلەسوفێک تەمەنێکی دوورودرێژە و بە شێوەیەکی بەرچاویش تەمەنێکی پڕ رووداوبوو، بەجۆرێک کە گەورەترین سەدەی گۆڕانکاری، کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بە خۆیەوەی بینیووە، لەخۆدەگرێت. کاتێک راسڵ لە دایکبوو، شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا تازە کۆتایی هاتبوو، نیچەی 28 ساڵان خەریکی نوسینی یەکەم کتێبی "پەیدابوونی تراژیدی" بوو. کاتێک مرد، مرۆڤ گەیشتبووە سەر مانگ، تەنانەت ئەو فەیلەسوفەی کە بەرگەکەی بە میرات بردبوو،"ویتگنشتاین"، نزیکەی چارەکە سەدەیەک پێش ئێستا، کۆچی دوایی کردبوو.

راسڵ دەیوت: بە درێژایی تەمەنی، سێ هاندەری گەورە ئەویان بەرەوپێش دەبرد - کە برێتین لە: خۆشەویستی، پەیجۆری زانست، ئەوپەڕی هاوسۆزی بۆ مرۆڤی ستەملێکراو.

بەمەبەستی رزگاربوون لەتەنیایی تاقەتپڕوکێن بە دوای یەکەمدا دەگەڕا، چونکە ئەو ئارەزووەی کە پێیدەبەخشی، ئەوەندە گەورەبوو، کە دەیوت بە خواستی دڵ ژیانی فیدای وەها خۆشبەختیەک دەکات، زەوقی بەدەستهێنانی زانیاریشی ئەوەندە بەجۆش بوو، دەیویست بزانێت "بۆچی ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە" و ئەو توانایە بناسێت کە " ژمارەکان بەهۆیەوە

کاریگەری دەکەنە سەر خێرایی ئەو ڕەوتە". فەلسەفەکەی بە بەردەوامی ڕاپۆرتێکی قوڵی لە زانست بە دەستەوەدەدا، پێویستیەک کە زۆربەی فەیلەسوفەکان لە سەدەیەکدا، کە زانست جیهانی ژێروڕووکرد، خۆیان لێیدەدزیەوە. کاتێک ڕاسڵ لە دایکبوو "تیۆری کامڵبوون"ی داروین هێشتا تازە خولْقابوو، کاتێک کە مرد تازەکردنەوەی پێکهاتەی (DNA) مەیسەر ببوو، لەو مەودایەدا ڕێژەیی بوون، فیزیای کوانتۆم، قڵشتنی ناوەکی، تیۆری مەهبانگ شێوازی ڕوانینی بەرامبەر بە جیهان بۆ هەتا هەتایە گۆڕیبوو.

بەوەشەوە، لە زۆر لایەنەوە ڕوانگەی فەلسەفی ڕاسڵ - کە دەتوانین بڵێین لەسەر بنەمای لۆژیک و ئەزمونباوەڕی بوو - لە بنەڕەتدا گۆڕانێکی بەسەردانەهات. شێوازەکانی ئەو بە زۆری ڕاشکاوانە و لە سەر بنەمای عەقڵی دروستبوو، ئەگەرچی خودی عەقڵی ڕاست بە واتای "حیکمەتی دڕندەکانە" و ڕێگەی نەدەدا ناوەڕۆکی ئەندێشەی بەدەر لە "شێوەی دەربڕین" لە ژێرکاریگەری زیانباریدا چەواشەبکرێت. ڕاسڵ بیری ئەوەندە خانەدانانە بوو، کە هیچ ترسێکی لە گاڵتەجاڕانە دەرکەوتن نەبوو . لە ڕاستیدا هەندێک لە هەڵوێستە سیاسیە توندڕەوانەکانی، زۆرتر گاڵتەجاڕانە بەرچاودەکەوتن. کەسایەتییەکەی تێکەڵەیەک لە لوتبەرزی نوخبەگەرایانە، ڕاستگۆیی ناڕیاکاری، بنەماخوازی پایەداربوو. دەیتوانی "فەلسەفیانە و سیاسیانە "بڕوانێتە قوڵایی جیهان، بەڵام سەبارەت بە دنیای دەروونی زۆرتر نابینابوو، لە هەمانکاتدا بەرواڵەت هەرئەم نائاگاییە زەینیە بوو، کە دەیوروژاند، تەنانەت هێزو توانای سۆزداری دەبەخشییە عەقڵانیترین لێکۆڵینەوە و خۆشەویستییە جۆراوجۆرەکانی.

ئەو زەوقە بێئۆقرەیە بەرامبەر بە عەشقو زانست بۆ فەیلەسوفێک داگەڕانێکی دڵڕفێنانە بوو. هەربەو جۆرەی کە خۆی دەیوت، وەها زەوقێک دەیباتە ئاسمانەکان. لە هەمانکاتدا، زەوقی سێهەمی، هەست و سۆز بوو

بەرامبەر بە مرۆڤی چەوساوە کە دەیگەڕاندەوە بۆ سەر زەوی. قوربانیانی کێشە و نەهامەتییە جیهانییەکانی وەکو جەنگ، هەژاری، ئەشکەنجە، ئازار، زۆرجار بەرەو هەڵگرتنی هەنگاوی دۆنکیشۆت ئاسای دەبرد.

سەرتاسەری ژیانیی راسڵ شێوە و سروشتی ناکۆکی و گەنگەشە بوو. کەسێک کە سەردەمێک بە گەورەترین فەیلەسوفی جیهان دەژمێردرا، بە هۆی روانگە بێباکانەکانی بەرامبەر بە عەشق و مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانی تر سەرزەنشتدەکرا. کەسێک کە بە خەڵاتی نۆبڵ ستایشی کرابوو، دوو جاریش زیندانی کراوە. کەسێک کە دەیویست فەلسەفەی لۆژیکی مکوم و قایم بونیاتبنێت، هەوڵی هاندانی هەمان فەیلەسوفی دەدا کە کارەکەی دەبووە هۆی لەق و لەرزۆککردنی ئەو فەلسەفەیە و جێگاکەی دەگرتەوە.

لە هەمانکاتدا، ئەگەر بتوانین بڵێین فەلسەفەی لۆژیکی راسڵ شکستیهێناوە، بە دڵنیایەوە فەلسەفە سیاسیەکەی سەرکەوتوو بوو "ئەوە گرنگ نییە کە فەیلەسوفەکان لە بواری فەلسەفییەوە بە بێ ناوەڕۆک، تەنانەت مەترسیداری دەزانن: بە دڵنیایەوە بۆ ئەو وەها نەبوو"

ئەمڕۆ دابونەریتی پەسەندکراوی جیهانی خۆرئاوا، زۆرتر هاوشێوەی بۆچوونە لیبراڵەکانی راسڵە، تاکو زۆربەی بیرمەندانی سیاسی و مۆڕاڵی هاوچەرخ، هەربەو جۆرەی کە خەباتی شێلگیرانەی ئەو، لە دژی چەکی کیمیاوی بوو، بە زەمینەیەک بۆ لەچەک داماڵینی ئەتۆمی – ئەگەرچی ئەو رایدەگەیاند: ئەو پرۆسەیە لە هیچ روێکەوە کامڵ نییە و هێشتا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە، کارەساتی لێبکەوێتەوە، کە ئەو دەیویست رێگری لەو کارەساتە بکات.

لە کۆتاییدا راسڵ ئەوەی قبوڵکرد، کە زۆرترین هەوڵەکانی خۆی لە بواری فەلسەفەی نەریتی – لە مەعریفەتناسی، لێکۆڵینەوە لەبنەمای پێناسەی ئێمە بەرامبەر بە جیهان – ئەنجامداوە. چۆن دەتوانین دڵنیابین لەوەی،

که بانگەشەی زانینی دەکەین، راستە؟ دڵنیایی ئەزموونەکانی ئێمە بەرامبەر بە جیهان لەکوێیە؟ دەتوانرێت بوترێت ئەنانەت وردترین قەوارەی ناسین – وەکو بیرکاری – لەسەر بنەمای لۆژیکێکی دڵنیا وەستاوە ؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەبوون، که راسڵ لەسەردەمی تێفکرینی فەلسەفی قوڵیدا، دەیویست وەڵامیان بداتەوە. ئەمانە لە ئەفلاتون و ئەرەستۆوە بۆ دیکارت، هیوم، کانت، تا راسڵ و وینگنشتاین هەر بە بەردەوامی پرسیاری هەمیشەیی فەلسەفە بوون.

نیوەوی دووەمی سەدەی بیستەم، شایەتی هەوڵێکی هەماهەنگ بۆ سسنکردنی وەها پرسیارگەلێک بوو. (”شتێک بەناوی حەقیقەتی بەرفراوان بوونی نییە.“ ”هەر پێناسەیەک هاوتەریبە لەگەڵ سەردەمێکی مێژوویی و فەرهەنگی کە تێیدا وەردەگیرێت.“) بەڵام مانەوەی بیرکردنەوەی زانستی – فەلسەفی دڵنیادەکاتەوە، کە پرسیارەکانی راسڵ هێشتا لە گەرمەی فیکری ئەمڕۆدا جێگەیان هەیە. بیرۆکە و پێشکەوتنەکانی کە لە بواری مەعریفەناسیدا پێکیهێنابوو هێشتا بە خێرایی بە دۆخی فەلسەفی هاوچەرخی ئێمەوە گرێدراون. ئەم سەدەی بە رواڵەت پێناسەی زانستی بە بەردەوامی پەڕەپێدەرە، زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر پێویستی بە فەلەسەفەیەکە، کە بنەماکەی ناسین بێت. بە گشتی پێویستە هێشتا بە شوێن وەها فەلسەفەیەکدا بگەڕێیت. رەنگە هەرگیز نەدۆزرێتەوە. لەگەڵا ئەوەشدا هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەوەی، کە وەها فەلسەفەیەک چۆن دەتوانێت پشتیوانی پێناسەی زانستی ئێمە بێت، هێشتا سودمەندە. ئێمە لە هەوڵەکانماندا بۆ دۆزینەوەی زیاتر ئێدەگەین، کە وەها پێناسەیەک چییە. ئێمە سەبارەت بە جیهانێک، کە بەڕواڵەت زانستییە، زانستیانە بیردەکەینەوە. ئەمە دەربارەی ئێمە و جیهانێک کە تێیداین بە چ واتایەکە؟ پەیوەندی نێوان ئەو دوو بوونە نارێکە و ناتەبایە چییە، ئەگەر پەیوەندی هەیە؟ فیکری راسڵ

یەکێک لە قۆناغەکانی ئەمدوایانە،، رچەشکێنانەتر، لە رێڕەوی پەیجۆری فەلسەفەی دێریندابوو.

## ژیان و بەرهەمەکانی راسڵ

بێرتراند راسڵ ساڵی 1872 لە یەکێک لە بەناوبانگترین خانەوادە خانەدانەکانی بەریتانیا، لە دایکبووە. لوتکەی سەردەمی ڤیکتۆریا و کاتێک بوو، کە ئیمپراتۆری بەریتانیا لە ترۆپکی خۆیدابوو. لەنێوان سەرکوتی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی و دەرونیدا، ریاکاری نەریتی رۆژانە بووە. لەگەڵا ئەوەشدا باوک و دایکی راسڵ بۆچوونی لیبراڵی روناکبیرانەیان هەبوو - باوکی بە هۆی بەرگریکردن لە پرسی کۆنترۆڵکردنی زاوزێ، کورسییەکەی پەرلەمانی لەدەستدا.

مەرگ سێبەری خستە سەر منداڵی راسڵ، تا تەمەنی گەیشتە پێنج ساڵان، باوک و دایک و خوشکەکەی کۆچی دواییانکرد. باوک و دایکی وەسیەتیان کردبوو، کە هەر دوو کوڕەکەیان بخرێنە ژێر سەرپەرشتیاری هاوڕێیەکی عەلمانیەوە، بەڵام باپیری بەهێز و خاوەن دەسەڵاتی راسڵ، لۆرد راسڵ، کە دووجار ببووە سەرۆک وەزیران، لە دادگادا لە دژی ئەو وەسیەتە وەستایەوە و بە هۆیەوە دادگا وەسیەتنامەکەی دایک و باوکی هەڵوەشاندەوە، بەوپێیەش بێرتراند و برا گەورەکەیان برد، بۆئەوەی لە پیمبرۆک لاج لە ریچمۆند پارکدا لە نزیک لەندەن لەگەڵ لۆرد و لیدی راسڵ ژیان بکەن. شاژن ڤیکتۆریا نامەیەکی نوسی بۆئەوەی پیرۆزبایی لە لیدی راسڵ بکات و رایگەیاندبوو: «دڵنیام لەوەی کە نەوەکانتان هەر ئەو کەسانە دەبن، کە ئارەزوی دەکەن». (ئەو جۆرەی کە بێرتراند راسڵ دواتر بە تەشەرەوە نوسی، لەبارەی ئەو ئارەزووە» بێبەری».) پاش یەک ساڵ لۆرد راسڵیش کۆچی دوایی کرد. بێرتراندی گەنج لە جێگەکەیدا سام دایگرتبوو، دەترسا لیدی راسڵیش بمرێت، رووداوێک کە بە هۆی منداڵییەوە پێیوابوو بەزوویی روودەدات.

بیری لە باوکودایکی خۆشەویستی دەکردەوە، دیمەنێکی شاراوە لە دڵنایی، شیرینی، ڕۆشنایی.

ژیان لە پمبرۆک لاجدا زۆر جیاوازبوو. لیدی دیندارێکی سەرسەخت بوو، سەرباری ئەوەی کە بە شێوەیەکی ناکۆک بیروبۆچونی لیبراڵی هاوسەرەکەی هەبوو. کوڕە مانگ ئاساکەی واتا بێرتراند، لە ژێرکاریگەری ڕێجیمی خۆراکی خۆشۆردن بە ئاوی سارد، بەر لە نانخواردنی بەیانی، بە هەڵسوکەوتی وشکەوە گەورەکرد. مەسەلەگەلێکی وەکو سێکس و کارو کاسپی لەئارادا نەبووە. لیدی راسڵ لەو بڕوایەدا بوو، کە کوڕە مانگ ئاساکەی، دەبێت بە دوور بێت لە ئاڵودەبوون لە پەیوەندی لەگەڵ منداڵانی تر و پارێزراو بێت. لە ماڵدا لە ژێر چاودێری مامۆستای تایبەتیدا دەیخوێند، جاروبار هاوکات لەگەڵ خوێندنی لە ماڵەوە لەگەڵ فرانکی برای کە 7 ساڵ لەو گەورەتر بوو، بە رواڵەتی لێی بێهیوا ببوو، بۆ خوێندن دەچووە قوتابخانەیەک لە دەرەوەی ماڵ.

فرانک بوو کە بێرتراندی لەگەڵ بابەتێک ئاشناکرد کە ژیانی بە تەواوەتی ژێروڕو کرد. راسڵ دەیگێڕێتەوە، کە چۆن لە تەمەنی 11 ساڵیدا لە ژێر چاودێری فرانکی برایدا خوێندنی ئەندازیاری دەستپێکردوە. لە توخمەکانی ئەقلیدسەوە دەستیان پێکرد و بە قسەی راسڵ خۆی: «بە خەیاڵمدا نەدەهات، کە لە دونیادا شتێکی لەوە راکێشەرتر و دڵخوازتر  بوونی هەبێت.» تەنانەت کاتێک کە گەیشتنە دۆزی گرفتی پێنجەمی ئەقلیدس، راسڵ گرفتێکی نەدۆزیەوە و فرانکی تووشی سەرسوڕمان کرد. دیسان لە زاری خودی راسڵەوە: «ئەوە یەکەمجارم بوو، کە رەنگە بەخەیاڵمدا هاتبێت، کە تیژبیر و زیرەکم» لە تەنهاییدا کەسێکی نەبوو خۆی لەگەڵ بەراورد بکات، بەڵام بۆ بێرتراندی تازەلاو، ئەوە شتێکی زیاتر لەدۆزینەوەیەکی بەگڕوتین، سەرسوڕهێنەرێکی دوور لە خەیاڵ بوو. چۆنیەتی روانینی راسڵ بۆ بیرکاری لە هەمان سەرەتاوە

زۆر نوێخوازانە بوو. فرانک ئەوەی بۆ بێرتراند شیکردەوە کە ئەقەلیدس تێکڕای ئەندازەی بە پشت بەستن بە بەڵگە بونیاتناوە، بۆیە دۆزەکانی بە تەواوەتی بڕاوە و مسۆگرن، بەڵام تێگەیشتنی ئەوەی کە ئەقلیدس لە راستیدا ئەندازەکەی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بابەتی (ئاکسیۆم)ی بنەڕەتی داناوە، بێرتراندی نیگەران دەکرد. بەڵگەکانی ئەمانە لە کوێن؟ فرانک وەڵامیدایەوە کە ئەمانە بەڵگەیان نییە. بێرتراند وڕکی کرد و درێژەی بە وانەکە نەدا، مەگەر ئەوەی کە فرانک وەڵامێک بداتەوە. فرانک روونیکردەوە کە پێویستە ئەم بنەما بابەتییە قبوڵ بکەیت، ئەگینا ناتوانیت پێشبکەویت. بێرتراند ئەوەندە شەیدای زیاتر زانینی سەبارەت بەم ئەندازە سەرنجڕاکێشە بوو، کە قسەکانی فرانکی بە ناچاری قبوڵکرد. ئەو عەشقە بەرامبەر بە جوانی و بڕاوەیی بوونی رواڵەتی بیرکاری، هەروەها حەزی بەردەوام بەرامبەر بەوەی، کە لە سەر بنەمایەک لە حەقیقەتی مسۆگرتر وەستاوە، راسڵی لە سی ساڵی داهاتوودا بە زیندوویی دەهێشتەوە. زیادەڕۆیی خەیاڵی لە ئارادا نییە: ژیانی راسڵ لە پیمبروک لاج هەروا بە شێوەی نەشیاو بە زگوردی مایەوە، هەستی بەرامبەر بە هاوجۆرەکانی ئاڕادەیەک بە تەواوەتی جێگای خۆی بە هەستی دیکەدا. دەیگێرایەوە کە چۆن زۆرجار دەچوو بۆ باخ و لەو بەرزاییەوە سەیری ریچمۆند پارک و دیمەنی دووری دۆڵی تەیمەزی دەکرد . چاوی دەبڕیە ئاوابوونی خۆر و بیری لە خۆکوشتن دەکردەوە. تەنها شتێک کە رێگری لێدەکرد، ئاواتی دۆزینەوەی زیاتر سەبارەت بە جوانی ئابستراک و «شیرین»ی بیرکاری بوو. باسیدەکات کە چۆن بەدوای شتێکدا گەڕاوە «بەدەرلەوەی کە لە جیهاندا هەیە، شتێک لەجۆری تر، درەوشاوە و بێکۆتایی .. وەکو عەشقێکی بەجۆش بەرامبەر بە ئارماییەک. بە بەردەوامی ویستومە پاساوێک بۆ جۆشو خرۆشێک بدۆزمەوە، کە هەندێکشتیان دەگواستەوە، وەکو ئەوەی لە دەرەوەی ژیانی مرۆڤ بێت، دەبووە هۆی سەرسوڕمان و

سەرسامی.»

پێویستە دەروونناسی ئەم وشانە روونبکرێنەوە، بەڵام حەزی نائاگای راسڵ بۆ پەیوەستبوونەوە بە دایک و باوکی، شتێک بـەدەر لە مەیلی لەرادەبەدەری بەرامبەر بە ئەندازە و بیرکاری نەبوو. لە سەرەتای منداڵیدا، جۆرێک هەڵسوکەوتی جیاوازی فیکری لەخۆیدا نیشاندا، کە بە شێوەیەکی ئامانجدار هاوتەریبی بیرکاری بوو. لە هەمانکاتدا ئەو روونبوونە زۆرتر ئاڵۆزییە چارەسەرهەڵنەگرەکانی دەشـاردەوە، نەک تەنها لە بیرکاریدا. راسڵ بە بەردەوامی هەستی بە پێویستی ئەوە دەکرد کە ئەندێشەکانی بە شێوەیەکی روون و سادە بەیان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا، مەسەلەکان زۆر بەکەمی ئەوەندە ورد و دیاریکراون، کە ئەو دەیویست بێنەبەرچاو. تێڕامانە تاکە کەسیەکانی بە زوویی ناچاریکرد، هەر وێنایەکی ناڕۆشن لە خواوەند، بە تایبەت ئەو خواوەندە تایبەتەی کە نەنکی لەناخەوە خۆشی دەویست، بە رەفزکراو و رەتکراوە بزانێت. راسڵ بە درێژایی تەمەنی بە راشکاویەکی عەقڵانی و سەلمێنەر، دانی بە بە باوەڕی بێدینانەی - « بێهودە بە دوای خواوەندا گـەڕان»ی خۆیدا دەنا، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕوانگەی تایبەتی بەرامبەر بە بیرکاری هەبوو، کە بە شێوازێکی رۆحانیانە دەریدەبڕی. بڕوای بە دنیای ئابستراکی بیرکاری هەبوو و ناچاردەبوو کە تێیدا بەدوای متمانەو دڵنیابوونێکدا بگەڕێت، کە لەسەردەمی منداڵییدا لە ژیانیدا فۆڕمی گرتبوو.

راسڵ لە شازدە ساڵیدا، رەوانەی قوتابخانەی تایبەتی لە لەندەن کرا و نزیکەی 2 ساڵ ، شەوو رۆژ دەیخوێند. خوێندکارەکان بە زۆری بۆ تاقیکاریەکانی سوپا ئامادە دەبوون و راسڵ بە ئاشکرا ئەوانی بە کۆمەڵێک نەزانو گەمژە لە قەڵەمی دەدان. ئەم هەڵسانگاندنە وردبینانەی کەسانێک، کە پێدەچوو ببن بە ئەفسەرانی سوپا، بە داخەوە سێبەری خستبووە سەر تێکڕای روانگەکانی راسڵ بەرامبەر بە مرۆڤ لە کۆتاییەکانی ژیانیدا. سەرباری

ئەوەی کە دەیانجار نیگەرانی خۆی سەبارەت بە نەهامەتی و مەینەتیەکانی هاوجۆرەکانی دەربڕیووە، بەڵام بۆ ئەو سەختبوو دوورەپەرێزی دەوڵەمەندانەی خۆی بشارێتەوە. کاتێک کە خۆی بە هاوشانی کەسانێک دەزانی کە ژیانی خۆیان تەرخانی ئامانجگەلێکی نزم دەکەن، وەکو سەربازان، سیاسەتمەداران، و بەرپرسانی جۆراوجۆر، ئەو هەستەی زیاتر تێدا دروستدەبوو و شێوازی سوکایەتی بەخۆوە دەگرت.

لە 1890، لە هەژدەساڵیدا، راسڵ بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆی «ترینیتی کۆلیژ»ی کەمبریج ناوی خۆی تۆمارکرد، کە ئایزاک نیۆتۆن تێیدا دەیخوێند. سێ ساڵی سەرەتا بیرکاری خوێند، کە بووە بە مایەی رەنج و ئازارێکی زۆر بۆی. بیرکاری و ئینگلیزی بە زۆری لە 150 ساڵی دوای نیوتندا توانای خۆی لە دەستدابوو، ئەوەش لە هیچ شیوێنێک وەکو قوتابخانەی راسڵ ئاشکراتر نەبوو. تاقیکارییە بەناو بانگەکانی «رۆنگلێر»، کە بە مەبەستی دۆزینەوەی باشترین بیرکاریزانەکان داڕێژرابوو، هەندێک زیاتر لە فێربوونی تونی ئاسا و هەندێکی زۆریش پێویستی بە لێهاتوویی ئاشکرای بیرکاری هەبوو. ئەمەش لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانە لەو جوانییە رووتەڵە بوو، کە ئەوەندە ئیلهامی بەخشیبووە راسڵ، بۆیە لە ساڵی چوارەم دا بە هۆی بێزاربوونی لە بیرکاری، روویکردە فەلسەفە.

لێرەدا جیهانێکی روتەڵی دۆزییەوە، کە کۆتایی سەرجەم جیهانە رووتەڵییەکانی تربوو، دەزگـای فەلسەفی فێربوون، کە سەرەتا هیگڵ، فەیلەسوفی ئەڵمانیای سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، هێنایەئاراوە. جۆری مۆدێرنی ئایدیاباوەڕی رەهای هیگڵ  لە لایەن جی، ئێم، مەک تاگارت لە کەمبریج دەوترایەوە. بە گوێرەی ئەم فەلسەفەیە، زەمان و مادە هەردوکیان ناواقعی بوون. تەنها «رۆح» کە هەموو شتێکی دەگرتەوە واقعی بوو. ئەم راستییە ئامانجدارە گشتێک بوو، کە بەشەکانی هەمووی تێک تەنرابوون.

راسڵ ئەو گشتەی بە جەلی  دەشوبهاند، دەستت لە هەر لایەکی دەدا هەموو دەلەرزی، لە هەمانکاتدا ئەم گشتە بە پێچەوانەی جەلی نەدەکرا بۆ پارچەی جیاجیا دابەشبکرێت. بە بۆچوونی مەک تاگارت، ئەگەرچی ئەم راستییە لە جیهانی ئایدیالیستیدا لەودیو، تەنانەت بەرزتر لەو بەناو راستیەی کە ئێمە ئەزمونی دەکەین بوونی هەیە، دیسان دەکرا ناوەڕۆکەکەی بناسرێت، ئەم کارەش دەکرا بە دەستپێکردنی هەندێک راستی هەنوکەیی و تەنها دوو پێشەکی ئەزمونی - ئەوەی کە، ئەو گشتە بوونی هەیە، لقو پۆی هەیە - دەکرا ئەنجامبدرێت. بەو جۆرەی کە ئاشکرایە، ئەم ئایدیالیزمە رەهایە نەک تەنها بە شێوەیەکی نامۆ هاوشێوەی جیهانی بیرکاری بوو، بەڵکو لەوەش ئەولاتر دەچوو بیرکاری پاکژی لەناو پڕۆژەیەکی گەورەتری فەلسەفەی گشتی، دادەنا. راسڵ راکێشراو شەیدابوو. ئەوە فەلسەفەیەک بوو، کە دوو پێویستی ئەوی بەدیدەهێنا - پێویستی بە بڕاوەیی ئەندازە و بڵندی عارفانە.

بەڵام راسڵ تێگەیشت کە پێویستی مرۆییشی هەیە. تەنانەت بەر لە هاتنی بۆ کەمبریج، کچێکی ئەمریکی بەناوی ئالیس پیرسال ئەسمیتی بینیبوو و حەزی لێکرد بوو. راسڵ تەنها 17 ساڵان بوو، ئالیس 22 ساڵان بوو - پێنج ساڵ جیاوازی تەمەنیان بوو، کە مەودایەکی فراوانی لە گەشە و گۆڕانکاریەکاندا نیشاندەدا. راسڵ عەشقی نەوجەوانانەی دەرنەدەبڕی و بە شاراوەیی دەیهێشتەوە. ئالیس بۆچوونی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووانەی هەبوو، بەڵام لە ناخەوە ئاینی مابووەوە بەشێکی زۆری کاتەکانی بۆ خەباتی دژی خواردنەوە گازیەکان تەرخانکردبوو. چوار ساڵ دواتر، راسڵ هەستەکانی ئاشکرا کرد و بە شادومانیەوە تووشی سەرسوڕمان بوو، کە زانی عەشقەکەیان دوولایەنە بـووە. لەو سەردەمەی هەستە سەرکوتکراوەکاندا، کە کەم کەسانێک هەبوون ئەزمونی خۆشەویستیان پێکەوە هەبێت، تەنانەت عەشقی

ئەفلاتوونیش دەیتوانی بە زوویی ببێتە جۆش و سۆزی سوتێنەر. لە ماوەی چەند مانگدا راسڵ و ئالیس ئامادەی هاوسەرگیری بوون. کاردانەوەی لیدی راسڵ پێشبینی کراوبوو، ئەو پەڕی توڕەیی دەربڕی بەرامبەر ئەوەی، کە کچە چەقۆکێشێکی ئەمریکی برتی مانگئاساى خراپ کردبوو، بەو پەڕی هێزەوە هەوڵیدا، بۆئەوەی کۆتایی بەو خۆشەویستییە بهێنێت. برتی - لە بەرامبەر فرمێسکەکان، گلەییەکان، تۆمەتەکان و هەڕەشەکاندا خۆی گرت و بەڵێنیدا، هەر کە تەمەنی گەیشتە بیست و یەک ساڵ، هاوسەرگیری لەگەڵ ئالیسدا بکات. ئەوکاتە بە شێوەی یاسایی ئازاد دەبێت و خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات، داهاتێکیش وەکو میرات وەردەگرێت کە بۆ هەردوکیان بەسە. برتی و ئالیس لە 1894دا هاوسەرگیریان کرد. راسڵ بە نمرەی زۆر بەرزەوە لە بەشی زانستی ئەخلاق(فەلەسەفە)دا بڕوانامەی خوێندنی باڵای وەرگرت و بووە خوێندکاری بورسیەی «ترینیتی کۆلێژ» بوو. ئەو ناوەش جگە لە لێکۆڵینەوە، ئەرکێکی دیکەی نەبوو. راسڵ و هاوسەرەکەی گەشتێکیان بۆ ئەوروپا دەستپێکرد و ماوەیەکی زۆر لە ئەڵمانیادا مانەوە، لەوێدا راسڵ هۆگری سیاسەت بوو، تەنانەت کتێبێکی بە ناوی سۆسیال دیموکراسی جیهان نووسی، ئەوەش یەکەم کتێبی بوو کە بڵاوکرایەوە. کاتێک گەڕایەوە کەمبریج بە جی. ئی. مۆر ناوبانگی دەرکرد و وەکو بیرمەندێکی گەنج و ئەستێرەی نوێی زانکۆ وەسفدەکرا. روانگەی مۆر بۆ فەلسەفە زۆر لێبڕواوانە بوو. ئایدیالیزمی مەک تاگارتی بەپشتبەستن بەو بنەمایە رەتدەکردەوە، کە لەگەڵ عەقڵی بێگەرد و فامی ئاسایی دژایەتی دەکرد، مۆر جەختی لە سەر جیهانی مادی دەکردەوە، کە بە بەردەوامی ئەزمونی دەکرد. بیروباوەڕی راسڵ گۆڕانکاریەکی گەورەی بەسەردا هاتبوو و بە خێرایی لەگەڵ مۆر پەیوەندی هاوڕێیانەی پێکهێنا. راسڵ دەیبینی، کە جیهانی ئایدیالیستی رەهای هێگڵ پیوەندیەکی بە راستیەکانی ئەزمونی سروشتەوە نییە، بەڵام زانست و راستیە

مادیەکان ناکرێن بە ئاسانی لە بەرچاو نەگیرێن.

راسڵ تێگەیشت، کە خەریکە روانگەی مادی ئەزمونی بەرامبەر بە جیهان بەسەریدا زاڵدەبێت. ئەزمون راستەقینەیە و ئەوەی کە ئێمە ئەزمونی دەکەین جیهانی مادییە. لە هەمانکاتدا دەیبینی، کە ناتوانێت باوەڕە خواوەندیەکانی بەرامبەر بیرکاری وەلانێت.

«گەورەترین کەسانێک کە فەیلەسوف بوون، هەستیان بە پێویستی زانست و عیرفان کردووە.» پێویستی تێکەڵکردنی ئەم دوو چەمکە بە رواڵەتی جیاوازە» فەلەسەفە دەکاتە شتێکی گەورەتر لە زانست و ئایین». راسڵ تێدەکۆشا بە تێفکرین و رۆچوون لە بنەمای بیرکاریدا، هەر ئەوکارە بکات. فیکری ئەو تووشی وەرچەرخانێکی تەواو ببوو. پیاوێکی بیست و شەش ساڵان سەرقاڵی روبەڕوو بوونەوەی پرسیارگەلێک بوو، کە کوڕێکی یانزە ساڵان لە یەکەم روبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ ئەقلیدسدا پرسی بووی.

چۆن دەکرێت ئەو بنەما شاراوەیە، کە بناغەی بیرکاری بوو، کەشف بکات؟ ئەگەر چی راسڵ هەر لەوکاتەدا وتی:»ئەگەرچی ئەم کارە بە تەواوەتی بیرکارییە، بەڵام سەرنجەکانی زیاتر فەلسەفییە..» ئەو بەدوای دڵنیابوونی ئامانجخوازانەوە بوو.

ئەقلیدس لە بنەمای بابەتیبوونی (ئاکسیۆمەکان) دەستیپێکردبوو، ئەمانە بنەمای ئەندازەیان هەبوو، بەڵام بناغەی ئەم بنەما بابەتییە چی بوو؟ ئەوان بە تەواوەتی هەڵکەوت نەبوون، بە دڵنیاییەوە دەبوایە لەگەڵ شتێک هاوتەریب بکرایەن؟ راسڵ بەو ئەنجامە گەیشت، کە ئەو شتە شاراوەیە تەنها دەتوانێت «لۆژیک» بێت. بنەمای بابەتی ئەندازە، هەروەها چەمکی بنەمایی بیرکاری دەبێت بەتێکڕایی لۆژیکی بووبێتن. بەمجۆرە ئەو بنەما لۆژیکیەی، کە بیرکاری لێجیادەبێتەوە چی بوو؟

لە مانگی یەکی 1900دا راسڵ لە پاریس بەشداری کۆنگرەی نێودەوڵەتی فەلسەفەی کرد. لەوێدا چاوی بە جۆپە پیانۆ، بیرکاریزانو لۆژیکزانی ئیتالی کەوت، کە چەندین ساڵ لە سەر بنەماکانی ژمارەکان، کاری کردبوو. ئامانجی پیانۆ ئەوەبوو، کە لە رێگەی ئایدیای ژمارەکانەوە  وەکو دەرکەوتەیەکی سادەتر  پێشبکەوێت و لە بری ئەوە شێوازێکی لۆژیکی پێکبهێنێت کە بتوانێت واتای ژمارەی تێدا جێگیربکات و ژمارەکانیش بتوانن تێیدا پێکبێن. ئەو لەم نێوەدا زنجیرەیەک هێمای بنەڕەتی لۆژیکی دروستکردووە، کە رێگە دەدات چەمک و پێشهاتەکان بە وردی شرۆڤە بکات. بۆ نمونە هێمایەکی جیاواز بۆ «پلەیەک کە ئەندامێک هەیبوو» و «ئەندامی ئەو پلەیە « دەستنیشاندەکرد. ئەم جیاوازییە ناسکەش توانای ئەوەی تێدا پێکهێنا بەسەر پشێویەکانی لۆژیکی پێشوو لە نێوان واتای « ئەندامێکە لە»، «کە بەشەکانی» و «یەکسانە لەگەڵ»دا زاڵ بێت. راسڵ بە تووندی کەوتە ژێر کاریگەریەوە، پێشتر هەرگیز روبەڕووی وەها دەسەڵاتێکی لۆژیکی نەبووەوە. راسڵ لە هەوڵەکانیدا بۆ روونکردنەوەی بنەما سەرەکیەکانی بیرکاری، تووشی گرفتێکی گەورە ببوو، بەڵام ئێستا، « وەک کەسێک هەستم بەخۆم دەکرد، کە لەکاتی سەرکەوتن بەسەر شاخێکی تەمومژاویدا ، دوای ئەوەی دەگاتە لوتکە، تەمومژەکە نامێنێت و دیمەنی پێدەشتەکان تا دووری 40 میل، لە هەر لایەکەوە دەردەکەوێت.»

راسڵ پێشتر جیهانی وەکو قاپێکی جەلی دەبینی، ئێستا بە دەفرێکی هەڵماتی دەشوبهێنێت، گشتی بە گەلێک پارچەی جیاواز لەقەڵەمدەدا. ئەمەش پێویستی بە  روانگەیەکی تەواو جیاواز هەبوو. لە بری سەنتز(پێکهاتە)، ئێستا دەبێت ئانالیز (ئەزمون) بەکار بهێنێت - کە لە یۆنانیدا بە واتای شەقکردن و کردنەوە دێت. دەفری تیلەکان پارچەی جیاوازیان هەبوو، هەرکامەیان پەیوەندی بە پارچەکانی دەوروبەری خۆیەوە هەبوو. تێگەیشتنی ئەم دنیا

نوێ جیاوازە، پێویستی بە شرۆڤەکردنی پەیوەندی نێوان پارچە جیاوازەکان هەبوو.

ئێستا جەختکردنەوە لە سەر پێناسەی ئەتۆمی جیهان بوو، کە لەگەڵ شیکردنەوەی لۆژیکیدا سازگاربوو. لێرەدا راسڵ نەک بە ئەتۆمە فیزیایەکان، بەڵکو ئاماژەی بە ئایدیای یۆنانی باستان دەدا، کە ئەسەوری ئەتۆمەکانی لێکەوتبووەوە. بە بۆچوونی دیمۆکریتۆس، فەیلەسوفی سەدەی پێنجەمی پێش زایین، ئەگەر درێژە بە دابەشکاری مادە بدەین، سەرەنجام بە شتێک دەگەین کە ئیتر شیاوی دابەشکردن نییە. ئەم شتە ناشکێنرێت، – بە یۆنانی a – tomos و ئەتۆم لێرەوە دێت. دیمۆکریتۆس نەک لە رێگەی تاقیکاریەوە، بەڵکو تەنها لە رێگەی بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکەوە، بەو دەرەنجامە گەیشتبوو، ئەوە ئامانجی راسڵیش بوو، ئەو دەیویست بگاتە ئەو ئەتۆمانەی کە دابەشناکرێن و بنەمای بیرکارین. لە سەرەتادا لە واتای بنەڕەتی" ژمارە"، "رێکخستن"، " گشت و پارچە" تێگەیشتبوو، بەڵام پیانۆ نیشانی دابوو، کە چۆن بەودیوی دەرکەوتەی ژمارەکان بگات، بەو بەڵگەهێنانەوەیە کە دەکرا ژمارە لە بنەمای بابەتیانەی بنەڕەتیتر وەرگرێت:

**1 — سفر ژمارەیە**

**2 — پاش هەر ژمارەیەک ژمارەیە**

**3 — هیچ دوو ژمارەیەک پاشێکی وەکیەکییان نییە**

**4 — سفر پاشکۆی هیچ ژمارەیەک نییە**

راسڵ بە تەواوەتی بەو لۆژیکە رازی نەدەبوو، بەڵام زوو تێگەیشت کە کلیلەکە هەر لەو لۆژیکەدایە. لە بری چەمکی پێشوی " تێکڕا و پارچە" بڕیاریدا واتای " کۆکراوە" بەکاربهێنێت، وەکو " کۆکراوەی هەموو سێوەکان"، کۆکراوەی هەموو مەسەلە چارەسەر نەکراوەکان" و هتد). کۆکراوە تایبەتمەندیەکی لۆژیکیە، بە گوێرەی یاسای لۆژیکی بنەڕەتی، هەموو شتێک

ناتوانێت لەو یەکەیەدا خۆڕسک بێت، هەم خۆشی نەبێت ( جیهان بەسەر سێوەکان و ئەوشتانەی کە سێو نین دابەشدەکرێت.) راسڵ توانی دەریبخات، کە واتای کۆکراوە لەپێشترە لە واتای ژمارە. بۆ نمونە دەتوانیت کۆکراوەی سێوەکان بە بێ کۆی سێوەکان و لە تەنیشت یەکدانانیان وێنا بکەیت. بێ ژماردنی ژمارەی سێوەکانی ئەو کۆکراوەیە، دیسان دەتوانرێت شتگەلێکی زۆر ورد لە بارەیەوە بوترێت. واتا: ئەو کۆکراوەیە هیچ هەرمێیەک لە خۆناگرێت، هەموو بەشەکانی میوەن و شتی تری لەم چەشنە، لێرەدا دەتوانین تێبگەین لەوەی کە چەمکی کۆکراوە بە شێوەی رەها لەپێشترە لە چەمکی ژمارەکان.

بە واتایەکی تر چەمکی لۆژیکی کۆکراوە بنەڕەتی ترە لە چەمکی ژمارەکان.

راسڵ دوایی بەو ئەنجامە گەیشت، کە بۆ رسکاندنی چەمکی ژمارە و دواتر دانە دانەی ژمارەکان چەمکی کۆکراوە بەکاربهێنێت.

شێوازی سادەی میتۆدەکانی راسڵ بەم جۆرەیە:

- کۆکراوەی هەموو ئەوشتانەی کە لەگەڵ خۆیان یەکسان نین، سفر ئەندامیان هەیە.

- بەڵام ئێکرای کۆکراوە بەتاڵەکان ئەندامانێکی یەکسانیان هەیە، ئەگەرچی پێکەوە یەکسان نین، لە راستیدا پێکەوە یەکێکن. ئەوان کۆمەڵەیەکی یەکدەستن.

- بەمجۆرە، تەنها کۆکراوەیەکی بەتاڵ هەیە. بەم پێیەش لە سفر کۆکراوەی یەک بەدەستدەهێنین.

- بەمجۆرە، کۆی کۆکراوە بەتاڵەکان، یەک ئەندامی هەیە، بەوجۆرەی کە کۆی کۆکراوە بەتاڵەکان و ئەندامەکەی 2 پێکدەهێنن، کۆی کۆکراوە بەتاڵەکان و ئەندامەکەی ئێمە، دەگەیەنێتە ژمارەی 3 و هەتا دوایی.

– بەم پێیە، دەکرێت ئێکڕای بیرکاری لە چەمکی کۆکراوەکان پێکبهێنرێت، چەمکێک کە دەرهێنراوی چەمکی لۆژیکی بنەڕەتییە.

بەم شێوازە راسڵ دوو خاڵی گرنگی هێنایە ئاراوە. ئەو سەلماندبووی، کە دەتوانرێت راستیەکانی بیرکاری بۆ راستیەکانی لۆژیک بگەڕێنرێنەوە. ئەمەش دەریدەخات، کە لە راستیدا بیرکاری بابەتێکی جیاوازی وەکو ژمارەکان نییە. بەمجۆرە هەموو راستیەکانی بیرکاری لە بواری تیۆریەوە، لە کۆتاییدا بە شێوەی لۆژیکی توانای کەمکردنەوەیان هەیە. ئەمەش بەومانایە دێت کە دەتوانرێت لە رێگەی لۆژیکەوە بسەلمێنرێن. (ئاواتەکانی منداڵێکی 11 ساڵە بەدیهاتبوو، تەنانەت بنەما بابەتیەکانی ئەندازەش دەسەلمێنرێن!)

لە 1903 راسڵ بنەماکانی ماتماتیکی بڵاوکردەوە. ئەو بەرهەمەش بووە هۆی بڵاوکردنەوەی ناوبانگی وەکو بیرمەندێکی گەورەی فەلسەفە.. بە تایبەت لە ئەوروپا دا، کە ئەو بابەتە جێی تێڕامان و لێکۆڵینەوە بوو.

لە سەدەی نوێدا، فەلسەفە لە تیۆرییە میتافیزیکییەکان کە هیگڵ بەرجەستەی کردبوو، دووردەکەوتەوە و لەسەر مەسەلەی وردتری ناسین و زانستی مرۆڤ چڕدەبووەوە. بنەمای زانستی ئێمە چییە و چۆن دەزانین راستە؟ یەکەم هەنگاو ئەوە بوو کە ئەم پرسیارە بە دڵنیاترین زانست واتا بیرکاری ئاراستە بکرێت. پێدەچوو کەوەڵامەکە لە لێکدانەوەیەکی لۆژیکیدا شاراوەبێت، بە گشتی، ئەوە قبوڵکرابوو کە راسڵ وەڵامێکی تەواوی بە پرسیارەکە نەداوەتەوە. هێشتا گرفتی فۆرمی کەمتر، و وردی زانست وەکو زانستە ناماتماتیکەکان بوونی هەبوو، بەڵام بیرمەندان ئەوەیان قبوڵکردبوو، کە راسڵ هەنگاوێکی گەورەی لە پێناو وەڵامدانەوە بە یەکێک لەو مەسەلانەی، کە لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە فەیلەسوفەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵکردوە هەڵگرتووە.

بەوهۆیەوە کە خاڵەکانی راسڵ لە بنەڕەتدا فەلەسەفی بوون،  بنەمای ماتماتیک بە ئینگلیزیەکی سادە و راشکاو (یان لە ئاستی توانای فەیلەسوفان، نزیک لەم خەسڵەتە ئەفسانەییە) نوسرابوو، بەڵام بەوجۆرەی کە پیانۆ نیشانی دابوو، زمان بە زۆری دەتوانێت جیاوازییە گرنگەکانی لۆژیک داپۆشێت. راسڵ بەنیازبوو بەرگی دووەمێک بنوسێت،  کە بەڵگەکانی بە هێمای لۆژیکی وردترەوە خستۆتەڕوو، بەو جۆرەش بەسەر خراپنێگەیشتنەکاندا زاڵدەبێت. سەختیەکانی ئەو پرۆژەیە ناچاریکرد، هاوکاری ئافرد نۆرس واتهد، ماتماتیکزانی کەمبریجی بکات. کە لە سەردەمی خوێندکاری راسڵدا وانەی پێوتبووەوە. وایتهد تەنها ماتماتیک زانێکبوو، کە راسڵ پەسەندی دەکرد، ئەو ئاشنایەتیەکی تـەواوی لەگەڵ فەلسەفە و لۆژیکدا هەبوو. ئەوەش هاوکاریەکی یەکسان دەبوو.  ئەو دووانە پێکەوە هەوڵی پێکهێنانی لۆژیکێکی سۆمبولیکیاندا، کە دەستکەوتە نوێیەکانی پیانۆی فراوان دەکرد. ئەمە دەستپێکی بنەمای ماتماتیکی دووەم بوو، هاوکاریەک کە بۆ ماوەی دە ساڵ وایتهد و راسڵی سەرقاڵ دەکرد. بە وتەی راسڵ ئەوان بەنیازبوون بیسەلمێنن، کە (لۆژیکی گەنجیەتی ماتماتیک و ماتماتیک بەساڵاچوویی لۆژیکە). دەبوایە بە لانیکەمی کەمبوونەوە هەڵنەگری چەمکەکانی لۆژیکەوە دەستیان پێبکردایەت، کە بە سیمبولی روشنەوە دەخرایەڕوو. بەم پێیە لە رێگەی لۆژیکی هەنگاو بە هەنگاوەوە پێشکەوتن، بۆئەوەی نیشانیبدەن، کە چۆن تێکڕای لۆژیک و دواتر ماتماتیک، دەتوانن تەنها لەم چەمکە بنەڕەتیەوە پێکبهێنن. ئەم پرۆژە گەورەیە بە زۆری پێویستی بە لیهاتوویی شەیتانی بوو، کە سەدان لاپەڕەی پڕ لە سیمبولی لۆژیکی لەخۆدەگرت، بەڵام ئەوەی دەهێنا. شتێکی دەردەبڕی کە بڕاوە بوو و جێی رەتکردنەوەی نەدەهێشتەوە.

دۆخی ناسیاری  مرۆڤ بۆ هەمیشە ئاوەژوو دەبووەوە. لە دۆزینەوە سەرەتاییەکانی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستای لۆژیکی ئەرستۆدا، گەورەترین پێشکەوتنی فەلسەفی دەکرا.

سێ ساڵ کارکردن لەگەڵ ئەو پڕۆژەیەدا تووشی نەهامەتیکرد. راسڵ بە کەموکوڕیەکی زانی، کە رۆچووبووە ناو چەقی هۆکارە لۆژیکییەکانیانەوە. هەر ئەم ناسازگاریەش بوو، کە دەبووە هۆی ئەوەی چەمکی کۆکراوەکان وەک پرسێکی ناکۆک وێنابکرێت. ئەو گرفتە ئەمڕۆ بە " پارادۆکسی راسڵ" ناسراوە.

کتێبخانەیەک بهێننە بەرچاو، کە جگە لە رەفەی کتێبەکان دوو کەتەلۆگیشی هەیە. کەتەلۆگی یەکەم لیستی هەموو ئەو کتێبانەیە، کە دەگەڕێنەوە بۆ خۆیان - بۆ نمونە، "ئەگەر پێشتر لە بەشی دوودا هات." کەتەلۆگی دووەم، لیستی هەموو کتێبەکانی کتێبخانەکەیە، کە بۆ خۆ ناگەڕێنەوە. کەتەلۆگی دووەم لە کامە کەتەلۆگدا دەبێتە پێڕست؟  ئەگەر لە خۆیدا دەبێتە پێڕست، دەستبەجێ دەبێتە کتێبێک کە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام ناتوانێت لە کەتالۆگی دووەمدا ببێتە پێڕست، چونکە ناگەڕێتەوە بۆخۆی. ئەم پارادۆکسە بە چارەهەڵنەگر دێتەبەرچاو.

بەڵام ئەمە چ پەیوەندیەکی بە کۆکراوەکانەوە هەیە؟ بە رواڵەت بەڵگەهێنانەوەکەی راسڵ، وەهایە، لە بری دوو پێڕست دوو کۆکراوەمان هەیە، یەکەم کۆی هەموو کۆکراوەکان کە ئەندامی خۆیانن. بۆ نمونە کۆی هەموو کۆکراوەکان ئەندامی خۆیین. چونکە خۆی کۆکراوەیەکە. دووەم، کۆی هەموو کۆکراوەکانمان هەیە کەئەندامی خۆیان نین. لە نێو ئەمانەشدا کۆی هەموو ژمارەکان هەیە کە خۆی ژمارە نییە. ئێستا، ئایا کۆی هەموو ئەو کۆکراوانەی کە ئەندامی خۆیان نین ئەندامی خۆین؟ ئەگەر هەیە، نییە. ئەگەر نییە، هەیە. هەمان پارادۆکسی پێڕستی کتێبخانە دروست دەبێت.

ڕەنگە ئەمە وەکو گرفتێکی لاوەکـی دەرکەوێت، بۆ راسڵیش لە سەرەتاوە هەروابوو، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە تێکڕای چەمکی کۆکراوە وەکو بوونێکی لۆژیکی لەناو دەبات و ژمارەش لەم کۆکراوەنە دروستدەبێت. بە بێ چەمکی کۆکراوە ناکرێت بە شێوەیەکی سەلمێنراو لە بواری لۆژیکیەوە لە لۆژیکەوە، بگەیینە ماتماتیک. هەرچۆنێک بێت، نەدەکرا ماتماتیک لە ڕێگەی لۆژیکەوە کەمبکرێتەوە. ماتماتیک لە بواری تیۆریەوە پرسێکی زەرور نەبوو، بەڵکو پرسێکی مومکین بوو. ڕەنگە شکڵەکەی لە خۆیدا بە تەواوەتی لۆژیکی بێت، بەڵام لە پێگەی دەزگایەکدا لەسەر بنەمایەکی بابەتیانەیە، کە پاساوی لۆژیکی نییە. ئەم بنەما بابەتییە بە واتایەکی بژاردەیی بوون، هۆکاریان نەبوو. بنەمایەک بوون، کە بە بێ هەر پاساوێکی تر دەبێت قبوڵیان بکەیت، وەکو ئەو کوڕە یازدە ساڵانەی، کە برا گەورەکەی وانەی ئەقلیدسی پێدەوتەوە.

ئەم پارادۆکسە، هەرچی زیاتر راسڵ تێیدا رۆدەچـوو، قوڵتر و شکستهەڵنەگر دەهاتە بەرچاو. راسڵ نامەیەکی لەبارەی دۆزینەوەکەی بۆ لۆژیکزانی گەورەی ماتماتیکی ئەڵمانی گوتلۆب فرگە نوسی، کە چەندین ساڵ سەرقاڵی پڕۆژەیەکی هاوشێوە بووە. فرگە سەری سوڕما، پێدەچوو ئەوکارەی لەناوچووبێت، کە تەمەنێکی لە پێناویدا سەرف کردبێت. ئەو لە وەڵامی راسڵدا رایگەیاند: " زانستی ژماردن کۆتایی هاتووە!" راسڵ هەوڵیدەدا: "بەیانیان دادەنیشتم و لاپەڕەیەکی سپیم لە بەردەستم دادەنا، بە درێژایی ڕۆژ، بۆ وەستانێکی کورت لەکاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا، سەیری لاپەڕە سپیەکەم دەکرد. زۆرجار کە شەویش دادەهات هێشتا لاپەڕەکە هەر سپی بوو." راسڵ نامەیەکی نوسی بۆ ماتماتیکزانی گەورەی فەرەنسی ئانری پوانکارە، لە وەڵامدا وتی، پارادۆکسی راسڵ هاوشێوەی پارادۆکسی کۆنی یۆنانە، کە ئەپیمندس کێرتی هێنایەئاراوە و وتی، " هەموو

کێرتیەکان درۆزنن.“ راسڵ لە سەر لاپەڕەی کاغەزێک نوسی:“ کێرتی وتی هەموو کێرتیەکان درۆزنن“، و بۆ چەندین رۆژ بەردەوام سەیریدەکرد و لێیورد دەبووەوە. یەکێک لە بەرزترین زەینەکانی فەلسەفەی ئەوروپا لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا، کاری گەیشتبووە شوێنێک، کە لە شتێکدا لە ئاستی مەتەڵێکی جەژنی لەدایکبوون تێیڕادەما. بۆ چەندین رۆژی بەردەوام زەینی قفڵ دەبوو، وەکو بڵێی ئەوە بەسنەبێت: ”هەموو شەوێک لە سەعاتی یانزەوە بۆ یەک دەچووم لە سەر چیمەنەکان دادەنیشتم، بەوجۆرە تێگەیشتم، کە پەلەوەری شەوگەڕ سێ دەنگی جیاوازی هەیە (زۆربەی خەڵک تەنها دەنگێکی دەناسن). بە سەختی هەوڵی ئەوەم دەدا، ئەو ناکۆکیە چارەسە بکەم، کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا.“

سەرەنجام ساڵی 1906 راسڵ گەڕایەوە بۆ وەڵامێک لەچوارچێوەی تیۆری جۆرەکاندا. لەئاکامدا سیستمێکی زنجیرەیی لەکۆکراوەکان یان جۆرەکانی کۆکراوە پێکهات. بەمجۆرە کۆمەڵێک پشیلەو کۆمەڵەیەکی سەرتر لەئاژەڵان هەبوو. ئـەوەی کە سەبارەت بەجۆر لەکۆکراوەدا دەگونجا بەناچاری سەبارەت بە جۆری سەرتر لەو نەدەگونجا. ئەوەی کە سەبارەت بەکۆکراوەی ئاژەڵان (واتا پشیلەکان) گونجاوبوو، هەمیشە سەبارەت بەکۆکراوەکان کۆکراوەی (واتا ئـاژەڵان) گونجاونەبوو. هەر کۆکراوەیەک دەیتوانی ئەندامێکی خۆی بێت (کۆی هەموو کۆکراوەکان)، بەڵام نەیدەتوانی بۆ خۆی بگەڕێنەوە. کۆکراوە گـەڕاوە سەرخۆکان بێمانابوون. بۆ نمونە قسەکردن لە “کۆکراوەی هەموو ئەو گروپانەی کە لەخانەوادەی پشیلەکانن“ بێواتابوو. لێکدانەوەی ”کۆکراوەی هەموو ئەو پشیلانەی، کە خانەوادەی پشیلەکان نین“ ئاسانتر بوو. بە وتەی راسڵ ” ئەوەی کە سەبارەت بە ئەندامانی کۆکراوەیەک دێنەوە، پێویست ناکات ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە بێت.“ ئەوەش بەو واتایە بوو، کە نە“

کۆی هەموو کۆکراوەکان کە ئەندامانی خۆیانن" و نە " کۆی هەموو کۆکراوەکان، کە ئەندامی خۆیان نین" هیچیان نەیاندەتوانی بریتی بن لەخۆیان: پارادۆکسەکە چارەسەر ببوو!

راسڵ شادومان بوو و رایگەیاند، "دوای ئەمە تەنها نوسینی کتێب ماوە" لەگەڵ ئەوەشدا، دەرکەوت تەواوکردنی نوسینی بنەماکانی ماتماتیک کارێکی ئاسان نییە. وایتهد بە هۆی کاری وانە وتنەوەوە لەکامبریج، ئیتر نەیدەتوانی هاوکاری راسڵ بکات. راسڵ بە تەواوکردنی هاوکارییەکانیان، خۆی ناچارکرد لەهەشت مانگی دواتردا، رۆژێک دە بۆ دوانزە کاتژمێر کاربکات. کاتێک سەرەنجام بنەماکانی ماتماتیکی تەواو کرد. سێ بەرگ و زیاتر لەچوار هەزار لاپەڕەی لۆژیکی سیمبولی بە بەڵگەهێنانەوەی قایم ترەوە وردبینی بۆکرابوو. لەهەر قۆناغێکدا دەبوایە لەسەر بناغەی بنەماکان شیکردنەوەی بۆ بکرایە - بەوەها شیکردنەوە و فراوانکردنێک، کە لەنیوەی بەرگی دووەمدا دەگەیشتە مەسەلەی 1+1=2! جێگەی سەرسوڕمان نییە کە راسڵ دواتر وتی: " زەینی من لەم ململانێیە، هەرگیز نەحەسایەوە." لە 1909 بنەماکانی ماتماتیکی تەوا کردبوو، بەڵام بڵابوونەوەی سێ بەرگی بۆ ماوەی سێ ساڵی خایاند. چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا، وەها بەرهەمێک فرۆشتنی زۆر بێت، بەڵام دەرکەوت کە بۆ زانایانی بواری بیرکاریو فەیلەسوفەکانیش ئاڵۆزو لێڵە. راسڵ دواتر وتی توانیویەتی تەنها 6 کەس بدۆزێتەوە، کە توانیویانە هەر سێ بەرگەکەی بخوێننەوە. سەرباری ئەمەش بنەماکانی ماتماتیک" خاڵێکی وەرچەخان بوو لەمێژووی بیری تیۆریدا" بەرهەمێک کە لەجێی خۆیدا، کاریگەریەکی قوڵی کردە سەر لێکۆڵینەوەی بیرکاری، زانستیو فەلسەفی لەسەرتاسەری ئەوروپادا.

تیۆری جۆرەکانی راسڵ رێگەی بۆ پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی، فەلسەفەی زاڵی ئەوروپا لەدەیەکانی 1920و 1930 خۆشکرد. ئەم دۆزینەوەیەی ئەو کە

دۆزێک دەتوانێت لە بواری ڕێزمانیو لۆژیکیەوە دروستو لەهەمانکاتدا بێمانا بێت، گرنگیەکی چارەنوسسازی بۆ پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی هەبوو. لەروانگەی پۆزیتیڤیسنە لۆژیکییەکانەوە، مانای دۆزێک لە شێوازی سەلماندنیدایە، ئەمەش ئەوانی ناچارکرد رروونکردنەوە لەسەر سێ دۆزبدەن.

دۆزەکانی پەیوەندیدار بەماتماتیکو لۆژیک، بەهەمانبێژی وەسفدەکران، واتە بەشێکی دۆزەکە لەکۆتاییدا شیکردنەوەی بەشەکەی تر بوو (بۆ نمونە 2+2=4 یان تەنانەت X+Y=Z).

دەکرا دۆزی جۆری یەکەم بەئەزمون راستبکرێتەوە. ئەمە هەموو دۆزەکانی لەم چەشنە لەخۆدەگرێت."ئەمڕۆ سێشەممەیە" ئەمەش هەموو دۆزە زانستیەکان دەگرێتەوە، بۆ نمونە" ئاو لە 100 پلەی سانتیگراددا دەکولێت." هەمووی ئەمجۆرە دۆزانە کەرەستەیەکیان بۆ سەلماندن هەبوو.

دۆزی جۆری سێهەم بریتی بوو لەراڤەکاری تیۆری، وەکو" خواوەندبوونی هەیە" یان "بوون ئامانجی هەیە" چونکە ئەم دۆزانە لێکۆڵینەوەیان لێناکرێت، قسەکردن لەسەریان بێهودەیە. ئەمجۆرە راڤەکاریانە بێمانان.

بەڵام ئەو روانگەیە روبەڕووی دوو گرفت بووەوە. هەموو راڤە ئەخلاقیو مێژوویەکان، سەر بەچەمکی سێهەم دەبن. بەواتایەکی وردتر، راڤەگەلێکی وەکو"خواردنی مرۆڤەکان باش نییە"و کۆلۆمب لەساڵی 1492دا لەزەریای ئەتلەسیەوە تێپەڕی" ناکرێت بسەلمێنرێت.. شێوازی سێهەم لەمەش خراپتر بوو. راڤەی " مانای دۆزێک، شێوازی سەلماندنیەتی" لەچەمکی سێهەمەدا دەگونجێنرا. ئەم پارادۆکسە بە پێچەوانەی پارادۆکسەکەی راسڵ، چارەسەر نەبوو.

بەڵام دەرکەوت کە تەنانەت پارادۆکسەکەی راسڵ بۆ هەمیشە چارەسەر نەبووە، بە زۆری زانرا کە، کۆکراوە گەڕاوەکان بۆخۆی قوڕ

و بێمانان. لەراستێدا چەندین چەمکی ریشەدارو چەسپێنراوی ماتماتیک پاڵیداوە بەکۆکراوەکانی بادراو بەرەو خۆوە. نەدەکرا ئەمانە بەرەڵا بکاتْ. لەلایەکی دیکەوە رێگایەکی لۆژیکی بۆ جیاکردنەوەیان لەکۆکراوە بێماناکان نەدەدۆزیەوە، هەوڵدان بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بیرکاری لۆژیکیە، لەئێستادا روبەڕووی ئاستەنگی زیاتر بۆتەوە. پێدەچوو گۆڕانکاری ئەمدوایانە نیشانەی ئەوەیە، کە خودی ماتماتیک رەنگە پارادۆکسی هەبووبێتْ، کە لەلۆژیک دوورن. لەم کاتەدا کەسانی سەرقاڵ بوو بەم ئاستەنگیە، لەوپەڕی ترسدا، شایەتی ئەوە بوون، کە کۆرتْ گودیلی، نەمسایی بیستْ وپێنج ساڵ تەمەن، توانی ئەوە بسەلمێنێتْ کە لەماتماتیکدا پارادۆکس هەیە. گودیل هۆکارێکی لۆژیکانەی ئاڕاستە کرد، کەجارێک بۆ هەتاهەتایە ئەوەی دەسەلماند. بە گوێرەی هۆکارەکانی گۆدیل، هەر سیستمێکی ئاڵۆز، وەکو ماتماتیک، کە پشتی بە بنەمای بابەتیانە بەستبوو، بەناچاری لەناوخۆیدا دۆزی بەرواڵەتْ دروستی هەبوو، کە شیاوی سەلماندن، یان رەتکردەنەوە لەو سیستمو دەزگایەدا نەبوو، بۆ سەلماندن یان رەتکردنەوەی ئەوجۆرە دۆزانە، هەمیشە دەبێتْ بنەمای بابەتیانەی تر لەدەرەوەی ئەو سیستەمە ئاراستە بکرێتْ، لە هەمانکاتدا هەر کە بنەمای بابەتیانەی دیکە ئاڕاستەکرا، بۆئەوەی ئەو دۆزانە شیاوی سەلماندن بکاتْ، دۆزیی زیاتر دەخولقێنێتْ، کە دیسان ناتوانێتْ رەتیانبکاتەوە، یان بیانسەلمێنێتْ، بە واتایەکی تر هەرهەوڵێک بۆ تۆکمەکردنی بیرکاری لەسەر بنەما بابەتیەکان، لەهەمان سەرەتاوە مەحکومە بە شکستهێنان. بیرکاری لەبواری ناوەڕۆکێکەوەکە هەیەتی "ناکامڵ"ە. ئەمەش فەیلەسوفو لۆژیکناسانی تووشی سەرلێشێواویکرد. لەهەمانکاتدا، ماتماتیک رانەوەستاو ماتماتیکناسان بەبێ ترس، درێژەیان بەچالاکیە لۆژیکیانەکانی خۆیاندا. ئەم گرفتە تا ئەمڕۆش بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، ماتماتیکناسان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو حوکمەی کە گۆدیل

لەدژی بیرکاری دەریکرد، هێشتا بڕوایان بەبیرکاری ماوە، ئەوان روانگەی پشتبەستن بە ئەقڵی بێگەردیان دەگرتەبەر، کە ئەگەرچی رەنگە هۆکارێکی (فەلسەفی) بۆ بڕوابوون بەبیرکاری نەبێت، ئەوان بە شێوەیەکی نالۆژیکی درێژەیان بەوکارە دەدا، چونکە ئەوکارە بە کردەوە وەڵامیدەدایەوە. ئەوەی کە بەگوێرەی تایبەتمەندیەکانی ماتماتیک دروستدەبوو، دەوامی دەهێنا، پردەکان داناڕمێن، فڕۆکەکان بەرنابنەوە، تەنانەت سارۆخەکەکان دەتوانن لەمەریخدا بنیشنەوە. هەندێک جار تیۆری لەوانەیە هۆکارێکی باشی بێت، بەڵام کردار هۆکارێکی باشتری هەیە.

ئەو ساڵانەی کە سەرفی داڕشتنی بنەماکانی ماتماتیک کرا، لەهەشت مانگ چالاکی زەینی سەختو تەنهایی راسڵدا، رووبەڕووی قەیران بووەوە. لەهەمانکاتدا ساڵانی پێشوو بێ رووداو نەبوو. ئەم رووداوانەش بە هۆی بێئەزمونی سۆزدارانەی راسڵەوە بوو، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سەردەم و پەروەردەیەک کە ئەو دیبووی، ئەم دواکەوتوییە رەنگە جێگەی تێگەیشتن بوو. لەوشوێنەی کە سۆزو وروژێنەری کەسانی تر لەئارادابوو، ئەو توانای کەمتەرخەمی نواندنی خۆمانەیی لەگەڵ هاوڕێیانی لەکۆلیژدا هەبوو، بەڵام کاتێک سەرەی سۆزی خۆی دەگەیشت، بەسەختی نوقمی زەوق و تاسە دەبوو. مەسەلە سۆزداریەکانی لەبەر مەترسی توێژینەوەی فیکری شێلگیر و نەگونجاودا بوون. راسڵ مرۆڤێکی زۆر بنەماخوازو فەیلەسوف بوو (کە هەرگیز یەک شتنین). کاتێک بەکارهێنانی هزرو فیکر بەرەودۆزینەوەی حەقیقەتەکانی دەبرد، بڕوای بە لەقاودانی ئەو حەقیقەتە هەبوو و لەکاتی پێویستدا، بەکردەوەی دەردەهێنا. بەناوبانگترین نمونەی ساڵی 1903 روویدا. ”ئێوارەی رۆژێک پاسکیل سواریم دەکرد، لەناکاو کاتێک لەرێگای گوندێکەوە تێپەڕ دەبووم، تێگەیشتم کە ئیتر ئالیسم خۆشناوێت. تا ئەو ساتە تەنانەت نەمدەزانی کەخۆشەویستیم بەرامبەر بەو کاڵبووەتەوە..“ ئایا باڵق بوونی

سۆزدارانەی راسڵ تا ئەو رادەویە ناتەواو بوو، کە هەستەکانی بەوەها تێگەیشتنێکی لەناکاو دەرکدەکرد؟ ئایا ئەمە تەنها درۆیەک بۆ پاساوکردن؟ وەکو ئەو پارادۆکسە فەلسەفییە، کە بەناوی ئەوەوە دەنگی دابووەوە (راسڵ لەو کاتەدا بە تەواوەتی سەرقاڵی بوو)، بە رواڵەت هەردوکیانو لە کردەوەدا هیچکامیان.

راسڵ هەستی دەکرد، کە پێویستە لەباری ئەخلاقیەوە ئەو هەستەی بەئاگاداری ئالیس بگەیەنێت. ئەنجامەکەی بەوجۆرەی کە چاوەڕواندەکرا روخێنەربوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین ئالیس، کە گەورەترو تاڕادەیەک هۆشیارتر بوو - تێدەگات کە لەنێوانیاندا هەمووشتێک وەک پێویست بەڕێناکرێت , بەهەرحاڵ ئاگادارکردنەوە لەناکاوەکەی راسڵی قبوڵنەکرد و لەباوەشی کرد. راسڵ لەو کارەی بێزار بوو. مامەڵەی لاسارانەی هەردووکیان بەو مانایە بوو، کە لەهەشت ساڵی دواتردا، هاوسەرگیریەکەیان بەرەو سەخڵەتی زیاتر دەچوو. سەرباری جیابوونەوە کاتیەکان، سەرەنجام ساڵی 19011 بە رەسمی لەیەکتر جیابوونەوە. بە درێژایی ئەم ماوەیە هەردووکیان لەپەرێشانی نائەوپەڕدابوون، سەبارەت بە راسڵ جگە لە پەرێشانی بێهیوای سۆزداریو فیکریش کارینێکردبوو. کاتێک دژواریەکانی کاری فەلەسەفە بەسەریدا زاڵدەبوو، شەوانە لە نێوان درەختەکاندا پیاسەی دەکردو بیری لەخۆکوشتن دەکردەوە. بێهیوایی بەرامبەر بە ئالیسی تەنیاکەوتوو لەماڵو لە ژووری نوستندا تەنها دەیتوانی وێنای بکات.

بۆ راسڵ ئەوە دەیەیەکی زۆر سۆزدارانە بوو، ئەگەرچی چەندجار بە خێرایی عاشق بوو، بەخێرایش دەستبەرداری خۆشەویستیەکەی دەبوو. ئەو عەشقە توندو بە سۆزانە، هەندێکجار یەکلایەنە، جار جار ئەفلاتونی، هەندێکجاریش لەگەڵ ژنە ناشادە شودارەکانبوو. پێدەچێت ئەو پەیوەندییە لەگەڵ ئەو ژنانە بووبێت، کە حەزیان لەم مرۆڤە وردیلە ئەشرافیە سەرسوڕهێنەرو

نامۆیە بە سمێڵی شێواو و ئاڵناڵ و رەفتاری گورجانەوە کردبێت.

لەحاڵەتێکیشدا تەنانەت عاشقی هاوسەری هاوکارە داماو و هاوڕێ نزیکەکەی خۆی واینهد بوو. راسڵ لە بەرامبەر ئەمجۆرە خۆشەویستیانەیدا، بە تەواوەتی هەستی بە تاوان دەکرد، چونکە سەرباری هەبوونی سۆزی فراوانو نابژاردەی لەو بابەتەدا، بنەماخواز، تەنانەت داوێن پاکو خۆپارێزبوو. سەرەنحام لەساڵی 191 لەسیو هەشت ساڵیدا، لەم گرفتاریانە دەربازی بوو، عاشقی لیدی ئاتۆلین مۆرل، هاوسەری سیو حەوت ساڵەو سەرنجڕاکێشی پیاوێکی رووکراوەوخۆشەویست بوو، کە ئەندامی پەرلەمانوخاوەنی کارگەی مەیسازی بوو.

ئاتۆلین بە هۆی خەرمانێک لەزولفی پرتەقاڵی رەنگی، دەموچاوی ئەسپ ئاسای پودرە لێدراویو سەروسیمای جوانو تەڕوتازەی بەناوبانگبوو، راڕایی، دەسەڵاتخواز، بێهەڵوێستو بە توندی نادڵنیابوو بەرامبەر بە خۆی. وەها ئاوێتەیەک لەوانەیە کەسایەتیەکی سەنجڕاکێشی بەودەدا. نەک هەر بۆ راسڵ: ”گروپی بلۆمزبری“دواتر لە پشووەکانی کۆتایی هەفتەدا بەبەردەوامی لەکارسینگتۆن، هەوارگەی مۆرۆڵەکان لە ئاکسفۆرد شایەر، چێژی دەبرد – هەرچەند هەرگیز ئاتۆلینیان بەڕاستی قبوڵنەکرد لەپاشەملی بە گوێرەی رەواڵ لاساریان دەکرد. کاتێک بینیان زەبەلاحێکی ئەندێشە، وەکو راسڵی خستۆتە داوەوە ئەو لاساریە زیاتریش بوو.

بە درێژایی ئەو دڵداریە پێنج ساڵە، لەگەڵ راسڵ بە بەردەوامی نامەیان بۆ یەکتری دەنوسی، راسڵ تا ئەو جێگەی کە دەیتوانی دڵو زەینی بەڕویدا دەکردەوە. ئەویش بەشێوەیەک راسڵی”جوان و دڵپەسەند“ دەکرد. ئاتۆلین بوو، کە رێسامەندی زیادەڕۆیانەی بەراسڵ نیشاندا، کە چۆن ئەویش دەتوانێت ژیانێکی ئاسایی بێت. هەر دوکیان بەشێوازی ناتەواوی خۆیان، بە باشترین شێوە کە لەتوانایاندا بوو، عاشقی یەکتری بوون.

بەڵام ئەمە زەوقترینو بەرچاوترین بەسەرهاتی راسڵ لەو ساڵانەدا نەبوو. بەو جۆرەی کە چاوەڕوانی دەکرێت، کێشەی گەورەی ئەو بەسەرهاتی فیکری بوو. وەها چاوەڕوان نەدەکرا، کە لەو پەیوەندیە پڕشەوقوزەوقە، سەرکێشانەیەدا، کە سێکسی تێدا نەبوو، راسڵ رۆڵی مرۆڤێکی گەورەتری گێڕابێت. لۆدڤیک ویتگنشتاین دوانیوەڕۆیەکی مانگی ئۆکتۆبەری 1911، بە بێ ئاگاداری پێشوەخت لە ژوورەکەی راسڵدا لەکامبریج دەرکەوت. زۆرجوان بوو رەفتاری وشکو رەسمی هاوشێوەی ڤینی بوو. ئەو هەر لەسەرەتاەوە لەسەر ئاخافتنی ئینگلیزی پێداگری دەکرد، سەرباری ئەوەی کە راسڵ ئەڵمانی بەباشی دەزانی. ویتگنشتاین کوڕی خانەوادەیەکی پیشەگەری خاوەن دەسەڵات لەئیمپراتۆریەتی نەمسا – هەنگاریابوو. سەرەتا لە کۆشکی خانەوادەیدا، کە تێیدا جارجار برامسی بۆ مۆسیقا ژەندنی تایبەتی گرتبوو وانەی تایبەتی دەخوێند. دواتر لەبەرلین ئەندازیاریو دوای ئەوەش لەمانچستەر فرۆکەوانیو هەر لەوێش هۆگری بنەماکانی بیرکاری بووە. بەگوێرەی باو پرسو جۆی کردووە، بۆئەوەی بزانێت سیما پلەیەکوناودارەکانی ئەو بەشە چ کەسانێکن، راسڵو فرگەیان نیشان دابوو. خوێندکاری گەنج و کەمئەزمونی ئەندازیاری بە بێدەنگی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە، ئایدیا سەرەتایەکانی سەبارەت بەبنەماکانی ماتماتیک لەگەڵ دوو مەرجەعی جیهانی لەم زەمینەیەدا بهێنیتە گۆڕێ. فرگەی تورە لەزاری ویتگنشتاینەوە "پۆزەی لەزەوی ماڵرا"، بەڵام راسڵ هۆگری بوو. دەستبەجێ تێگەیشت کەتوانایەکی جیاوازی تێدایە. زانراو یان نەزانراو، رەنگە گەنجیەتی خۆیی لەوەدا دەبینی، ویتگنشتاین باوەڕێکی بەهەستوسۆزی بەرامبەر بە پەیجۆریەکەی بۆ فەلەسەفە هەبوو: ئەوە ببوو بەهەموو ژیانی، کاتێک پێدەچوو نەگەیشتووەتە خەونە بەرزەکانی، یەکەم بیرکردنەوەی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن بوو.

ویتگنشتاین بەخێرایی میوانی وەختوناوەختو هەمیشەیی راسڵ بوو. دەوروبەری نیوەشەو دەردەکەوت، پەرێشان، بەبێ قسەکردن لەسەر فەرشەکە هاتوچۆی دەکرد. دواتر بەشێوەیەکی جیدی داوای روونکردنەوەی لەراسڵ دەکرد. ئایا دەبێت خۆی بکوژێک؟ دەبێت ببێتە فەیلەسوف یان فڕۆکەوان؟ راسڵ دژی خۆکوشتنو فڕۆکەوانی بوو (لەو سەردەمەدا ئەو دووکارە هاوشێوەی یەکنربوون). ویتگنشتاین خەریکبوو بڕیاریدەدا، کە ببێتە فەیلەسوفوهێرشی دەکردە سەر ئایدیاکانی راسڵ سەبارەت بە لۆژیک. راسڵ بەهێوریو لەسەر خۆ ئامۆژکاری دەکرد، تێژبینانە بەڵگەی دەهێنایەوە، زەینی ویتگنشتاینی سەبارەت بەمەسەلە فەلسەفیەکان دەکردەوە، ویتگنشتاین بەهۆی" زەوقو هەژمونو بێگەردی فیکریەوە" لەماوەی چەند مانگدا، ئاشنای مەسەلە بنەڕەتیەکان بوو. ئەو کە لەتەمەنی بیستو دووساڵیدا نیوەی تەمەنی راسڵی هەبوو، خۆبەزلزان لاسارو وشکبیر بوو. لۆژیک بەلایەوە ببووە جامی پیرۆز. راسڵ کە دەساڵ خۆی بەتێگەیشتنی قوڵترین مەسەلەو ئاستەنگیەکانی لۆژیکەوە خەریک کردبوو، بوێرانە خۆڕاگری دەکرد.

لەگەڵ باسێکی بەناوبانگدا، راسڵ داوای لەویتگنشتاین کرد، سەرنجبداتە ئەم دۆزە: " ئێستا لەمژوورەدا ئەسپی ئاوی نییە." ویتگنشتاین راستی ئەم دۆزەی رەتکردەوە، بەوهۆیەی کە لەبواری لۆژیکیەوە بڕاوە نییە. راسڵ دەستیکرد بەگەڕان لەژێر مێزەکانداو بەدەنگی بەرز هاواریدەکرد، ئەسپی ئاوی لەکوێیە؟ ویتگنشتاین هێشتا دۆزەکەی راسڵی قبوڵ نەدەکرد، لە بواری لۆژیکیەوە ئەگەری ئەوە لەئارادابوو، ئەسپی ئاوی لەژوورەکەدا بێت. راسڵ پێداگریدەکرد لەبواری ئەزمونییەوە ئەوە مومکین نییە. ریشەی تەکینەوەی ئایندەی ئەوان هەر ئەوەیە. ویتگنشتاین فەلەسەفەکەی لەسەر کۆڵەکەی لۆژیکو زمان بونیاددەنا، بەڵام فەلسەفەی راسڵ زیاتر لەسەر واقعەیەتە زانستییەکان چڕدەبووەوە.

راسڵ دوای شیکاری بناغەکانی بیرکاری لەبنەماکانی ماتماتیکدا، لێکۆڵینەوەکانی لە بواری مەعریفە ناسیدا بەگشتی - واتا بنەمای هەر ناسینێکی - پەرەپێدا. پەیوەندی نێوان ناسینی "ئێمە" و "جیهانی دەرەوە" لە چیداییە، ئەگەر پەیوەندیەک هەیە؟ راسڵ بەلێکدانەوەی ئەزمونی ئێمە دەستپێکرد. لەوانەیە ئەوەی کە ئەزمونی دەیکەین -لەخەیاڵدا، سەراو، خۆشباوەڕیو شێتری لەوچەشنە - ئێمە هەڵخەڵەتێنێت، لەلایەکی دیکەوە گونجاو نییە لەسەر ئەم بنەمایە گومان بخەینە سەرتێکڕای ئەزمونەکانی خۆمان. ئەو لەوبڕوایەدا بوو کە "دەبێت لەسەر هەموو شتێک گومانت هەبێت، تەنها ئەو راستیانە بهێڵینەوە، کە بەهۆی راشکاویو جیاوازیانەوە، ناتوانرێت گومانیشیان لێبکرێت." ئەم راشکاویو جیاوازیە لەبنەمای ئەزمونەکانی ئێمەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەمان "دانەرە هەستیاریەکانن"، ئەم دانراوە هەستیاریانە تێگیشتنو دەرکەوتەی تاکلایەنانەن کە بەبینین، بیستن، بۆنکردنو چەشتنو بیستنی خۆمان بەرهەمیاندەهێنین. ئەمجۆرە هەستانە بە تەواوەتی زەینی نین، بەڵام هەمانشتە مادیەکانیش نین، کە کاریگەری دەکەنە سەر هەستەکانی ئێمە. دەتوانین باسی شتە ئاساییەکانی وەکو سێو - بکەین، بەڵام ئاشنایەتی ئێمە لەگەڵ وەها شتێک بەتەواوەتی لەپێدراوە هەستیارەکانەوە پێکهاتووە، ئەمانە ئەو شتانەن، کە هەستی سور، خڕ، سەخت، نەرمو شتی تری لەو چەشنە بەئێمە دەبەخشێتو ئێمە رێنوێنی دەکات بۆ دروسنکردنی چییەتی "سێو". هەر بەمجۆرەشە پەیوەستبوون، جێگیریو بەردەوامی جیهانی شتەکان. بەردەوامی شتەکانی جیهانی مادی لەپێکهاتە لۆژیکییەکانەوە سەرچاوەیگرتوەو لەپێدراوە هەستیەکانی ئێمە بەرهەمدەهێنرێت.

لەسۆنگەی تیۆری ماریفەتناسیدا، دەتوانین بەرەو جیهانبینی کردەیی بچین. هەموو کەرەستەکانی پێوانو بینین لەراستیدا گەشەکردنو پەرەپێدانی

هەستەکانی ئێمەن. ئەم دوانە بەوردی هەمان پێدراوە هەستیەکان بۆ ئێمە فەراهەمدەکەن. لەسەری دەرزیەکەوە تیشکێکی پرتەپرتکەر، کە بەتەلیسکۆپ دەیبینین، بە شێوەی لۆژیکی ئەستێرەیەکی گەورە دروستدەکات، کە ملیۆنان ساڵی تیشکی لەئێمەوە دورە. بە تێپەڕکردنی تیشک لەئامێرێکی پێوانەوە دەتوانین درێژی شەپۆلەکانی بەشێوەی لۆژیکی دیاری بکەین.

سەدوپەنجا ساڵ پێشتر، دەیڤید هیوم، فەیلەسوفی سکۆتلەندی، دواین تیۆری ئەزمونی ماریفەتناسی هێنایەئاراوە. بەم پێیە، تێکڕای ناسینی بـڕاوەی مرۆڤ لەسەر بنەمای کاریگەریەکە کە"هەستەکان، زەوقەکان، جوڵەکان)ی ئێمە بەرهەمی دەهێنن. پێنسەی ئێمە بۆ جیهانی دەرەوە، تەنها لەرێگەی تێگەیشتنەکانەوە بەدەستدێت - تەنانەت تێگەیشتنی ئەم شتانە بە شێوەی تەن، هۆکارێتی و شتی تر، تەنها بە پرۆسەی نەبڕاوەی بەراوردکردن (استقرا) پێکدێت. ئێمە نازانین کە تۆپێکی بلیارد شتێکی تاکە. ئەمە تەنها شرۆڤەی کاریگەریەکانی ئێمەیە، ئایدیای هەڵکۆڵینە. ئێمە نازانین کە هەتاو سبەینێ دەردەکەوێت، یان گڕ کاغەز دەسوتێنێت -هەروەها پێناسەیەک تەنها گریمانەی پشت بەستوو بە ئایدیای هەڵکۆڵینی ئەگەر یان هۆیەتی ئێمەیە. ئایا راسڵ لەراستیدا شتێک زیاتر لەمە دەڵێت؟ کلیلی تیۆری ناسینی راسڵو رەسەنایەتی، لەجەختنکردنەوەی ئەو لەسەر "پێکهاتەی لۆژیک"یە. ئێمە بەکردەوە تەنێکی خۆڕاگری وەکو "چیا" بەکردەوە ئەزمون ناکەین. ئەم چەمکە بە پرۆسەی پێکهاتەی لۆژیکی پێکدێت، کە تەنها بەپێدراوە هەستیەکانی ئێمە دەستپێدەکات.

ئامانجی راسڵ شتێک نەبوو، جگە لەوەی کە فەلەسەفەو زانست دووبارە یەکبخاتەوە، بەجۆرێک کە لەیۆنانی کۆنو دووبارە لەسەدەی حەڤدە دابوو (بەرهەمی گەورەی نیوتن سەبارەت بە هێزی کێشکردنی بنەمای بیرکاری فەلەسەفەی سروشتی ناوبوو.)، بەڵام لێرەدا راسڵ روبەڕووی

گرفتێک بووەوە. ئەگەر من تەنها جیهانی مادی بە پێدراوە هەستیەکان دروستدەکەم، کەواتە خودی جیهانی مادی چییە؟ ئایا تەنها بینایەکی لۆژیکیە لەزەینی مندا؟ هیچ بوونێکی سەربەخۆی لەدەرەوەی پرۆسە زەینیەکانی مندا، لە دەرەوەی زەینی من نییە؟ ئەگەر هەیەتی، چۆن دەتوانین بیناسین؟

راسڵ لێرەدا روویکردە مەسەلەی جیهانی دەرەوە. پێشتر لەرێگەی پێدراوە هەستیەکانەوە، بەبینای لۆژیکی ناسینەوە "بەرەوپێشەوە" دەچوو. ئێستا لەپێدراوە هەستیەکان بۆ دروستکردنی مادە "بۆدواوە" دەڕۆیشت. ناوەڕۆکی جیهان، خودی مادە پێکهاتوو لە "هەموو پێدراوە هەستیەکانە، کە هەموو بینەرانی شیمانەیی، دەتوانن بە تێگەیشتنەوە شتێکی یەکدەست ببینن" تەنێکی مادی کە لەهەر لایەک و ئاڕاستەیەکی مومکینەوە دەبینرێت و دەرکدەکرێت، هەمان تەنی مادییە. پێدراوە هەستیەکان کارەکتەری تەنەکانن.

مادە رازی نهێنی نەناسراو نییە، کە لەپشت تێگەیشتنەکانی ئێمەوە هێلانەی کردبێت، بەوجۆرەی کە فەیلەسوفانی پێشتر وەکو کانت وتویانە، مەتەڵێک لەئارادا نییە، جیهان رازێکی نییە - هەر ئەم"زانستو رۆژی روناکو کاروباری رۆژانەیە". فەلسەفەو جیهان، هەر ئەوەندە روناکو ئاشکران، کە زانست دەیوت. پێدراوە هەستیەکان پەیوەندیەکی راستەوخۆیان لەنێوان زەینو جیهانی بێزەیندا - کە بریتین لەتەنە سروشتیەکانو ئایدیا دەرهەستەکان. چەمکی دوایی بەشتگەلێکی وەکو ئایدیای ئێمە لەجوانی یان چاکی، هەروەها بوونگەلێکی وەکو ژمارەی راستێنی ئەفلاتونی دەدات. ئەمانە بە شێوەی دەرهەست" بوونیان هەیە". بەمجۆرە زەین راستەوخۆ پەیوەندی بە بیرکاریەوە هەیە. بەم پێیە چەمکگەلێکی وەکو ژمارەکان و پێدراوە هەستیەکان بنەڕەتین.

پرۆسە زەینیەکان بەم وێنا بنەڕەتیەوە - ڕەنگ، ژمارەوهاوشێوەکانی ئەوان - وەکو "ناسر بەسیت" گەردیلەی ئەتۆمی لە جوڵەدایە. بەوجۆرەی کە جیهان لەئەتۆمەکانو پێکهاتە ئەتۆمیەکان پێکدێت، ناسینی ئێمەش لەم ناسرە بەسینە ئەتۆمیە دروستبووە. دەتوانین ئەمانە لەرێگەی لۆژیکی دەستکاریەوە، ئاوێتە، یان پۆلێن بەندی بکەین. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە، راسڵ فەلسەفەکەی ناوبنێت "ئەتۆمباوەڕی لۆژیکی". بۆ دۆزینەوەی راستی راڤەیی دەتوانین بەسەر گەردیلەی لۆژیکیدا دابەشیبکەین و بزانین بەشێوەیەکی لۆژیکی دروست ئاوێتە بووە یان نەبووە. ئەم شێوازە بە"شیکردنەوەی لۆژیکی" ناسراوە و بوو بە یەکێک لەرەوتە زاڵەکان لەفەلەسەفەی سەدەی بیستەمدا.

نمونەی سادەی شیکاری لۆژیکی دەتوانین لەم دۆزەی خوارەوەدا بەکاربهێنین، "پاشای ئێستای فەرەنسا سەری رووتاوەتەوە." ئەمە بە رواڵەت پەیوەندیەکی سادە بەیاندەکات، کە لەوانەیە راست یان درۆ بێت، بەڵام لەراستیدا پارادۆکسێک دێنێتە ئاراوە. نەراستە نەدرۆیە - قۆڕ و بێمانایە، بۆچی؟ بۆئەوەی کە شتێک بەناوی پاشای ئێستای فەرەنسا بوونی نییە. ئەم دۆزە دەتوانرێت لەرێگەی بەشە ئەتۆمییە پێکهێنەرەکانیەوە دابەشبکرێت:"بوونی ئێستا"،"پاشای فەرەنسا"، و "قژڕوتاو بوون". مەحاڵە کە دۆزی سەرەکی دەبێت وەها بێت"شتێک بەناوی پاشای فەرەنسا بوونی هەیەو قژی رووتاوەتەوە." بەشی یەکەم ناڕاستە، لەئەنجامدا "پاشای فەرەنسا" ناتوانێت لەپەیوەند لەگەڵ "قژ ڕووتانەوە"دا بێت. راسڵ لەهەمانکاتدا کە لە سەر ئەم مەسەلانە کاری دەکرد، تەواوی ئەو ئایدیایانەی تاقیدەکردەوە، کە لە پەیوەند لەگەڵ وینگنشتایندا لەزەینیدا شکڵی دەگرت. ئەوان بەشێوەی یەکسان کاریاندەکرد، لەهەمانکاتدا لەژێر ئەم هاوکاریە بەرواڵەت فەلسەفیەدا، تەقینەوەیەکی قوڵ خەریکبوو سەریهەڵدەدا، وینگنشتاین جەختی لەسەر لەپێشبوونی لۆژیک

دەکردەوە، لەکاتێکدا ماریفەتناسی راسڵ بەشێوەیەکی فراوان روویدەکردە چەمکی مادەو"جیهانبینی راستەقینە"ی زانست. قۆناغێکی تایبەت لە دۆزینەوەی زانستی - یەکێک لە گەورەترین سەردەمانی مێژووی زانست - بوو. ئەنشتاین یەکەمین نامەی سەبارەت بەڕێژەیی بوونی تایبەت لە 1905دا بڵاوکردەوە. بەگوێرەی ئەوە، زەمان و جوڵە رێژەییبوون ، مادە بەجۆرێک لەوزە بەئەژمار دەهات (E=MC) لەم نێوەندەدا، لەساڵی 1912 نیلز بور خەریک بوو تیۆری کوانتۆمی پێشکەشدەکرد، کە دەیسەلماند یاساکانی فیزیای کلاسیک لەئاستەکانی ژێر ئەتۆمدا راست دەرنایەت. شوێن‌وکات رەها نەبوو، رووناکی بەشێوازێکی نەشیاو، دەیتوانی هەم گەردیلەی رق‌و هەم شەپۆل بێت.(کە کێشی نییە). راسڵ ئاگاداری ئەم گۆڕانکاریانەبوو. روون‌و ئاشکرابوو، کە هەر تیۆریەکی فەلسەفی سەبارەت بەناسین دەبوایە ئەم جۆرە گۆڕانە شۆڕشگێڕانەیە لەخۆیدا جێگیربکردایەت. لەبەر روناکی تیۆری رێژەیی بوون‌و کوانتۆم، مەعریفەتناسی(ئەبستیمۆلۆژی) بە جۆرێک کە لەو سەردەمەدا بوو، بە تەواوەتی لەیەکدابڕاو وێنا دەکرا.

زۆر کەس هێشتا گومانیان هەیە، کە دۆخەکە باش بووبێت، ئەنیشتاین‌و بۆر هەر دووکیان سەبارەت بە مەسەلەکانی مەعریفەتناسی بەرهەمهاتووە لەدۆزینەوەکانی خۆیان زۆربە سەختی لەپەیجۆریدا بوون. ئەمڕۆ ئەو بیرمەندانەی کە خۆیان بە شنگەلێکی وەکو کوارکەکان و سەروبەشەکانەوە (Superstarings) خەریکدەکەن ، ئیتر هۆگریەکیان بەرامبەر بە مەعریفەتناسی نەماوە. سەروبەشەکان گەردیلەی راستەقینەن، یان تەنها بەشەکانی بیرکارین؟ وەها پرسیارگەلێک بۆ ئەوان لەئارادا نین. سەروبەشەکان لەهاوکێشەکانی ئەواندا "وەڵامدەداتەوە". ئەمە بۆ بیرمەندان گرنگە. کاردانەوەی ئـەوان بەرامبەر بە نالۆژیک بوونی زانست زیاتر هاوشێوەی کاردانەوەی ماتماتیکزانانە بەرامبەر بە رەتکردنەوەی بڕاوەبوونی

ماتماتیکە لەلایەن گۆدیلەوە. بەمجۆرە ئایا هێشتا فەلسەفە سەبارەت بە مادە قسەیەکی بۆ وتن هەیە، یان مەعریفەناسی لێرەدا بە کردەوە بێکەڵکە؟

ڕاسڵ بایەخی بنەڕەتی ئەم مەسەلەیەی بۆ دەرکەوتو سوربوو لەسەر ئەوەی، کە پێوەی سەرقاڵ بێت. ویتگنشتاین لەلایەکی دیکەوە، بنەماکانی مەعریفەتناسی لەشوێنێکی تر دەبینی. ڕاسڵو ویتگنشتاین هەردوکیان گرنگی زۆریان بە لۆژیک دەدا، بەڵام بەدەر لەمە، ڕێگایان لەفەلسەفەدا زۆرجیاوازە. بۆ ڕاسڵ زیاتر فەلسەفە گرنگبوو تا لۆژیک، بۆ ویتگنشتاین لۆژیک لەپێشتر بوو ، بەڵام سەبارەت بەپێکهاتە گەردیلەییەکانی ناسین و پێویستی بەشیکاری زمان بۆ گەیشتن بەم پێکهاتانە لەگەڵ ڕاسڵ هاوبۆچوونبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ویتگنشتاین پێکهاتەی زمانبوو کە پێکهاتەی جیهانی لەقاودەدا. یەکەمین بەرهەمی گەورەی ئەو، ناملکەی لۆژیکی - فەلسەفی، بەئاشکرا رایدەگەیاند کە" جیهان کۆکراوەی ئێکرای ڕاستیەکانە، نەک کۆکراوەی تەنەکان ... ڕاستیەکان لەفەزای لۆژیکی جیهاندایە." لەم خاڵی وەرچەرخانەوە بەوە دەگەیشت کە"سەبارەت بەوەی کە ناتوانین قسە بکەین، دەبێت بێدەنگ بین." بە واتایەکی تر، ناسین دەبێت لۆژیکی قسەبکات، یان هەر قسە نەکات..

بە خۆشحاڵیەوە، ئەو بیرمەندانەی کە لەپێکهاتە نامۆکانی مادە - ڕەفتاری نالۆژیکانەی ئەوان - لێکۆڵینەوە دەکەن بەمجۆرە کۆڵیان نەدا. بەم کۆڵنەدانە هۆشداریەکەی ویتگنشتاینیان پوچەڵکردەوە. زمان دەتوانێت خۆی بەپرسێکی نالۆژیکەوە خەریک بکات، هەر وەها دەتوانێت خۆی بە واقعیەتێکی بەدەر لەواقعیەتی خۆی خەریکبکات. فیزیای ناوەکی لەسەدەی بیستەمدا، پێشکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا. دوورەپەرێزی ویتگنشتاین لەم مەسەلانەو دورکەوتنەوەی لەدنیای لۆژیکدا بەو مانایەبوو، کە فەلسەفە دەتوانێت درێژە بەکارەکەی بدات، لەبڕانەوەی بونیاتنراودا بە

سەرکەوتنێکی بەرچاوەوە. لەپێشبوونی ئەو لەفەلسەفەدا لەسەدەی بیستەمدا بەم هۆکارەیە. بە پێچەوانەوە فەلسەفەی راسڵ مەسەلەیەکی گشتگیرتری کە تاوتوێدەکرد، هەرگیز بەشێوەیەکی جێی رەزامەندی چارەسەری نەکرد. کۆششی بەردەوامی راسڵ بۆ چارەسەری ئەم مەسەلانە، فەلسەفەکەی زیاتر لەجاران بە شێوەی کاتی نیشاندەدا , کۆششی دلێرانو بەرفراوانی ئەو بەبەراورد لەگەڵ بڕاوەبوونە رۆشنەکان، بەڵام ئاڵۆزی ویگنشتاین وەکو بشێور رووت دەردەکەوت.

لەگەڵ ئەوەشدا، راسڵ زۆرشت لەویتگنشتاینەوە فێربوو. دواتر ئاشنایەتی لەگەڵ وینگنشتاین بە پڕهەیەجانترین ئەزمونی ژیانی فیکری وەسفکرد، بەڵام سەرەنجام ئەو ئاڵۆزیانەی کە ویتگنشتاین گەڵاڵەی کرد، تووشی تێڕامانی کرد، توندی تاڕادەیەک شێتانەی  هێرشەکانی ویتگنشتاین بۆ سەر بابەتی فەلسەفەی ئەو، متمانەی توشی لێکترازان کرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی راسڵ بەو دەرەنجامە بگات، کە بە گەیشتن بە چل و چەندساڵە ئیتر فەلسەفە زۆر دژوار بووە بۆی. ئەوەی قبوڵکرد کە ئیتر هەرگیز ناتوانێت کارێکی نوێو رەسەن بکات. لەم ململانێ فەلسەفیەی ئیرادەکان لە نێوان دوو دێوەزمە گومانێک لەوەدا نەبوو، کە کێ براوەیە. ئەوەی کە ئەنجامی ئەم ململانێیە تا چ رادەیەک سەرچاوەگرتووە لەدەسەڵاتی کەسایەتی، نەک بۆنەی بەڵگەهێنانەوەی فەلسەفی، هێشتا مشتومڕی تێدایە.

راسڵ سەرباری ئەم لێدانەیە کەسێک نەبوو، کە بەتەواوەتی تێکبشکێت، هەرچی بوو، ئێستا خەریک بوو، تواناو تایبەتمەندییە مرۆییە قوڵەکانی دەردەکەوت، ئێستا کە دەستی لەهەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی فەلسەفەیەکی رەسەنی گشتگیر هەڵگرتبوو، روویکردە داڕشتنی فەلسەفەیەکی دڵخوازی خەڵک، لەو زنجیرە کتێبانەدا، کە بە شێوەیەکی هەڵخەڵەتێنەر سادەبوو، بە درێژایی تەمەنی درێژەی بە نووسینیاندا، بە هەمووشتێکەوە خەریکبوو،

لەمەسەلە تایبەتەکانی ئەخلاقەوە بگرە، تا تێکڕای مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوا. یەکەمین کتێبی لەوبارەیەوە ساڵی 1912 تەواو بوو، ناوی مەسەلەکانی فەلسەفەی لێنرا. بۆ زۆر کەس ئەم کتێبە وەکو پێشەکییەکی کارامەیە بۆ چوونە ناو بابەتەکەوە. وینگنشتاین سەرسام بوو: راسڵ تا ئەو جێگەیە تەنەزولی کردبوو، کە ئەو کەسانەی کە خاوەنی لێوەشاوەیی نەبوون بە فەلسەفە ئاشنا دەکرد. لەوە بەدواوە بە پشتبەستن بە رابردو هەڵسوکەوتێکی پڕ لەسوکایەتیو دەرەبەگ ئاسایانەی هەبوو. سەرباری ئەمەش، راسڵ لەدوو قۆناغی ژیانیدا بە شێوەیەکی تیۆری بەرزانە هاوکاری ویتگنشتاینی کردووە – دڵنیابوون لە بڵاوبوونەوەی نامەی لۆژیکی – فەلسەفیەکەی، هەر وەها ئەوەی کە لەدەیەی 1930 دا بتوانێت سەرباری نەبوونی دۆخی لەباری ئاکادیمی، پۆستێک لەکامبریجدا وەرگرێت.

حەزە فەلسەفییەکانی راسڵ هەمیشە سەرتربوو لەسنورە دڵگیرو تاساوەکانی لۆژیک. مەسەلە سیاسی، ئەخلاقیو زەوقییەکان هەمیشە بۆ ئەو سەرنجڕاکێش بوون. نەک هەر لەبواری تیۆریەوە، روانگەیەکی لیبراڵی هەبوو و چالاکانە بەشداری باسوخواسە ئەخلاقیەکانی رۆژانەی دەکرد. باس وروژێنەرترین مەسەلەی کۆمەڵایەتی لە ساڵەکانی بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم لەبەریتانیا، بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لەسەرکردایەتی ئامیلین پانهۆرست بوو، کە چەندین جار بە هۆی هەڵوێستەکانیەوە زیندانی کرابوو. لەسەردەمانێکدا کە دەربڕینی وەها بۆچوونێک، دەبووە هۆی پەراوێزخرانی کۆمەڵایەتی، راسڵ بوو بە لایەنگری مافی دەنگدانی ژنان. لەساڵی 1907دا تەنانەت لەخەباتی بۆ هەبوونی مافی دەنگدانی ژنانو بازرگانی ئازاد، لە هەڵبژاردنی خولی نیوەی ویمبلدۆندا خۆی بۆ نوێنەرایەتی پەرلەمان کاندیدکرد. ئەم هەنگاوەش بووە هۆی نانەوەی توڕەیی و بارگرژی لەسەرتاسەری وڵاتدا، بەر لە هەڵبژاردنەکە چەندین هێرش کرایە سەریو سوکایەتی پێکرا.( ژنان

لەبەریتانیا تا ساڵی 1918، دوو ساڵ بەر لەئەمریکا مافی دەنگدانیان نەبوو.)
سەرباری ئەم شکستە، راسڵ درێژەی بە رۆڵی چالاکانەی لەسیاسەتو خەبات بۆ پارتی لیبراڵدا- هەر لێرەدا یەکەم جار لیدی "ئاتۆلین مۆرۆل"ی بینی، کە هاوسەرەکەی ئەندامی لیبراڵی پەرلەمان بوو.

بە پێچەوانەی باو، هەرچی راسڵ تەمەنی دەچووە سەر لەبنەماکانیدا رادیکاڵتر دەبوو. لەخولانەوەی سەدەدا رێگای بە خۆیدا لەگەڵ شەپۆلی نیشتمان پەروەری ئیمپریالیستی، هاورێ لەگەڵ جەنگی بوئرەکان پێشبکەوێت، کە تێیدا سوپای بەریتانیا شکستی بەکۆچبەرانی هۆڵەندی لەباشوری ئەفریقا هێنا. لەساڵی 1914دا کە جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد، تەمەنی 42 ساڵان بوو بنەما لیبراڵیەکانی خۆی عەقڵانی کردبوو. رایگەیاند هیچ پاساوێک بۆ جەنگ نییەو چەندین خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانەی رێکخست، کە بە هۆیانەوە خرایە ژێر فشارەوەو پیشەی مامۆستایەتی لە "ترینیتی کۆلێژدا لە دەستدا.

بەڵام راسڵ کەسێک نەبوو، کە بە لەدەستدانی پیشەکەی واز لەبنەما فیکریەکانی بهێنێتو خۆڕاگری کرد. ساڵی 1918 سزای شەش مانگ زیندانی لەزیندانی بریکستۆندا بەسەردا سەپێنرا. پێشوازی لەو قۆناغی گۆشەگیرییەکرد، چونکە لە کارکردن دوریدەخستەوە و دەرفەتی ئەوەی پێدەدا، خەریکی نوسینەوەی فەلسەفە بێت. دەرئەنجامی کۆتایی ئەو گۆشەگیریەش شیکاری زەین بوو، کەتێدا بەو ئاکامە گرنگە گەیشت، کە جیاوازی لەنێوان جەوهەرو زەیندا نییە. مادە زەینیتر و زەین مادەییتر لەوە بوو کە بەشێوەی گشتی وێنا دەکرا. ئەمانە پێدەچێت "کارکردی" مادە بووبێتن "بەڵام تۆخمە ساکارە گەردیلەییەکان" لەزەینیشدا وێنادەکران - گریمانەیەک کە تا ئەوکاتەی جیاوازی لە نێوان زەین و مادەدا بوونی هەبوو، مومکین نەبوو. ئێستا زەین نەک هەرجۆرێک تۆخمی خاوەن بیرۆکە پێدراوەکانی وەردەگرت،

بەڵکو جۆرێک ساختەی ئەم پێدراوە هەستیانەو "تۆخمە ساناکان" (وەکو ئایدیا دەرهەستەکان، ژمارەکان و هتد) لەقەڵمەدەدرێت. ئەو شتەی کە زیاتر وەکو زەین وێنادەکرێت، لەئێستا لەشتێک پێکدەهات، کە پێشتر مادەو هەستە ئەفلاتونییەکان لەدەرەوەی ئەو وێنادەکران. ئاتۆلین بە تەواوەتی پشتیوانی لەخەباتی دژە جەنگی راسڵ دەکرد، بەڵام خۆشەویستی شاراوە لەپەیوەندیەکانی ئەواندا، وایلێهاتبوو کە ببوون بە هاوڕێی زۆر نزیکی یەکتر. باوەڕ لیبراڵەکانی راسڵ ئەوی بەرەو بەرگریکردن لەخۆشەویستی ئازاد بردبوو، بەڵام تەنها لەوکاتەدا بوو، کە خەریکبوو بە کردەوەی دەردەهێنا. (سەردەمی بێ بەندوباریەکەی دوای بەجێهێشتنی ئالیس پێدەچوو زنجیرەیەکی شیفتە و شەیدای هەنوکەیی سەرچاوەگرتوو لەخۆڕانەگری هەوەسبازانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەرجۆرە روانگەیەکی ئەخلاقی بووە.) پەیوەندیەکی هەبوو، بە تایبەت لەگەڵ کولت ئۆنیل ئەکتەری بیستو یەکساڵ تەمەن، کاترین مەنسفێلد نوسەر، ڤیۆین ئالیوت، یەکەمین هاوسەری تی.ئێس. ئالیوتی شاعیر کە توشی ناجێگیری دەرنی ببوو. بەڵام لە 1919دا چاوی بە دۆرا بلک کەوت، ژنێکی بیستوپێنج ساڵەی سەربەخۆ، کە پایپی دەکێشاو لەزمانە مۆدێرنەکانی کەمبریجدا بڕوانامەی باڵای وەرگرتبوو. دۆرا ستایشی هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی راسڵی کردبوو، بەڵام ئەوی بە هارتری دێوانە ئاسا لە ئالیس لەسەرزەمینی نامۆدا دەشوبهاند (هەڵسەنگاندنێکی هۆشمەندانە، کە زیاتر لەیەک کەس پێیگەیشتبوو). لەگەڵ راسڵ باسی توندوتیژیان پێکەوە دەکردو سەرباری ئەوەش هەردووکیان باوەڕی قوڵی خۆیان بەهاوسەرگیری راگەیاند. دۆرا فیمینیستێکی رادیکاڵ بوو، کە دەیوت ئامانجی لەژیاندا خستنەوەی منداڵە. چونکە لەوەها پەیوەندیەکدا جێگەیەک بۆ باوک نامێنێت، منداڵەکان تەنها لەلایەن دایکەوە بەخێودەکرێن. راسڵ وەڵامی دەدایەوە: " باشە، بەڵام تۆ ئەوکەسەنیت کە من منداڵم لێیدەبێت."

رەنگە حاشاهەڵنەگر بووبێت، کە ئەوان پێکەوە هاوسەرگیری بکەن، بەڵام ئەوە تا دوو ساڵی تر رووینەدا. بەدرێژایی ئەم ماوەیە پێکەوەبوون هەردووکیان بۆ بینینی روسیای بەڵشەفیکی سەردانی ئەو وڵاتەیان کردبوو. کاتێک لەساڵی 1917دا شۆڕش بەرپابوو ئەو بڕوایە لەراسڵدا شکڵیگرت، کە رەنگە سەرئەنجام کۆمەڵگەیەکی راستەقینە لەشوێنێکی ئەم دونیایەدا پێکهاتبێت. بەهیوایەکی مەزنەوە وەکو ئەندامی لیژنەی نوێنەرایەتی پارتی لیبراڵ، کە زۆربەی ئەندامەکانی خۆیان بە زیاراتکارانێک دەزانی، کە دەچن بۆئەوەی شایەتی قۆناغێکی نوێ بن، گەیشتە روسیا. بە بۆنەی ناوبانگی فەلسەفی راسڵەوە، پێشبینی دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ لینینی بۆ دەکرا. فەیلەسوفی بەریتانی هیچ کاریگەریەکی لەرابەری شۆڕش وەرنەگرت و ئەوەی کە بەهۆی کاریگەریەکانی شۆڕشەوە، بەتایبەت لەنێوان جوتیارانی برسیدا لەناوچە گوندنشینەکان بینی، تووشی سەرسامی کرد. دۆرا، کە لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی تردا سەفەریکردبوو و لینینی لەکاتی پێشکەشکردنی وتەدا لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا بینی، بەشەیداییەوە گەڕایەوە. راسڵ دەستبەجێ دوای گەشتەکەی تیۆری و زانستی بەڵشەفیزمی نوسی، کە لۆمەی ئەو شتانەبوو و بینیبووی، ئەوەش جۆرێک لە نەفرەت و بێزاربوونی بەرامبەر بە راسڵ لەناو کۆڕ و کۆمەڵە چەپڕەوەکانی بەریتانیادا دروستکرد. زۆربەی دیدارکەران کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەوەی، کە بینیبوویان – یان تەسەوەریان دەکرد بینویانە. ئێچ. جی. ڤێلز کە هەر ئەوساڵە سەردانی روسیایکرد، لەگەڕانەوەیدا زنجیرە وتارێکی بەشەوقو زەوقی لەساندی ئێکسپرێسدا نوسی. جۆرج بێرنارد شۆ، کە لە لوتکەی پاکسازیەکانی دەیەی 1930دا سەردانی روسیایکرد. ستالینی بە پاپا و روسیای بە ” خەونێکی شاد و بەشکۆ“ بەراورد کرد. راسڵ بۆ هەمیشە رادیکاڵ مایەوە، بەڵام پێداگری لەسەر وتنی حەقیقەتی ئەوەی کە بینویەتی دەکردەوە. لەئەنجامدا بە درێژایی

تەمەنی درێژی یارانێکی سیاسی کەمی مایەوە، بەڵام مشتومڕە گەرمەکانی لەگەڵ دۆرا بلک سەبارەت بە روسیای بەڵشەڤیکی ئەوانی لەیەکتر نزیک کردەوە و لە سێپتەمبەری ساڵی 1921دا هاوسەرگیریان کرد، دوای شەش رۆژ دۆرا یەکەم منداڵی راسڵی هێنایە دونیاوە، کوڕێک کە بەیادی رۆمان نوسی گەورەی پۆڵەندا ناوی کنرادیان لێنا.

دۆرا هەستیدەکرد کە هاوسەرگیری کردنی خیانەتێکی گەورەیە بە باوەڕەکانی. راسڵ دوودڵ بوو. دەترسا ناشەرعی بوون - وەکو پەڵەیەکی گەورە لەو سەردەمەدا ببێتە هۆی ئازاردانی کنراد بەرامبەر بە دایک و باوکی. راسڵ بە پێشبینی کردنێکی نائاسایی دەیبینی کە هاوسەرگیری نەکردنو هەبوونی منداڵێکی ناشەرعی، دۆزینەوەی پیشەیەکی زانکۆیی دژواردەکاتەوە بۆی. هەڵوێستی ئاشتیخوازانەو چوونە زیندان، ئەوی کردبوو بە تۆخمێکی ناباو لەکۆڕو کۆمەڵە زانکۆیەکانی بەریتانیادا. خۆشبەختانە ناوبانگە نێودەوڵەتیەکەی ئیمکانی سەفەرگەلێکی بۆ وتارخوێندنەوە لەئەمەریکا بۆ دەڕەخساند، بەڵام لەگەڵ خۆشەویست و منداڵە ناشەرعیەکەیدا نەبوو. راسڵ بۆ بەدەستهێنانی داهاتی پێویست درێژەی بە نوسینی کتێبی سادەو رەوانی فەلەسەفیو مەسەلەی رۆژدا، هەروەها لەگەڵ لۆرا بە بەردەوامی مەقالەیان بۆ رۆژنامەکان دەنوسی، تا ئەوەی کە دۆرا منالی دووەمی بوو، کە ئەمجارەیان کچێک بەناوی کاترین بوو.

لەئێستادا پرسی خوێندنی منداڵەکان لەئارادا بوو. راسڵەکان وەکو رۆشنبیرانێک بە باوەڕی پێشکەوتوانەوە، دژی هەرجۆرە خوێندنێکی باو بوون. بەم پێیە ئەوەیان بە گونجاو زانی، کە خۆیان قوتابخانەیەک دامەزرێنن، بۆ وەرگرتنی خوێندکارانێک، کە دایک و باوکیان هاوباوەڕی خۆیان بوون و بانگەوازێکیان بڵاوکردەوە. قوتابخانەی " بیکن هێل" کە دەکەوێتە ناوچەی ساری نزیک پترزفێڵد، لەسێپتەمبەری 1927دا کرایەوە. لەدەفتەری

ڕێنوێنی قوتابخانەکەدا نوسرابوو، خوێندکاران شەو و ڕۆژ وەک ئەندامانی خانەوادەیەکی گەورەی دێرین پەروەردە دەکرێن، وانەکان زۆرەملێ نین‌و خوێندکاران ئازادن لەناو حەوشەی قوتابخانەدا بگەڕێن. لە بری ڕێکوپێکی، ئامۆژگاری دەکرێن سەبارەت بەگرفتەکانیان لەگەڵ ئەنجومەنی قوتابخانە قسە بکەن، لەو کۆبوونەوانەدا فەرمانبەرانی قوتابخانە کەمینەن و دەنگی کەمتر لە خوێندکاران ئەوانیش ، بڕیارەکانی ئەنجومەن دواتر جێبەجێدەکران، تەنها لەحاڵەتێکدا، زۆرینە دەنگیان بە سڕینەوەی گەڵای هەڵوژە لەناو بەرنامەی خۆراکیەکەیانداو دۆرا ئەو بڕیارەی ڤیتۆ کرد، چونکە گەڵای هەڵوژە بۆ تەندروستی پێویست بوو.

ئەنجامی وەها ریجیمێکی خواردن حاشاهەڵنەگر بوو. منداڵەکان لەزەتیان لێدەبرد و لەراستیدا فەرمانبەرەکانیش. وێنەیەکی راسڵ ماوە کە قات‌و ریباتی لەبەردایەو لەسەر قادرمەیەک دانیشتوەو منداڵێکی لەباوەشدایەو ژمارەیکی دیکە لە منداڵەکانیش لەپەنایدا وەستاون‌و هەموویان سەروسیمایەکی شێواویان هەیە، بەڵام هەموویان شادن. بزەیەکی پڕ لەموحیبەت کە لەسەر لێوانی راسڵە ، رەنگە ئەمە شادترین وێنەی راسڵ بێت.(ناتوانرێت لەتێڕامانی دەروونناسانەی ئەو خۆ بە دور بگرین) بەداخەوە گوایا لەبواری راهێنانی وانەییەوە، کارێکی وەها نەکرا، بە تێپەڕبوونی کات منداڵەکان جەسورتر بوون. هەڵبەت پێویستە ئەوەشمان لەبیر بێت، کە قوتابخانە بە خێرایی بووە شوێنێک بۆ پاکسازی منداڵە سەرکێشەکان، منداڵە هاروهاجەکانی خانەوادە دەوڵەمەندەکان و ئەو منداڵانەی کە نەگونجاو بوون، زۆربەیان لەقوتابخانەکانی دیکەوە دورخرابوونەوە. ئەم منداڵە پڕزەحمەت‌و دەردی سەرەی، کە زۆربەیان لەتەمەخواردوی 3 بۆ 12 ساڵان بوون، ئازادی خوازبوونی راسڵەکانیان دەقۆستەوە، لەهەمانکاتدا باسکردن لەگەڵ منداڵانی هەشت ساڵان، سەبارەت بە سودەکانی هەڵوژەی وشک بۆ یەکێک لەبەرجەستەترین

فەیلەسوفەکانی جیهان، کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو، چونکە گومانی تێدا نییە، کە راسڵ هەر ئەمە مایەوە (واتا فەیلەسوف، نەک هەشت ساڵان).

هاوکات ویتگنشتاین دەسنوسێکی لەبەرهەمێکی خۆی، کە خەریکی نوسینی بوو رەوانــەی "ترینیتی کۆلێژی" کەمبریجی کـرد. بۆئەوەی دایمەزرێنن. ئەوی دەستبەجێ بۆ راسڵ نـارد، کە تەنها فەیلەسوفێک بوو، توانای داوەریکردنی سەبارەت بە گرنگی ئەو نوسراوەیەی هەبوو. ویتگنشتاین دواین بەرهەمی راسڵی بە "هێڵنج" وەسفکردبوو، بەڵام راسڵ ئەرکی بێبەرامبەرو تاقەتپڕوکێنی نوسراوەیەکی نارۆشنی ویتگنشتاینی گرتە ئەستۆ.. ئەو خۆیی دوور دەزانی لەو رێڕەوە فەلسەفییەی، کە شاگردەکەی پێشووی گرتبوویەبەر، سەرباری ئەوەش بەرزەفڕانە دانی بەوەدا نا، کە بەرهەمە نوێیەکەی ویتگنشتاین "زۆر رەسەن و گرنگە". ئەو هەڵوێستەش بووە هۆی وەرگرتنی ویتگنشتاین. نامەی سوپاس و ستایش نەگەیشتە "بیکن هێڵ".

لەساڵی 1931دا، فرانکی براگەورەی راسڵ کۆچی دوایکرد، ئەو نازناوی بنەماڵەیی بە میراث بردو بوو بەسێهەمین ئارل راسڵ. فرانک پاشەکەوتی دارایی خانەوادەکەی بەتەواوی بەبادابوو، ئەوەش واتای ئەوەبوو کە راسڵ جگە لەنازناوی خانەوادەیی قەرزەکانی براکەشی، کە بریتی بوون لەپێدانەوەی ساڵانە چوارسەد پاوەن نەفەقەی یەکێک لەدوو هاوسەرە تەڵاقدراوەکەی فرانک وەکو میراث بۆی مابووەوە. چوار ساڵ دواتریش، لۆرد راسڵی نوێ بەتەڵاقدانی ژنی دووەمـی لاسایی پێشینانیکردەوە. هاوسەرگیریەکەی لەگەڵ دۆرا لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای لیبراڵی بەرز، بەڵام بە هەڵسوکەوت نزم بوو. سەرەنجام راسڵ تێگەیشت، کە ناتوانێت ئەم بەرزەفڕییە دوای ئەوەی کە لیدی راسڵ منداڵی دووەمی بوو، سەرباری خۆشەویستە جوانە ئەمەریکیەکەی رابگرێت. ساڵێک دواتر خۆشباوەڕی

بەسەر ئەزموندا سەرکەوتو راسڵی شەستو سێ ساڵان لەگەڵ سکرتێری بواری توێژینەوەکەی، کە تەمەنی بیست و پێنج ساڵان بوو و هاوشێوەی ئاتۆلین قژێکی زەردو خاوی هەبوو وەکو دۆرا پایپی دەکێشا، هاوسەرگیری کرد.

دوو ساڵ دواتر راسڵ سەردانی ئەمەریکای کرد و لەوێدا کۆمەڵێک پلەو پایەی زانکۆی بە هۆی وتارە گشتیەکانیەوە سەبارەت بە بابەتگەلێکی وەکو کۆنترۆڵکردنی زاوزێ و خۆشەویستی ئازاد لەدەستدا. لەو سەردەمەدا پەیوەندی سێکسی ئازادانە هێشتا لەبەریتانیا بوونی نەبوو و زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکا لەم بارەیەوە دەمارگرژتر بوون. کاتێک جەنگی جیهانی دووەم لەساڵی 1939دا لەئەوروپا دەستیپێکرد، راسڵ لەئەمریکا خۆی بەشکستخواردو لەقەڵەمدا. لەسایەی میواندارى هاورێیانی ئەمەریکایدا کارێکی دۆزیەوە، کە بەنوسینی مێژووی فەلەسەفەی خۆرئاواوە خەریکیکردو لە کۆتاییدا هەشتسەد لاپەڕە دەرچوو، ئەو بەرهەمە دڵخواز، خۆسەر و قسەخۆش و بێتوێکڵە، بوو بەکتێبێکی پڕفرۆش و ئەوی لەبورای داراییەوە رزگار کرد. ئەو کتێبە وەکو باشترین بەرهەمی یەک بەرگی لەبابەتی خۆیدا، تا ئەمڕۆش بە بەردەوامی لەچاپدەدرێتەوە. دەرئەنجام فەیلەسوفە شارەزاکان بە بەردەوامی بە خراپە باسیدەکەن (ئەگەر ئەم کتێبە لەسەرەتادا خوێندکارانی هاننەدەدا، کە ئەم بەشە هەڵبژێرن زۆربەیان بێکاردەبوون).

لەساڵی 1944دا راسڵ گەڕایەوە بەریتانیاو دووبارە بووەوە بە ئەندامی "ترینیتی کۆلیژ"ی کامبریج.

هەموو شتێک بەخشرابوویەوە، ئەو ئێستا حەفتاو دوو ساڵان بوو و بە ئەستێرەی نیشتمانی ناوبانگی دەرکردبوو. کتێبەکە بەناو خەڵک پەسەندەکانی لەفەزای کراوەو گەشەپێدراوی بەریتانیادا، دوای جەنگ بەکردەوە بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێدەکرا. بە بەردەوامی

لەرادیۆش قسەی دەکرد. لەو رۆژگارەدا کە وانای فرەبێژی بەنەواوەتی دەرک نەکرابوو، بە کەسایەتییە بەرجەستەکان، زیاتر لەپێنج خولەک کات دەدرا بە بێ مزاحمبوونی ریکلام و پێکەنینە تۆمارکراوەکان، یان بێژەرە فرەبلێ و قسە خۆشەکان. راسڵ رێگەی پێدەدرا قسەکانی بە شێوەیەکی سادەو رەوان، کە هەمووان لێیتێبگەن پێشکەش بکات. ساڵی 1950 خەڵاتی نۆبلی بە رواڵەت لە ئەدەبیاتدا، بەڵام لە راستیدا وەکو"پێشەوای مرۆڤایەتی و ئازادی رادەربڕین" وەرگرت.

ئەگەرچی راسڵ ستایشکردنی پێخۆش بوو، چ لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە، یان بەگشتی لەلایەن خەڵکەوەبێت. دۆخی زەینی ئەو رێگەی نەدەدا ئەم خۆشەویستیە بۆ ماوەیەکی زیاتر بپارێزێت. بە زوویی هەلێکی بۆ رەخسا، بۆئەوەی ئەو دۆخە بگۆڕێت. جیهان بەرەو بەستوترین قۆناغی جەنگی سارد دەچوو و لەساڵی 1954دا راسڵ بەیاننامەیەکی هاوبەشی لەگەڵ ئەنیشتاین ئیمزاکرد سەبارەت بە دەرەنجامە ئەتۆمیەکانی جەنگی جیهانی سێهەم هۆشداریاندابوو، کە لەو سەردەمەدا نزیک ببووەوە. دوو ساڵ دواتر بە بەشداری زۆربەی فیزیاناسانی بەناوبانگی جیهان کۆنگرەیەک لەپوگواش نۆڤا سکۆتا بەڕێوەچوو و لەوێدا داوا لەسەرکردەکانی جیهان کرا، خۆیان لەجەنگی جیهانی بپارێزن. راسڵ یەکێک لە بەڕێوەبەرە سەرەکیەکانی ئەو کۆنفرانسە بوو، بەڵام لەتەمەنی هەشتاوچوار ساڵیدا، پەککەوتوتر لەوەبوو، کە خۆی بتوانێت بەشداری تێدابکات، سەرباری ئەوەش، ساڵێک دواتر خەباتێکی بۆ لەچەک داماڵینی ئەتۆمی لەبەریتانیا رێکخست. بە گوێرەی باو، بەچوونە سەرەوەی زیاتری تەمەنی شەڕانیتر دەبوو. لەساڵی 1960دا بە پەیرەویکردن لەگاندی، بزوتنەوەی یاخیبوونی مەدەنی، لەدژی چەکی ئەتۆمی رێکخست، ساڵێک دواتر لەمانگرتنێکی دانیشتن لەسەرشەقامدا و لەگۆڕەپانی ترافالگاری لەندەن دەسنگیرکرا. دواى مەودایەکی چل و سەد

ساڵە، بۆ ماوەیەکی کورت گەڕایەوە زیندانی بریکستۆن.

راسڵ کە پێینایە 90ساڵیەوە شەڕانیتر بوو. لەکۆتاییەکانی دەیەی 1960دا بوو بە پێشەنگی نەیارانی نێودەوڵەتی مانەوەی ئەمریکا لەڤێتنامدا، لەخۆپیشاندانەکانو کۆنگرەکانی ئاشتیدا بەشداریدەکرد. لەو کاتەدا شیکردنەوەو بارودخی ژیانی لە سێ بەرگدا زۆر راشکاوانە نوسی (ئەگەرچی، بیۆگرافیا نوسانی دواتر بە خۆشحاڵیەوە ئاماژەیان بەشاردنەوەی هەندێک لەبەسەرهاتەکان دەدا). کە لە کۆتایەکانی تەمەنی نزیک دەبـووەوە، هێشتا وەفادار مایەوە بەرامبەر بەو سێ بنەمایە کە بۆ ساڵانێکی دورودرێژ گرتبوویەبەر. " ئاواتی عەشق، پەیجۆری زانست، دڵسۆزی تاقەتپڕوکێن لەبەرامبەر ئازارەکانی مرۆڤایەتیدا." بێرتراند راسڵ لەساڵی 1970 لە نەود و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

## رەخنەو سەرنجەکان

دەتوانین ماتماتیک وەکو باسێک پێناسە بکەین، کە تێیدا نەدەزانین قسە لەچییەوە دەکەین و نەدەزانین ئەوەی کە دەیڵێین راستە یان نا.

-راسڵ، رادەربڕین سەبارەت بە ماتماتیک

پەیجۆری و هیوای راسڵ بەوەی کە بەپێناسەی دڵنیایی ( هاوتای دۆزینەوەی دڵنیایی دایک و باوکی) دەگەیشت، تەنهاییەکەیی هاوسەنگ دەکرد. پێدەچوو ئەمە مانای دەروونناسی دوورەپەرێزی ئەو لەخۆکوشتن بوویێت، سەرەتا لەتازەلاویدا و دواتر دوای ئەوەی بێهیوا بوو بەرامبەر بە هاوسەرەکە، چونکە هیواداربوو بەوەی کە تێگەیشتنی بیرکاری گەشە پێبدات، تا بگاتە دڵنیایی.

-بۆن - ئامی شارفشتاین، فەیلەسوفەکان و ناوەڕۆکی بیرکردنەوەیان. پیکاسۆی فەلسەفەی نوێ.

–وەسفکردنی راسڵ لەلایەن ئەییر، پێشەوای بەریتانی پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی ..... راهێنانی بەئابڕوانە لەفەلسەفەی مۆراڵیدا، بەڵام بە بێ خوێن و ژیان. وەکو

ئەوەی قسە لەپێوانەی ژمارەیەکەوە دەکات، کە بەئاڕاستەیەکی تایبەتدا دەڕوات نەک لە مرۆڤەکان.

–ئایزیا بێرلین، سەبارەت بە نامیلکە خەڵکە پەسەندەکانی راسڵی هێڵج.

–ویتگنشتاین لە هەمان بواردا مەکینەکان و مەیلە سێکسیەکان دەکوژن، یان مەیلە سێکسیەکان مەکینەکان دەکوژن؟

– راسڵ، لە نامیلکە گوماناویەکاندا

"سەگ"، "بەرەڵا"، "تابوری پێنجەمی"، کۆمۆنیستی تابلۆ".

–شیکردنەوەیەک لەراسڵ لەبڵاوکراوەکانی ئەمەریکا، دوای وتارە ئازادیخوازەکانی لە 1940

... ئەو گورگە، فەلسەفە رێسە، کە جلە ئەسموکینگەکانی سروشتە ئاژەڵیەکان دڕندانەیەکانی دادەپۆشێت.

نەفرەت، کوشتن، پارچەپارچەکردنی یەکتری، ئەمانە بە بۆچوونی من بنەمای مۆراڵی سیاسییە، کە ئەم دڕندەیە بە ناوی فەلسەفەوە ئامۆژگاری دەکات.

–وەسفکردنی راسڵ لەرادیۆی مۆسکۆ دوای بڵاوبوونەوەی یەکێک لەوتارەکانی ئەو بە زمانی روسی لەتۆڕی دەرەکی بی بی سییەوە منداڵان دەچنە قوتابخانە لە ژێرکاریگەری ئەو باوەڕەدا، کە مافی ئەوەیان هەیە شادبن... ئەم لادانە لەئایینی حەقیقی، نکۆڵی کردن لە خود و سەردانەواندنە.

– باوکی رۆحانی ئێدوارد لینلتۆن، بەڕێوەبەری پێشووی ئیتۆن.

دژی بنەما پەروەردەیەکانی راسڵ

لە وتاربێژیەکی گشتیدا، راسڵ رایگەیاند، کە ناتوانێت بەبێ دەرەنجامی کارەساتبار، رێساکانی بیرکاری پێشێل بکات. ئەگەر راڤەکاریەکی بیرکاری بە هەڵە پێشکەشبکرێت، دەتوانرێت هەمووشتێک بسەلمێنرێت. لەم ساتەدا کەسێک لەناو جەماوەرەکەوە قسەکانی پێبڕی و وتی: "کەواتە ئەگەر دوو کەرەت دوو ببێتە پێنج، ئەوا دەبێت بیسەلمێنیت، کە من پاپام، بیسەلمێنە!"راسڵ بە بێ راوەستان وەڵامیدایەوە: "کەواتە ئەگەر دوو کەرەت دوو پێنج بێت، لەم حاڵەتەدا چوار یەکسانە بە پێنج. لە هەر لایەک سێدانە کەم بکەینەوە دەبێتە یەک یەکسانە بە دوو. تۆ و پاپا دوو کەسن، بەم پێیەش ئێوە یەکێکن."

**سەرچاوە:**


اشنایی با بێرتراند راسڵ پل استراترن

ترجمه ی کاظم فیروزمند

ویرایش: تحریریه ی نشر مرکز

اجرای گرافیک طرح جلد: نشر مرکز

چاپ اول -1389 شماره ی نشر-965 3000 برگ - چاپ منصوری

شابک: 6-069-213-964-978

نشر مرکز: تهران - خیابان دکتر فاطمی - روبروی هتل لاله - خیابان باباطاهر - شماره ی 8

تلفن: 3-88970462 فاکس: 88965169

# رۆژمێری رووداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| سەدەی شەشەمی پ. ز. | سەرەتای فەلسەفەی رۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. |
| کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. | مردنی فیساگۆرس. |
| 399 پ. ز. | سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. |
| 387 پ. ز. | ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 335 پ. ز. | ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی رکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 324 ز | کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. |
| 400 | ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. |
| 410 | تاڵانکردنی رۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. |

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کڵێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنز. | 1716 |

| سالّ | زانیاری |
| --- | --- |
| 1739 | هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. |
| 1781 | کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. |
| 1807 | هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. |
| 1818 | شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. |
| 1889 | کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. |
| 1921 | ویتگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. |
| دەیەی 1920 | بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەوڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. |
| 1943 | سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەڕێدەخات. |
| 1953 | بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی ویتگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی   فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعيط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |